وزارة الاعلام
دار التضامن للطباعة والنشر الكردية
بغداد شارع الجمهورية - ساحة الخلاني
هاتف ٦٨٣١١ ، ٦٨٣١٢ ، ٦٨٣١٣

٨ لاپەڕە
نرخی
٢٥ فلسە

هاوکاری

لە
دارالحریة
چاپ ئەکرێ

رۆژنامەیەکی هەفتانەی گشتیە
لە دەزگای هاوکاری چاپ و بلاوکردنەوەی
کوردی دەرئەچێت

HAWKARI Tel - 68311 68312, 68313.

ساڵی ١٩٧٠ دامەزراوە

ژمارە (٢٨١) ٢٢-١٩٧٥/٨/٣٠

ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش سەربازە خۆونکردوو دواکەوتوەکانی بەخشی

هەڤاڵ صدام سەرپەرشتی کۆبوونەوەیەکی گرنگی لیژنەی باڵای بەرەی نیشتمانی کرد

وتووێژی عیراق و یەمەنی خوار و دەستی پێکرد



رۆژی پێنج شەممەی وەفدێکی لەگەڵ پێك هاتوە لەم رابوردوو ٢١ - ٨ لەسەر داخوازی سەرکۆمار مهیب کاك احمد حسن بکر ، مقدم ابراهیم حمدی سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی لە کۆماری عەرەبی یەمەن لەگەڵ وەفدێك دا بە سەردانێکی رەسمی کەسێ رۆژ ئەخایەنێ هات بۆ بەغدا •

وە لە فرۆکەخانە ، لە کاتی گەیشتنیدا ، لەلایەن سەرۆك احمد حسن بکرو بەرێز ئەندامانی سەرکردایەتی شۆڕش و وەزیران و سوپا سالارو جێگری وەزارەتی دەرەوەو سەرۆکی دەزگای ناوەندی و محمد خادم وجیە وەزیری کشتوکاڵ و احمد رفسی سکرتیری سەرۆکایەتی کۆمار ومقدم علی منصور پارێزگای (بیضاء) و چەند لێپرسراوێکی تر •

وەفدێکی لەگەڵ پێك هاتوە لەم بەرێزانە :-

قازی عبدالله احمد حجری سەرۆکی لیژنەی بەرزی هێزی چەکدارو عبدالله حسن برکات جێگری کاروباری ناوخۆیی سەرەك وەزیران و عبدالله اصنج وەزیری دەرەوەو عبدالله حمود حمران نوێنەری تایبەتی مقدم حمدی و محمد سالم باسندوە راوێژکاری سیاسی و احمد عبدە سعید وەزیری دەولەت و دکتور عبدالکریم ایریانی وەزیری گەشەکردن و سەرۆکی دەزگای ناوەندی و محمد خادم وجیە وەزیری کشتوکاڵ و احمد رفسی سکرتیری سەرۆکایەتی کۆمار ومقدم علی منصور پارێزگای (بیضاء) و چەند لێپرسراوێکی تر •

ئاەدع

سوربون و زورتر تێکۆشان لە پێناوی گۆڕینی کاری بەرەیی دا لە هەموو رویەکەوە بەهێز کردنی بنچینەی پەیوەندیەکانی بەرە

● چەند بڕیارێك لە بارەی پێك هێنانی لیژنەیەکەوە بۆ پەیوەندی کردن لەگەل هیزە شورشگیرە عەرەبیەکاندا بۆ باس کردنی چونیەتی گیرو گرفت و بابەتی تر بۆ خۆش کردنی زەمینەی چاو پێکەوتن لەگەل جەماوەری ناوچەکەی ژوروودا •

● سوربون و زورتر تیکوشان لە پێناوی گورینی کاری بەرەیی دا لە هەمو رویەکەوە وە هیز کردنی بنیچنەی پەیوەندیەکانی بەرە •

ئێوارەی ١٩-٨ هەڤال صدام حسین سەروکایەتی کوبونەوەی لیژنەی باڵای بەرەی نیشتمانی و ناتەوەیی پیشکەو تنخوازی کرد لەوکوبونەوەیەدا باسی بەرنامەی کاروبار کرا ، هەروەکو بڕیاردرا کە زورتر هەول بدەن بو گورینی کاری بەرەیی و گەشەپیدانی لە هەمورویەکەوە وە بنچینەی پەیوەندیەکانی بەرە بەهێز تر بکەن •

هەروەکو لیژنەی باڵا باسی چونیەتی و گیروگرفتی باری عەرەبی و دەولەتانی کردوە •

چەند بڕیارێکیان دەرکرد لە بارەی پێك هێنانی لیژنەیەکی بەرەیی یەوە بۆ سەردانی ناوچەی ژورو بۆ چاوپی کەوتن و گفتوگۆ کردن لەگەل جەماوەری فراوانی ناوچەکەدا •

هەروەها بڕیاریان دا کە لیژنەیەکی تر پێك بێنن کە پەیوەندی بەریکخراوەو هیزە شورشگیرەکانی نیشتمانی عەرەبەوە بکات بۆ باس کردنی گیروگرفت و باری ئیستای عەرەب •

ئەم کۆبونەوەیە سێ سەعاتی خایاندوە •

ئاەدع

بڕیاری ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش

هەفتەی رابوردوو ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرش ئەم بڕیارە نوێیە بایەخ دارەی خوارەوەی دەرکرد :-

بڕیارە ژمارە - ٨٢٨

بەناوی گەل

ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرش

بەپێی ناوەرۆکی بڕگە (أ)ی بەندی چل و دووی دەستوری وەختی ، ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لە کۆبونەوەی رێککەوتی ٣-٨-١٩٧٥ ئەم یاسایەی دەرکرد :

یاسای ژمارە (١٢٢)ی ساڵی ١٩٧٥ یاسای بەخشینی گشتی خۆون کردوو دواکەوتوەکان

بەندی یەکەم :

ئەمانەی خوارەوە لێ بوردنی گشتی ئەیانگرێتەوە :

یەکەم : ئەو عەسکەریانەی تاوانی خۆون کردنیان کردوە کە لە هەردوو بەندی (٥٧) و (٦٩)ی یاسای چاککراوی سزای عەسکەری ژمارە (١٣)ی ساڵی ١٩٤٠دا هاتووە •

دووەم : ئەو عەسکەری و (مکلف)انەی تاوانی دواکەوتنیان کردوە کە لە بەندی (٤٠) و (٤١) و (٤٤) و (٤٨) و (٤٩)ی یاسای چاککراوی خزمەتی لەشکری ژمارە (٦٥)ی ساڵی ١٩٦٩دا و لە هەردوو بەندی (٢٩) و (٣٢)ی یاسای پەك خراوی بەرگری مەدەنی ژمارە (٤٠)ی ساڵی ١٩٣٨و هەردوو بەندی (١٩) و (٢١)ی یاسای خزمەتی ئیحتیاتی ژمارە (٧٤)ی ساڵی ١٩٥٦دا هاتووە وکەپێش ١١ی مارتی ١٩٧٤ پەك خرا •

بەندی دووەم :

ناوەرۆکی بەندی یەکەمی ئەم یاسایە ئەو عەسکەریانە ناگرێتەوە کە دوای ١١ی مارتی ١٩٧٤ ئەو تاوانەیان کردوە کە باس کران •

بەندی سێیەم :

ئەو پارانەی پێش دەست پێ کردن و کارکردن بەم یاسایە بەشێوەی سزا ، دراون ، نادرێنەوە •

بەندی چوارەم :

ماوەی خۆون کردن کە ئەم یاسایە ئەیانگرێتەوە بە خزمەت دانانرێت •

بەندی پێنجەم :

ئەبێ وەزیری بەرگری یان ئەوکەسەی رای ئەسپێرێ ، کاروباری پێویست رابپەڕێنێ بۆ بەئاسانی جێبەجێ کردنی ناوەرۆکی ئەم یاسایە •

بەندی شەشەم :

بڕیاری ژمارە (٧٣١)ی ١٢-٧-١٩٧٥ی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش پەك ئەخرێ •

بەندی حەوتەم :

لەگەڵ بلاوکردنەوەی ئەم یاسایە لە رۆژنامەی رەسمیدا ، ئیشی پێ ئەکرێ و بۆ ماوەی (٦٠) شەست رۆژ بەردەوام ئەبێ •

احمد حسن بکر

سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش

لەلایەکی ترەوە ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لە کۆبونەوەی ٣٠ تەمووزی رابوردوودا بڕیاری بەخشینی کورده خۆون کردوو دواکەوتوەکانی لە خزمەتی لەشکردا ، ئەوانەی سەربە تیپەکانی هەلوەشاوەی پاسەوانی سەرسنورن •

ئاەدع

هەڤاڵ نعیم حداد سیمیناری هاوکاری نێوان لاوانی عەرەب و ئەفریقیای کردەوە

ئێوارەی ١٩-٨ هەڤاڵ نعیم حداد ئەندامی سەرکردایەتی قطری پارتی ئاسۆی هاوکاری نێوان عەرەب و ئەفەریقاو بەرەو قۆناغێکی پەرەسە ندوتر پاڵ بنێ •

ئەوەی شایانی باسە لەم سیمینارەدا وەفدی یەکێتی تێکوشانی ناوکۆیی دژی ئیمپریالیزم و زایۆنیزم وکۆنەپەرستی بەتین تر بکات و لاوانی عەرەب و بزوتنەوەی لاوانی ئەفەریقاو فەلەستین و لاوانی جیهان و یەمەن و فیتنام و کوریای دیموکرات و جەزایرو نوگەندەو تانزانیاو یوگوسلافیاو رودیسیاو زائیرو داهومی و خواروی ئەفەریقاو سیرالیون بەشداربوون •

ئاەدع

وە لە سیمینارەکەدا ، کە لە کۆشکی ئاشتی ئەگیرێ ، هەڤاڵ قاسم سلام ئەندامی سەرکردایەتی نەتەوەیی پارتی بەعسی سوشیالیستی عەرەب و هەڤاڵ عبدالحسین رفیعی ئەندامی مەکتەبی پەیوەندیەکانی دەرەوە لە سەرکردایەتی نەتەوەیی و کمال فاخوری بەریوەبەری مەکتەبی قوتابیانی نەتەوەیی و غافل جاسم ئەندامی سەرکردایەتی لقی بەغدا و نوێنەرانی پارتی یە نیشتمانی و رێکخراوە گەلی و ئەندامانی لیژنەورێکخراوەدیپلوماسی یەکان لە بەغدا ئامادە ببون •

هەڤال حداد لە سەرەتای سیمینارەکەدا وتارێکی خوێندەوە تیایدا وتی :-

بە ناوی سەرۆکی فەرمانده خەباتگێر احمد حسن بکر سکرتێری سەرکردایەتی قطری پارتی بەعسی سوشیالیستی عەرەب و سەرکۆمار سلاوتان لێ ئەکەم و لەسەر خاکی شورش و رزگاری بەخێرهاتنتان ئەکەم •

لە قۆناغێکی ناسك دا کە جم و جۆڵی و نەخشەکانی ئیمپریالیزمی تیادا توندتر ئەبێ دژی گەلەکەمان ، سیمینارەکەی ئێوە لە ژێر دروشمی (هاوکاری کۆمەك کردن • یەکخستن)دا ئەگیرێ •• دەبا ئەوسیمینارە بەیەك گەیشتنی بیری و تێکوشان بێ و ئاراستەکانی روو بە روو بوون دیاری بکات و پەیوەندی خەبات کردن لەمەیانی خەباتگێرەکەدا (اسماعیل عبد العظیم اسماعیل و فوزی وهبی و علی مصطفی نزال) خویان گەیاندە (حانیتا) و تیایدا دامەزران •• وە لە سەعات پێنج و نیودا کاتێ دانیشتوانی بەرەو گۆڕەپانی ناوچەکە کەوتنەڕێ •• جەنگاوەران زایونیستەکانیان دایەبەر دەست رێژی شەستیرو چەند کەسێکیان لێ کوشتن و بریندار کرد • ئنجا هێزەکانی دوژمن ناوچەکەیان ئاباڵۆقەداو بەیەکا هاتن تاوەکو سەعات پانزەی پێش نیوە ڕۆژی خایاند •

فیداکارانی فەلەستین پەلاماری هێزەکانی دوژمن ئەدەن

فەلەستینی زەوت کراو : ئاژانسەکان : ئاەدع :

رۆژی ٢٠-٨ فیداکارانی فەلەستین لە جەلیل لە خاکی زەوت کراودا لەگەڵ هێزێکی دوژمن بەیەکدا هاتن •

وە سەرچاوەیەکی زایۆنیزمی دوژمن پێی لێ ناکەفیداکاران لەم بەیەکا هاتنەدا زایۆنیستێکیان بریندار کردوە •

ئاژانسی دەنگوباسی ئەسۆشیتد پریس ئەڵێ :

ئەم هێرشەی فیداکاران لەگەڵ ئەو گەشتەدا دەستی پێ کرد کە هەفتەی کیسنجەری وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا بە ناوچەکەدا ئەیکات •• وە کاربەدەستانی زایونیزم هێزێکی گەورەیان کۆ کردۆتەوەو ناوچەکەیان ئابلۆقە داوە •

بەیاننامەیەکی بەرەی گەلی رزگاری هێنەری فەلەستین دەربارەی ئەم هێرشە وتی :

لەسەر فرمانی سەرکردایەتی عەسکەری بەرە تاقمی جەنگاوەری (جهاد طیراوی) بەرەو ناوچەی (حانیتا) کەوتەڕێ و هەرچەندە کوسپ و هەڵدێرێکی زۆریان لە بەردەمدا بوو بەڵام توانیان بگەنە ئەو نیشانەیەی بۆیان دەست نیشان کرابوو •

وە لەسەرەتای بەیانیدا سێ خەباتگێرەکە (اسماعیل عبد العظیم اسماعیل و فوزی وهبی و علی مصطفی نزال) خویان گەیاندە (حانیتا) و تیایدا دامەزران •• وە لە سەعات پێنج و نیودا کاتێ دانیشتوانی بەرەو گۆڕەپانی ناوچەکە کەوتنەڕێ •• جەنگاوەران زایونیستەکانیان دایەبەر دەست رێژی شەستیرو چەند کەسێکیان لێ کوشتن و بریندار کرد • ئنجا هێزەکانی دوژمن ناوچەکەیان ئابلۆقەداو بەیەکا هاتن تاوەکو سەعات پانزەی پێش نیوە ڕۆژی خایاند •

سەرۆك پێشوازی وەزیری دەرەوەی کرد

سەرۆکومار کاك احمد حسن بکر سەر لە بەیانی رۆژی ٢٠-٨ لە کۆشکی جەمهوری پێشوازی دکتور سعدون حمادی وەزیری دەرەوەی عیراقی کرد بە بۆنەی گەڕانەوەی لە تاران دوای ئەوەی نامەیەکی سەرکۆماری گەیاند بە شای ئێران سەبارەت بە پەیوەندی نێوان هەردوو ولات •

ئاەدع

● **شورشگیرانی عومان درێژەیان بە هێرش دا**

رۆژی ١٧ و ١٨ی مانگ شۆڕشگیرانی عومان دوو جار هێرشیان بردەسەر شوێنەکانی دوژمن لە (فیدون عفیروت) لە بەشی رۆژئاوای زەفار • لەو هێرشانەدا ١١ بنکەی بەرگری هێزەکانی بێگانەیان تێکداو ١٣ کەسیان کوشت و بریندار کرد • رۆژی سێ شەمۆی رابردوو مەکتەبی بەرەی گەلی بۆ رزگاری عومان ٣ ئاگاداری عەسکەری بلاوکردەوەو رایگەیاند کە لەو هێرشانەدا ئوتومبیلیکی عەسکەری و زرێ پۆشێك تێك و پێك دراون •

● **کۆبوونەوەیەك بۆ پشتیوانی لە گەلی بەنگلادیش**

رۆژی ١٩ی مانگ لە سەردەواوای رێکخراوی ئاشتی سەرانسەری هیندوستان ، کۆبوونەوەیەکی بەرین بۆ پشتیوانی و هاوەردی لەگەل گەلی بەنگلادیش و زیندوو کردنەوەی یادی شیخ مجیب الرحمن رابەری خەباتی رزگاریخوازی بەنگلادیش ، لە نیو دەلهی پێك هات • رومیش چاندرا وکۆمەڵێکی زۆر لە پیاوە سیاسی یەکانی هیند لەو کۆبوونەوەیەدا بەشدار بوون •

بەشدارانی کۆبوونەوە دەربارە بڕی کە شیخ مجیب لە نەخشەیەکی بەرینی کۆنەپەرستی نێو خۆدا بوو بە قوربانی کە بەپشتیوانی هێزەکانی ئیمپریالیستی بەڕیوە چوو •

● **وتووێژ بۆ راگرتنی شەڕ لە ئانگولا**

رۆژی سێ شەمۆی رابردوو هەوالدەری رویتیر لە زمان کاربەدەستێکی بەرزی حکوومەتی لە لواندا بلاوی کردەوە کە نوێنەرانی جووڵانەوەی گەلی بۆ رزگاری ئانگولا (مپلا) و یەکەتی نیشتمانی بۆ سەربەخۆیی ئانگولا (یونیتا) ، لە لواندا کۆبوونەوە ، تا رێگایەك بۆ راگرتنی شەر لە ولاتدا بدۆزنەوە •

بەرەی نیشتمانی بۆ رزگاری ئانگولا (فنلا) لەو کۆبوونەوەیەدا بەشداری نەکردوە •

ئەندیراو باندرانایکە کوژرانی شێخ مجیبیان پێ ناخۆش بوو

کولومبو -١٨- ئاەدع : خاتو بەندرانایکە سەروك وەزیری سری لانکا (سیلان) پێ ناخۆشبوونی خۆی لە بارەی کوژرانی شێخ مجیب الرحمن و خاو وخێزانی دەربڕی • بەندرا نایکە لە وتووێژێکدا لەگەڵ رۆژنامەی « سیلان ئوبزرویر » گوتی : « ئەو روداوە لەگەڵ مافی هەرە سەرەتایی ئینسان یەك ناگرێتەوە • کوژرانی کەسانیك کە لە پێناوی سەربەرزی ولاتی خۆیاندا خزمەتیان دەکرد •• جێگای داخە • »

لە لایەکی تر خاتو ئیندیرا گاندی سەروك وەزیری هیند ، لەبارەی کودیتای بەنگلادیشەوە کوتی هەواڵی کوژرانی شێخ مجیب زۆری پەروش کردوە • ئیندیرا لە نامەیەکدا کە بۆ ئەنجومەنی ئاشتی هیندوستانی نارد رایگەیاند کە خەڵکی هیند شێخ مجیبیان زۆر بەلاوە خۆشەویستە و هەمیشە رێزی بۆ دادەنێن •

بڕیاری ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش

بەندی یەکەم :

ئەمانەی خوارەوە لێ بوردنی گشتی ئەیانگرێتەوە :

یەکەم : ئەو عەسکەریانەی تاوانی خۆون کردنیان کردوە کە لە هەردوو بەندی (٥٧) و (٦٩)ی یاسای چاککراوی سزای عەسکەری ژمارە (١٣)ی ساڵی ١٩٤٠دا هاتووە •

دووەم : ئەو عەسکەری و (مکلف)انەی تاوانی دواکەوتنیان کردوە کە لە بەندی (٤٠) و (٤١) و (٤٤) و (٤٨) و (٤٩)ی یاسای چاککراوی خزمەتی لەشکری ژمارە (٦٥)ی ساڵی ١٩٦٩دا و لە هەردوو بەندی (٢٩) و (٣٢)ی یاسای پەك خراوی بەرگری مەدەنی ژمارە (٤٠)ی ساڵی ١٩٣٨و هەردوو بەندی (١٩) و (٢١)ی یاسای خزمەتی ئیحتیاتی ژمارە (٧٤)ی ساڵی ١٩٥٦دا هاتووە وکەپێش ١١ی مارتی ١٩٧٤ پەك خرا •

بەندی دووەم :

ناوەرۆکی بەندی یەکەمی ئەم یاسایە ئەو عەسکەریانە ناگرێتەوە کە دوای ١١ی مارتی ١٩٧٤ ئەو تاوانەیان کردوە کە باس کران •

بەندی سێیەم :

ئەو پارانەی پێش دەست پێ کردن و کارکردن بەم یاسایە بەشێوەی سزا ، دراون ، نادرێنەوە •

بەندی چوارەم :

ماوەی خۆون کردن کە ئەم یاسایە ئەیانگرێتەوە بە خزمەت دانانرێت •

بەندی پێنجەم :

ئەبێ وەزیری بەرگری یان ئەوکەسەی رای ئەسپێرێ ، کاروباری پێویست رابپەڕێنێ بۆ بەئاسانی جێبەجێ کردنی ناوەرۆکی ئەم یاسایە •

بەندی شەشەم :

بڕیاری ژمارە (٧٣١)ی ١٢-٧-١٩٧٥ی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش پەك ئەخرێ •

بەندی حەوتەم :

لەگەڵ بلاوکردنەوەی ئەم یاسایە لە رۆژنامەی رەسمیدا ، ئیشی پێ ئەکرێ و بۆ ماوەی (٦٠) شەست رۆژ بەردەوام ئەبێ •

احمد حسن بکر

سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش

لەلایەکی ترەوە ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لە کۆبونەوەی ٣٠ تەمووزی رابوردوودا بڕیاری بەخشینی کورده خۆون کردوو دواکەوتوەکانی لە خزمەتی لەشکردا ، ئەوانەی سەربە تیپەکانی هەلوەشاوەی پاسەوانی سەرسنورن •

ئاەدع

Institut kurde de paris

جیهانی ئەمڕۆ

● کونفرانسی رابەرانی وڵاتانی ئەمریکای لاتین

بڕیار وایە ساڵی داهاتوو کونفرانسی رابەرانی وڵاتانی ئەمریکای لاتین ، بۆ دانانی ڕێو شوێنێکی سەرەکی لە بارەی سیاسەتێکی یەکگرتوو لە بەرامبەر رووداوەکانی جیهانیدا لە پاناما پێک بێ • ئەو کونفرانسە کە لەلایەن وڵاتانی وینزوئیلاو کولومبیاو پاناما داوای پێک هاتنی کراوە ، هەوەڵین کونفرانسە کە تەواوی رابەرانی وڵاتانی ئەمریکای لاتین بەشداری تێدا دەکەن •

● وتوویژ بۆ نوێ کردنەوەی پەیمانی عەسکەری نێوان ئەمریکا وئەسپانیا

خولی نۆهەمی وتوویژی نێوان وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکاو ئەسپانیا لە بارەی نوێ کردنەوەی پەیمانێکی عەسکەری ، لە مادرید پایتەختی ئەسپانیا دەست پێ کرا • بڕیار وایە دوای تەواوبوونی ئەو وتوویژە (کارلوس ئیریاس) سەرۆک وەزیری ئەسپانیا بۆ مۆرکردنی بەڵگە نامەکانی نوێ کردنەوەی پەیمانی عەسکەری سەر لە وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا بدا •

بەپێی ئەو پەیمانە ئەمریکا دەتوانێ وەک جاران کەڵک لە پێگە عەسکەریەکانی خۆی لە ئەسپانیا وەربگرێ • دەوڵەتی ئەسپانیا داوای لە وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا کردوە کە لە بەرامبەر ئەو ڕێگادانەدا ، بایی یەک میلیاردو ٥٠٠ هەزار دۆلار چەک و کەل و پەلی عەسکەری بدا بە ئەسپانیاو هێزەکانی خۆی لە وڵاتەدا کەم بکاتەوە •

● وتوویژی نێوان رابەرانی ئوردون و ڕێژیمی شیلی

ڕۆژی ١٦ی ئەم مانگە صادق الشرع وەزیری کاروباری دەرەوەی ئوردون لەگەڵ (ئینديرس فوکا) جێگری وەزیری دەرەوەی ڕێژیمی شیلی لە عمان کۆبۆوە • رادیو عمان رایگەیاند لەو وتوویژەدا باسی پێوەندی نێوان حکوومەتی توردون و ڕێژیمی شیلی و پتەو کردن و پەرەپێدانی ئەو پێوەندییە کراوە •

سەردانی فوکا لە ئوردون ٣ ڕۆژی خایاند • لەو سەردانەدا چاوی بە مەلیک حوسین کەوت و نامەیەکی لە لایەن (ئۆگوستو بینوشیت) سەرکۆماری ڕێژیمی شیلییەوە پێشکەش کرد •

● لایەنگری لە فورد زۆر کەم بۆتەوە

بەپێی لیستەی بەسەرکردنەوەی بیرورای گشی ، کە لایەن زانکوی « هاریس »ەوە پێک هاتوە ، لایەنگری خەڵکی ئەمریکا لە سەرکۆمار تا ڕادەیەک کەم بۆتەوە کە لە مێژ ساڵە لە ئەمریکا وێنەی نەبووە •

ڕۆژی دوو شەمۆی ڕابردوو ئەنجامی ئەو بەسەرکردنەوەیە لە ڕۆژنامەی « واشنگتون پوست »دا بڵاوکرایەوە • بەپێی ئەو بەسەرکردنەوەیە سەدی ٦٠ی دانیشتوانی ئەمریکا دژی سیاسەتی سەرکۆمارن ، تەنیا سەدی ٣٨ی خەڵکی ئەمریکا سیاسەتی فورد پەسند دەکەن • ساڵێک پێش ئیستا بە گوێرەی بەسەرکردنەوەی ئەو زانکویە ، سەدی ٦٧ی خەڵکی ئەمریکا پشتیوانیان لە سەرکومار دەکرد ، تەنیا سەدی ٢٠ی خەڵکی ئەمریکا دژی سیاسەتی سەرکۆمار بوون •

میللەتی زەمبابۆی درێژە بە تێکۆشانی خۆی ئەدات

عباس محمد
ئامادەی کردووە

میللەتی زەمبابۆی ماوەیەکە لە پێناوی ڕزگاری و سەربەخۆیی ڕاستەقینەو بە هێز کردنی پەیوەندی نێوان گەلانی ئەفریقیا کەوتووتە تێکۆشانێکی سەخت و شۆڕشگێرانەو درێژخایەنی چەك دارانەو ڕۆژنییە گورزی بەتینی خۆی نەوەشێنێتە دوژمنەکانی چونکە زۆر چاك گەیشتووونەتە ئەم باوەرە کەواتەنیا ڕێگای توندو تیژی شۆڕشگێرانە زامن کەری تەواوی سەرکەوتنە لە بەرپەرچ دانەوەی توندو تیژی دژوار •

شۆڕشگیرانی ئەم میللەتە کە لە ساڵی (١٩٦٦)ەوە ڕێبازی تێکۆشانی چەکدارانەیان گرتووتە بەرو ڕۆژ لە دوای ڕۆژ گوریسی مردن زیاتر نزیك ئەکەنەوە بۆ خنکاندنی ڕژێمە بۆگەنەکەی (سمث)و بەرادەیەك ئەم وەزعە (سمث)ی ڕەگەز پەرستی ناچار کردووە کە داوا لە (جون فورستر)ی سەرۆکی ڕژێمە ڕەگەزپەرستەکەی تری خواروو ئەفریقیا بکات کە دەستی یارمەتی بۆ درێژ بکات لە پێناوی سەرکوت کردنی سەرهەڵدانی ڕاپەرینی میللەتی زەمبابۆی بۆ ئەوەی هەر هیچ نەبێت تەمەنی ڕژێمە ناڕەوایەکەی زیاتر درێژە پێ بدات •

وەکو ئاشکرایە هەرلەبەر ئەم مەبەستە پیسەدا بو کە لەساڵی ڕابردووەوە ئەم دوو ڕژێمە ناوبراوە لە سنوورێکی لە ڕادە دەرچوو کەوتوونەتە هاوکاری کردنی یەکتری وبە فراوانی خۆیان چەك دارکردووەو بەیەکەوە شالاوی درندانەیان بەشێوەیەکی توندو گەرمتر لە جاران کردووتە سەر پێشمەرگەکانی شەڕی چەتەگەری کەلی زەمبابۆی و زۆربەی دانیشتوانیان لەو ناوچانەدا کە کەوتوونەتە بەرهێرشەکەیان ناچار کردوون کە ناوچەکانیان بە زۆر بەجێ بهێڵن و بە زۆر دارەکی ببردرێنە ناو چەند ئەردوگایەکی دروست کراو لە پێناوی ئاواتێکی گڵاووبۆ دوور حستنەوەی جەماهیری ڕاستەقینە لە جەرگەی مەیدانو دوور خستنەوەیان لەوجەنگاوەرانەی کە لە پێناوی وەدەست هێنانی ئازادی کەوتوونەتە خەبات کردنێکی خۆیناوی •

بەڵام ئەم هەموو هەوڵدانو کردەوە کۆنەپەرستانەی ئەم دوو ڕژێمە بۆ ناچار کردنو چۆك دادانی جەنگاوەرەکان وەنەبێت هەر تێك شکانو جێبەجێ نەبوون وشکستی ئەنجام بووە ، بەڵکو زیاتر بووەتە هۆی ئەوەی لە جاران زیاتر بە بیروباوەڕێکی پۆلایینەوە تێکۆشانی چەکدارانەی خۆیان بەهێزتر بکەنو سنووری شەڕی چەتەگەری و هێرشە سەربازی یەکانی خۆیان بەرفراوان تر بکەن •

لە دوای ئەوەی ڕژێمەکەی (سمث) بە هاوکاری ڕژێمە کۆڵۆنیالیزمی یەکانی جیهانی ئەوەی بۆ ڕوون بووەتەوە کە ناتوانێ بەم هێرشە درندانەیەی بەسەر شۆڕشگێرەکان زال بێت بۆیە سیاسەتی خۆی گۆڕیوەو شێوە سیاسەتێکی نوێی گرتووبەر لە پێناوی پاراستنی بەرژەوەندی ئیمپریالیزمی جیهانیو درێژە پێدانی حوکمی خۆی •• جا لەلایەنی ئەوەی کە لەنا وبردنی بزوتنەوەی زەمبابۆی : واتە ڕۆدیسیا •

چەکدارانەی میللەتی زەمبابۆی زەفەری پێ نەبردراوەو وەزعی ئەم وولاتە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زیاتر تووشی تەنگو چەلەمەی ئاڵۆز تر دەبێت ، بەڵام لەلایەنەکەی تریەوە ڕژێمەکەی (سمث) هەوڵی ئەوە ئەدات کە شەڕ کەرەکانی ڕێگای سەربەستی بخاتە سەر ئەو باوەرە کەوا چەك فرێ بدەنو واز لە تێکۆشانی چەکدارانە بهێنن •• و (جون فەرستر)ی هاوکوفیشی بایەخێکی تەواوی داوەتە ئەم لایەنەوکەوتووتە پروپاگەندەیەکی لەڕێگای دادانی پەردەیەکی ڕەش بەئاواتە نەفرەت لێ کراوەکانی خۆیان ئامادەیی خۆی بۆ گفتوگۆ کردن لەگەل هەموو هێزە نیشتمانیەکان دەربریوە لە پێناوی لێدانی نوێنەری ڕاستەقینەی میللەتو کوژاندنەوەی شۆڕشەکە بەڕێگایەکی سووك و ئاسانتر ••

ئینجا میللەتی زەمبابۆ ••• ئەو میللەتەی کە لە پێناوی ڕزگاربوون چەکی هەڵگرتووە بۆ بەرژەوەندی تێکڕایی میللەت هەموو جۆرە گفتو گۆیەکی لەو جۆرەی بەلاوەناوە ، ئەو میللەتە کەوا کەوتووتە ژێر حوکمی دەستەیەکی سپی بەکرێگیراوی ڕەگەزپەرستی وەکو (سمث) ئەم داواکاریەی ڕەت کردووە •• چونکە ئەوان ڕۆژ چاك لە نیازی ناپاکی دوژمنەکانیان گەیشتوون و بۆ بەڵگەش دوژمنەکانیان هەربەخۆیان پەردەیان لەسەر نیازی گلاوی خۆیان هەڵداوەتەوە • هەروەکو (سمث) خۆی لە (١٥)ی کانوونی یەکەمی ساڵی ڕابردوو بەئاشکرا لە مایکرۆفۆنە دەنگ کزەکەی ووتوویەتی بە هیچ جۆرێك نابێت ڕەشە سوورەکان حوکمیان بەدەستەوە بێت و بەشداری حوکم بکەن هەتا ئەوکاتەی جەنابی (سمث)ە فەندی لەسەر حوکم بێت ••• وە هەروەها دیسانەوە لە (١٥) کانوونی دووەمی ساڵی ڕابردوو ئاشکرا ڕوونی کردووتە وەکە لە سیاسەتی وولاتەکەی ئەودا ڕەشەکان مافی ئەوەیان نییە حوکمیان بدرێتە دەست •

بەم جۆرە ئوسلوبی چەوساندنەوەو تەلەکەبازی ڕژێمی ڕەگەزپەرست تەنیا لە خزمەتی دەرس دادانی میللەتە خەبات کەرەکانەو میللەتی زەمبابۆش یەکێکە لە مەیللەتانە کە بەوورییی هەستی بەوەکردووەو بەخۆ ڕاگرتنێکی شۆڕشگێرانە تێکۆشانی چەکدارانەی بەهەموو جۆرەکانی تری تێکۆشانی بەستووتەوە بۆ وەدەست هێنانی دوا ڕۆژێکی ئازاد بۆ میللەتەکەیان •• وشەری عادیلانەی خۆیان ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بەهێزتر ئەکەن و هەر لە پێناوی نامانجی پیرۆزیان لەم دواییەدا هەموو ڕێکخراوە ڕزگاری خوازەکانی زەمبابۆی کە بریتییە لە (٤) ڕێکخراو گەیشتوونەتە ئەوەی کە لەگەل یەك ڕێك بکەونو مەرجێکی بنەڕەتی سەرکەوتنی شۆڕش بهێننە ئاراوە لە دامەزراندنی بەرەیەکی بەهێزی یەکگرتووی نێوان ڕیزو هێزە نیشتمان پەروەرەکانی وولات •• ودوای بریاردانی یەکگرتنی ئەم ڕێکخراوانەی لەساڵی ڕابردوو بەم بۆنەیەوە بەیاننامەیەکیان دەرکردووە کە دەست نیشانی ئەوەی کردووە « کە دەبێ تێکۆشانی چەکدارانەو هەموو شێوەکانی تێکۆشان هەڵ ڕزگارکردنی تەواوی خاکی زەمبابۆی بەردەوام بێت » • لێرەوە دەبینین شۆڕشی زەمبابۆی وەزعی نوێی بەخۆیەو دیتو زۆربەی زۆری میللەتە سەربەخۆیەکانی ئەفریقیا پشتگیری تەواوی خۆیان دەربریوە بۆ ڕزگاری زەمبابۆی ویارمەتی بەردەوامیان بۆ ئەم مەبەستە پێش کەش دەکرێت • وەهەروەها دیسانەوە لەسەر شانۆی جیهانیشدا مەسەلەی زەمبابۆی لەلایەن هێزە حەق پەرستو ئازادی خوازەکان پشتگیری دەکرێت •

لە کۆتایی دائەوەی جێی گومان نییە ئەوەیە کەوا گەلی زەمبابۆی سەرکەوتن بەدەست دێنێت بە دابین کردنی تێکۆشان وپتەوی ڕیزەکانیانو یەکێتی نیشتمانیان ، هەروەکو چۆن فێتنامو کەمبۆدج وولاتەکەی خۆیان لە هەموو جۆرە داگیرکردنێك وچەوساندنەوەیەکی نەتەوایەتیو چینایەتی ڕزگارکردو بەخوێنی ڕزاوی پێشمەرگە نەمرەکانیان ئاسۆی شادومانیان لە نێو دوو کەلی شاخی بەرزی وولاتەکەیان پێشکەش بەو میللەتەکرد کە بۆ ماوەیەکی درێژە بارگەی تێکۆشانی کردووتە کۆڵو بەیەکجارەکی کەوتنە حەسانەوەی ئەبەدی •

سەدەی بیستویەك

ڕێپورتاژ لە دەرەوەی سنوور :

● ئەو شارەی دانیشتوانی چواربوو ، بوون بە ٦٠ هەزار !

● لە مەڵبەندی دیل وکویلەکانەوە بۆ مەڵبەندی شارستانیەت •

● سێ مانگ شەووبەردەوام گەڕان بەدژی زەمبندا ! مرۆڤەو •• داناسەکێ ، ئەگەڕێو ئەگەڕێو هەر ئەگەڕێ زۆرانبازی یە لەرووی سەختی سروشتا و درووست بوونی چڕوئاڵۆزیا ، وەك پێشینانی ئێمە ئەڵێین : « ئەم بەشەرە سەرسەختە ! »

جا بەسەر سەختی خۆی ئامادەیە لەم زۆرانبازیەدا هیلاك نەبێو وازنەهێنێو هەر بگەڕێو بگەڕێو چنگەکرێ بکاو ناخی ئەم زەویە هەڵکۆڵێ ، تابزانی : بۆ کوی ئەروا ؟ چی تیایە •• ؟ بۆ تیایەتی ؟ بۆ تیایا نیە و •• هتد ؟!

ئەوەتا واخویان داوە بەناوچە بەستەڵۆکەکان لەوانەیە سەدەی بیست و یەکەم ، سەرەتای کۆچی مرۆڤ بێ بەرەو ناوچە بەستەڵۆکەکانی خواروو •• ژورو •• !

ئەم مرۆڤە ، ناخی سروشت هەڵئەکۆڵی و هەڵی ئەکۆڵیو شت ئەدۆزێتەوە ، ئەیەوێ ، زیاتر بدۆزێتەوە •• بۆ ئەوەی زیاتر بزانێ •• زیاتر بزانی لەپێناوی مانەوەی زیاتری خۆیدا ، هەر شوێنی ئەبینێ ، بەقوڵای نهینییەکانی دروست بونیا ئەچێتە خوارەوەو •• ئەگەڕێ تا ئەگاتە ئەوەی ئەیەوێ •

● پێشکەوتنی تەکنیکی وا بێویست ئەکا

ئەوا ، بەپێی ئەو پێشکەوتنە تەکنیکیەی بەسەر ژیانی مرۆڤدا هاتوە ، ڕۆژ بە ڕۆژ ، پیویستی بە وزە (طاقە)ی زیاترە ، کەواتە ، ڕێگایەك ئەگرێتە بەر ئەو پێویستیە زامن ئەکا •• وانەبێ ڕەورەوەی پێشکەوتنی پێشەسازی ئەوەستی :

● چۆن ئەبێ بوەستی •• بابگەڕێن ••

ئەوەی بگەڕێ ، ئەدۆزێتەوە!

لە سنووری گەڕان بەدوای سەرچاوەی تازەی وزە (طاقە)دا گورجو گولیەکی ڕێکوپێك و بەدەستوبرد لە « سیبیریا »و بەرزاییەکانی سەرووی کەنەداو بیابانی ئوسترالیا دەستی پێ کردوە •

● سیبیریا ، نیوەی نەوتی دنیاو نیوەی پاشەکەوتی ئاڵتون !

ئەو پارچە بەستەڵوکە گەورەیەی بە « بیابانی سەهۆل » ناسراوەو لە سەر نەخشە « سیبیریا »ی پێ ئەڵێن ، کاتی خۆی لە سەردەمی قەیسەری ڕوسیادا ، ئوردوگای کریکارە کویلەکان بوو ، ئەو شوێنەشی بوو کە دوژمنەکانی ئەو ڕژێمەی تیا دور ئەخرایەوە •

بەڵام ئیستا سیبیریا ، ڕوویەکی نوێی هەیە ، کاتێکە مرۆڤ هەڵیئەکۆڵیو هەڵیئەکۆڵی بۆ خێری مروڤایەتی ، لە چیای نورالەوە ، هەتا ڕوخەکانی دەریای باسەفیك ناوچەیەکی ڕاوانی پڕ لەنەوتو خەڵوزو غازی سروشتیو ئاسنی خاو مسو ئاڵتونو ئەلماس هەیەو سیبریاش هەمیشە بەستەڵوکە ، شوشەیەك پڕ بکە لەئاوبەرەو ئاسمان توڕیدە ، ئەکەوێتە خوارەوە ، بەستویەتیو بوەبە پارچەیەکی زیوین ، پانای سیبریا سێ بەشی هەموو ئاسیایە ! لە ئەمەریکای ژورو گەورەترە ! نیوەی تەواوی خاکی یەکیتی سوڤیەتە ، بەڵام لەڕووی دانیشتوانەوە لەسەدا ١٠ی دانیشتوانی هەموو سوڤیەت لەوێ ئەژین ، لە هەندێ ناوچەی چڕدا ورچ لە مرۆڤ زۆرترە ، بەتایبەتی لەناوچەی دازستانی ، کراسنویارسك ••

● لە چوارووەوە بۆ شەش هەزار !

لەسیبیریا ، شارێك هەیە « نیزنفارتوفك »ی پێ ئەڵێن ، کیلگە گەورەکانی نەوتی سیبیریا لەنزیك ئەم شارەن ، ژمارەی دانیشتوانی تەنیا ٤ هەزار کەس بوو ، بەڵام لەماوەی ئەم دەساڵەی دوایەدا گەیشتۆتە (٦٠) هەزار شارەزاکان ئەڵێن : لەگەڵ سەرماو سۆڵەو بەستەڵوکی هەمیشەدا ، چاوەڕێ ئەکرێ ساڵی (٢٠٠٠) ژمارەی دانیشتوانی سیبیریا بگاتە (٦٠) ملیون زیاتریش و ئەو ناوچەیەش ئەبێتە سەرچاوەی ئابوری سەرەکی لەهەموو دنیادا !!

● سەروی کەنەدا •• سێ مانگ تاریکە شەوی درێژ !

هەندێ جار ، لە شەوی درێژی زستان بێزار ئەبین ، ئەی هو •• کە شەوگارێکی دورو درێژ !! لە کاتێکدا درێژیەکەی تەنیا بە سەعاتە ، ئەی دانیشتوانی سەرووی کەندا چۆن ئیدارەو گوزەران بکەن ؟! سێ مانگ لە ساڵێك دا شەوەو شەوی تاریك !! لەم ناوچەیەدا شارەزایان بۆ نەوت نەگەڕێن ، کان هەڵئەکەنن ، بۆ ئەلماس ئەگەڕێن •• ئەگەڕێنو زەوی هەڵئەکەنن و پلەی گەرماش (٥٠) پلەیە لەژێر سفرەوە •• !! لەژێر تاریکی سێ مانگ شەوا لەژێر سارۆیو لە سەر زەوی بەستەڵۆك مرۆڤ زەوی هەڵئەکەنێو نەتیا هەڵکەندنی بیرێك (١٠) ملیۆن دۆلاری تێ ئەچێ ! شارەزایان ئەڵێن چەند ساڵێکی کە ئابات ، ناوچەی سەرووی کەنەدا ئەبێتە دەوڵەمەند ترین سەرچاوەی مەعدەنی خاو لەدنیادا •

● ڕۆژئاوای ئوسترالیاو ژمارە !

لەناوچەی ڕۆژئاوای ئوسترالیا ، کە پانایەکەی بەقەدەر هەموو ڕۆژئاوای ئەوروپایە ، بەڵام تەنیا یەك ملیون مرۆڤی تیا ئەژی و بەشی زۆریان لە شاری « بیرت »ی پایتەختی هەرێمی ڕۆژئاوادان ، لەم ناوچە چۆڵەدا ژمارە وا پیشان ئەدات خاکەکەی لەهەندێ شوێندا : لە سەدا ٨٨ی ئاسنی خاوە •• لە سەدا ٧٠ی ئاڵتونە •• لە سەدا ٤٤ی مەعدەنی خاری تر لە زۆر ناوچەی تردا دەژێ هێنرێ •

– دارستانێکی چڕ لە ناوچەی سیبیریا •
– وێنەیەك لە بیرهەڵکەندنی نەوت لە سیبیریا •
– گەڕان بەدوای نەوتدا لە سەرووی کەنەدا •
– وێنەیەك لە خاکە پڕ مەعدەنەکەی ڕۆژئاوای ئوسترالیا •

کۆچە بەرەو بەستەڵوکەکانی خواروو ژوور !!

ئیسرائیل وکۆمەکی نەتەوەیە یەکگرتووەکان !

شەپۆل ئامادەی کردوە

ئەومەترسیە کە لەم دواییانەدا تووشی کورسی ئیسرائیل لە کۆمەڵی نەتەوە یەکگرتووەکانداو بووە ، هەراو هۆریایەکی گەورەی لێ سازبووە • وەك هەموو کاتێکیتر کە مەترسییەك هەڕەشەی لە ئیسرائیل کرد بێ ، ئەمجارەش سەرەکیترین سیاسی زۆر بەئاشکرا ئەمریکاو بەتایبەتی کونگرەی ئەمریکای داگرتوە • نوێنەرانی پارلەمانی ئەمریکا کە وتوونەتە کۆکردنەوەی ئیمزا بۆپشتیوانی لە ئیسرائیلو ڕابەرانی ئەمریکاو هەروەها کونگرەی ئەمریکا کەوتوونەتە هەڕەشە وگوڕەشە لەوڵاتانی جیهانیسێهەم کە ئەگەر ئیسرائیل لەکومەڵی نەتەوەیەکگرتووەکان دەربکرێ ، ئەو وڵاتانە دەکەونە بەرسزادانی سیاسیو ئابووری لەلایەن واشنگتۆنەوە • کارگەیشتۆتە ڕادەیەك کە هێنری کیسنجێر وەزیری دەرەوەی ئەمریکا بۆ چارە نووسی کورسی ئیسرائیلی لە کۆمەڵی نەتەوەیەکگرتووەکاندا بۆتە «دایەنی لە دایەك دڵسۆزتر » وفرمێسکی بۆ دەرێژێ •

ئەوەی ئەمریکا وئیسرائیل ناتوانن یا نایانەوێ تێبگەن ئەو هۆیانەن کە ئەوجۆرە ژانەسەرانە بۆ ئیسرائیل پێك دێنن • خەڵکی جیهان بەرەبەرە ئەوراستیە دەسەڵێنێ کە ئیسرائیل لە ناو کومەڵی نەتەوەیە یەکگرتووەکاندا بۆتە « بزنی گەڕ »ی ناومیگەل ودەبێ بەوچاوە سەیر بکرێ • ئەمە سروشتێکە کە تا ئیستا درابوو بە ئەفریقای خواروویانی وڵاتێك کە بێ گومان پێوەندی نیزیکی ڕیژیمە ڕەگەز پەرستەکەی لەگەڵ ئیسرائیل شتێکی بەرێکەوت نیە • ئیسرائیل ناتوانی هەروا بە هاسانی کوتەکی تۆمەتو تاوانبار کردن هەڵبگرێو زوربەی زۆری وڵاتانی ئەندامی کومەڵی نەتەوەکان بەوەتاوانبار بکا کە گۆیا بیروباوەڕی « دژی یەهودی »یان هەیە • هەروەها ئەمریکاش ناتوانی کۆمەڵی نەتەوە یەکگرتووەکان بە کردەوەی « دژی دیموکراتی » تاوانبار بکا • ئەگەر ئیسرائیل تێ بگا کە بۆچی سەرەڕای ئەو هەموو ئیمکاناتە تەبلیغاتییەی هەیەتی وسەرەڕای پشتیوانیی بێ دریخی ئەمریکا دیسان ئاوا تووشی ریسوابوون وتەریك مانەوە بووە ، ئەودەم دەزانێ کە هۆی سەرەکی تووڕەیی وبێزاری بیروڕای گشتی جیهانی لە ئیسرائیل سیاسەتی پەلاماردەرانە وداگیرکەرانەی خۆیەتی نەك گۆیا بیروباوەڕی « دژی یەهودی » •

بڕوانە ل – ٧

ئالایەکی خوێنین

نووسینی : قیسکۆ پیف
(ئەلف • شین)
کردوویەتی بە کوردی

کاتێ فەرەنسایی یەکان ، دوای پەیمانی شەڕ وەستاندن لە ڤێتنام ، یەکەم کۆمەڵە زیندانییان تەسلیمی سوپای ئازادی بەخش کردەوە ، زۆربەی ئەو زیندانییانە سەربازنەبوون بەڵکوو ئەو جووتیارانە بوون کە ڕەنگە فەرەنسایی یەکان بە ناوی بارمتەوە خستبوونیانە زیندانەوەو یاویستوویانە بە زۆر کردنی ژمارەی دیلەکان بە هێزی خۆیان پێشان بدەن •

لەناو چەند سەربازی ئازاد بوودا – ڕەنگە لە ناو هەزار زیندانیدا ، دە دوانزە سەربازی سوپای ئازادی بەخش دەبینران – سێ کەسیان سەرنجی هەموو خەڵکیان بۆ لای خۆیان ڕاکێشابوو : یەکێکیان لەشەڕا کوێر بوو بوو ، دووەمیان لە ئەنجامی نەخۆشیەکی سەختی لەرزوتادا کەڕ بوو بوو ، سێیەم یاساوڵەکانی زیندانەکە ئەوەندەیان ئازارو ئەشکەنجە دابوو ، شەل بوو بوو •

لەو کاتەدا دەیانویست زیندانی یەکان تەسلیم بکەنەوە ، لە ناکاو سەربازە کوێرەکە ، لە ژێر کراسەکەیەوە ئالایەکی سووری هێنایە دەرەوە ئەستێرەیەکی زەرد بە سەریەوە دەدرەوشایەوە ، ئالای ڤێتنامی ئازاد ! ••• ئالاکەی بەرز کردەوەو بەسەر سەری خۆیو هاو سەنگەرو هاوزنجیرەکانی یەوە دەشەکایەوە • کە لە نزیکەوە ڕوانی یانە ئالاکە ، سەیریان کرد ئەمە ئالایەکی ئاسایی نییە •

بۆ پارچەکەی ، سەربازە کوێرەکە کراسەکەی خۆی کردبوو بە دیاریو سەربازە شەلەکەش بۆ ڕەنگە سوورە توخەکە لە خوێنی برینەکانی پێش کەش کردبوو ، سێیەمیش ، سەربازە کەڕەکە ، لە دەرمانی نەخۆشی لە ڕزوتاکەی ، کە (سۆڵفاتی دۆکینین) بوو ، ئەوەندە کەمی خواردبۆوەو دەست گیری لێ کردبوو کە بتوانن ئەستێرەیەکی زەردی پێ بنەخشێنن •

ئەم ئالایەیان پێش دوو ساڵ ئامادە کرد بوو • کوێرو کەڕو شەلەکە بە نهێنی ، لە

بڕوانە ل – ٧

institut kurde de paris

وتەی ژمارە

لاوان رۆژنامەیەکیان ئەوێ

مەبەستمان لە (لاوان) ئەو ڕێکخراوە کۆمەلایەتییە نییە کە خەڵك بە بیستنی وشەی لاوان ئەکەوێتە بیریان •• مەبەست ئەو تاقمە تازە پێگەیشتووە نازە دەست داوە قەڵەمەیە کە بە سۆزو کوڵێکی زۆرەوە هاتوونەتە کۆڕی قەڵەمەوە ، شیعر ئەڵێن ، چیرۆك دائەنێن ، ڕەخنە ئەگرن ، وتار ئەنووسن ، بەڵام هیچ کوێیەکیوا شك نابەن تیا بڵاو کەنەوەو ئەو مەودا تەسکەی ئەمڕۆی چاپەمەنیی کوردی بەفریای هیوای هاتووە کولیانا ناگا •

ئەمڕۆ ئێمەی کورد تاقە ڕۆژنامەیەك و تاقە یەك گۆڤارمان هەیە بە ڕێك و پێکی دەرچێ •• ئەو یەك دوو گۆڤارو ڕۆژنامەکە وەك پێکەنینی سەر لێوی هەتیویان لێ هاتووە ڕۆژی هەنو چوار ڕۆژ نین •• بۆیە کە ئەشبن ئەوەندە ئەرکیان لەسەر کەڵەکە ئەبێ ناتوانن بە فریای ئارەزووی ئەم دەیان لاوەدا بگەن کە ئەیانەوێ بنووسنو نائومێدی قەڵەمیان پێ ئەخاتەوە باخەڵ •• لە مەیدانێکیوا تەسك و تەنگەلانیشدا ڕۆژنامەو گۆڤار گلەییان لێ ناکرێ ئەگەر تا بەرهەمی کەسێکی ناسراوترو کارامەتریان بێتە بەردەست ، کەمتر گوێ بە بەرهەمی لاوە تازە پێگەیشتووەکان بدەن کە نووسینی زوربەیان پێویستی بە دەسکاریە •

ئەمڕۆ لە هەموو ئەو وڵاتانەدا کە بە گەرم ڕێگای دواڕۆژیان گرتووەتە بەر ، شوێنێکی تایبەتی بۆ لاوان دانراوەو بووجەیەکی قەبە تەرخان ئەکرێ بۆ دۆزینەوەو خستنە کارو گەشە پێکردنی بەهرەی لاوان • هەرکام لە وڵاتە سۆشیالیستەکان بگری صەدان گۆڤارو ڕۆژنامەو کتێبی لاوانی بە ملیۆنەها دانە تیا بڵاو ئەکرێتەوە • عێراقی ئێمەش یەکێکە لەو وڵاتانەی ئەیانەوێ تۆزی گەردوون لە ڕووی خۆیان بتەکێنن و بڕیاریان داوە بۆ یەکجاری دەس بەرداری ژیانی کۆن ببن و کاروانی دواڕۆژیان بە ڕێگای ژینی نوێدا بەڕێ بخەن •

بۆیە ، ئێمە بەگەرمەوە بە گوێی کاربەدەستانیا ڕائەگەیەنین کەوا ڕۆژنامەیەکی پۆشتەو پەرداخی هەفتەیی بۆ نووسەرانی تازە هەڵچوو پێویستییەکە دواخستن هەڵناگرێ •• ئەبێ مەیدانی گەشە کردنی بەرهەمی ئەم لاوانە ببووژێننەوە •• نەهێڵن ئەم بەهرە گەشو تازە سەر هەڵداوانە لەبەر بێئاوی بپووکێنەوە•• لاوان هیوای سبەینێ ، زەخیرەی دواڕۆژ ، سەرمایەی عیراقی ئاوەدانترو پێشکەوتووترو گەشتری داهاتوون •• بەجێهێنەری ئەو ئاواتو ئامانجە پیرۆزانەن کە بە درێژایی مێژووی خەباتی گەلەکەمان ، هەزاران لاوی خێر نەدیو لەپێناویا سەریان نایەوە ••

ڕۆژنامەیەك بۆ نووسەرانی لاو مەبەستێکە نابێ هیچ کاربەدەستێکی هەست بە بایەخی دواڕۆژ کردوو بیخاتە پشت گوێ •• ئەوەی تۆزێ سۆزی گەلو نیشتمان لە دڵیا بێ ، ئەبێ بە گیانی هەست بە لێ پرسراوەیی کردنەوە بیری لێ بکاتەوەو ، چاوەڕوانین•

« ئەدەب و ژیان »

خۆشەویستەکەم

خۆشەویستم
کاتێ جوانیت ئەرژێتە باوەشی هەستم
لە تاریکی دڵی پەستم
ئارەزویەك تاناخ ئەروا
بەرەو گۆنات هانم ئەدا
تاکو ئاوا ئەبێ چاوم
لە لەڕەی بەهاری سەرسنگ
لە تاڵی پرچی وەك هەتاو
لە بەژنو بالای شوخوشەنگ
لە کەمەری باریکو تەنگ
لە لەنجەو لاری نازاوی
هەر تێر ناخوا
دڵیش ••• خورپەی هاتنو چون
ئەیکا بە شەقامێکی روون
لە ڕێگەتا خۆی ڕائەخا
هەتاکو بەسەریا بڕۆی
لێوەکانم ••• هەزاران گفتوگۆی جوامی
داناوە هەڵفرن بۆ لات
کەچی نازدار تۆ لەمانە
هیچ نازانی
نازانی کە بەژنو بالات
چەند زۆرە جەورو تاوانی
ئەندیشەکان بەرۆژو شەو
پەردەی شانۆیان لائەدەن
لەجێی نانو وەنەوزی خەو
نگاری تۆم بۆ دەرئەخەن
جا بێ گولی بایەخی تۆ
لە بۆنم نزیك بێتەوە
درەختی وشکی خوشی من
ئەژێتەوە
دێتە چرو
گەرو ئاوازی نوساوم
ئەکەوێتەوە گفتوگۆ
ئیتر ئەو کاتە بۆ نیگات
بۆ پرشنگی گەشی گۆنات
ئەکەومە نویژو پەرستن
خۆشەویستەکەی دڵی من

سیروان بکر سامی

دەنگێ لە ئەفەریقاوە

منالێ بووم ••
لە ژێر ئاسمانی « شیررەنگی » ئەفریقادا
پەروەردە بووم
بەسەر لمی ئالتوونیندا •• بازمئەدا
لەناو چڵپاوەکانیدا •• یاریم ئەکرد
خۆم لە قوڕو لیتەی رەشی هەڵئەکێشا ••

✻⊙✻

بەڵام تۆ لەژێر ئاسمانی تەماوی ئەوروپادا گەورە بووی
کراسو پانتۆڵی سپیت لەبەرکرد
لە باغچەی منالانا گۆش کرای
بووکەشووشەی جوان جوانیان بۆ هێنای
جۆلانێیان بۆ بەستی ••
دڵت خۆش بوو •• لە کانگاوە پێ ئەکەنێت ••
لە قوتابخانە •••
ئەوەی ئەمویست فێری بم •• فێریان نەکردم
ناوچاوو بناگوێمیان سوورکردەوە ••
لێیاندام ••
لە دەستم •• لە قاچم ••
ئازارم ئەچەشت •• لەسەر دەم ئەڕۆیشتم
لەسەر هەردوو ئەژنۆم ئەوەستام
بەردی تیژی ناولەکان ••
خوێنیان لەدەستو قاچم ئەدەڵان ••

✻✻✻

بەڵام تۆ •••
لە قوتابخانە بووی •• شتێك تێ نەگەیشتایەیت
مامۆستاکان ، باش ، بۆیان یەکاڵا ئەکردێتەوە
نە جارێ ، نە دو جار ، بەڵکو دە جار
لەسەر تەختەکە بۆیان ئەنوسیت ••
چیرۆکیان بۆ ئەگێڕایتەوە ••
نموونەیان بۆ ئەهێنایتەوە
تۆش ئەوەندەت لەسەربوو :
گوێبگری و تێبگەی ••

✻✻✻

شەوان لەبەردەم مەیخانەکانا ••
زۆر ڕاوەستام
دیم چۆن سەرخۆشەکان سەما ئەکەن
گوێم لە مۆسیقا بوو ••
گوێم لە جنێوی پیسیش بوو ••

✻✻✻

بەڵام تۆ ••
ڕێك و پێك ••
ئەچویتە مۆزەخانەو شانۆکان ،
سەمای باڵێت ئەبینی ••

✻✻✻

لە کاتێکا گوێم لە گۆرانیەکانی گەلە پێوەدراوەکەم ئەگرت ،
ئەو گۆرانیانەی کە چیرۆکی نائومێدی ئەگێڕنەوە
ئەگریام •• بەکوڵ ئەگریام ••
تینوی زانیاری بووم
•• مێژوی داگیرکەرانم خوێندەوە
(ئینجیلەکەیانم) •• بەتەواوی لەبەرکرد

✻✻✻

لە ئەدەبی گەلانەوە

شیعری : فکری تولوسا
« ئەسیۆبیا »
لە عەرەبیەوە کراوەتە کوردی

بەڵام تۆ ••
زووا فێریان کردی چۆن پیانۆ لێبدەی ••
چۆن چەشەی مۆتزارتو بیتهوڤنو چایکوڤسکیو شابان بکەی ،
لەسەر مێزە بچکولەکەشت •• چیرۆکەکانی
شکسپیرو هۆمیرۆسو پۆ شکین چاوەروانت بوون ••

✻✻✻

دوور لەیەکتری ژیاین ••
لە دوو کیشوەری جیاوازدا گەورە بووین ••
جۆری بیرکردنەوەمان •• ئەرزو ئاسمان بوو
کەسمان لەو بڕوایەدا نەبووین بەیەك بگەین ••
بەڵام وا لەناکاو بەیەك گەیشتین ••
بۆیە ، هاورێم ، لێت ئەپرسم :
بۆچی ئەوەندە منت خۆش ئەوێ ؟
بۆچی ئەوەندم خۆش ئەوێی ؟
بۆچی ئەوەی من رقم لێیەتی •• تۆش رقت لێیەتی ؟
ئەوەی من لێی ئەدوێم •• ویردی سەر زمانی تۆشە ؟
ئەوەی لای من گرنگە •• لای تۆش گرنگە ؟
بۆچی ئەوەی من پێم ناخۆشە ؟ تۆش پێت ناخۆشە ؟

(١) دەسکاری ناوونیشانی شیعرەکە کراوە •

کێشەی پیاوێکی هەژار لە گەڵ تاریکی شەودا

عالیە عبدالکریم

شەوەزنگێکی ئیجگار تاریك و تتك بوو •
ترس تەنانەت باڵی بەسەر جوان و دارو بەردیشدا کێشابوو • هەرکەس لەعاستی خۆی جووڵەی لەخۆی بڕیبوو • کابرای ڕاکشاو نەبێ بای خەیاڵی خۆی دابوو کەوتبووە زۆران بازی لەگەڵ تاریکیە کەداو بە هیچ جۆرێك مەودای نەنەدا خۆی بدا لە قەرەی و ڕوبکاتە ژوورەکەی •
کابرای ڕاکشاو لە دەلاقەی ژوورە پەڕپووتەکەیەوە چاوی بڕیبووە ئەستێرەکانو ، یەکە یەکە هەڵی دەسەنگاندنو هەر یەکە مافی خۆی دەدانێ ، لە دڵی خۆیدا دەیوت :
ئەی قوڕ بەسەرتان چاو چاو چۆن لەترسانا دوو دوو سێ سێ لە یەك نزیك دەبنەوە باشە وا وتمان بە بێ تاریکی بریسکەیان نایەت ، بەڵام خۆ نەمانوت ئیجگار بەم جۆرەش ، چاوت لێیە چۆن گوێ بە بناگوێی یەکەوە دەنین ، ناتوانن تەنانەت ناوی هیچ جۆرە تاریکیەکیش بێنن ؟!
بەڵکو وادیارە زۆریشیان پێخۆشە چونکەهەر ئەوەندەیان دەوێ خۆیان ببریسکێنەوە • ئیتر خەڵك با هەر نەتوانن لە ماڵیش بچنە دەرێ • باشە ئەگەر وا نییە بۆچی ناچن بۆ ناو مانگ ، خۆ زۆر نزیکن لێیەوە ، ئەی خۆ پێویشتیشیان بە پاسپۆرت نییە ؟! گوایە ناتوانن بێ پاسپۆرت بڕۆن ؟!
من بەش بە حاڵی خۆم لێیان تێگەیشتووم و لەو بڕوایەدام کۆك نین • ئەی بۆچی وا بێدەنگن ؟ نازانم ڕەنگ بێ هیچیان لە دەس نەیەت • نا نا وا نییە •
کابرای ڕاکشاو ئەوەندی تر کەوتە ناو کێشەکەوە ، کەسێك نەبوو بەرامبەری بوەستێو جوابی بداتەوە بۆیە هەر ئەمدیوو ئەودیوی دەکرد ، لە جێگەکەیداو خەو بەتەواوی لە چاوەکانی یاخی بوبوو ، بۆیە تا ئەهات زیاتر بە سەرنجەوە چاوی ئەبڕیە ئاسمانو ئەستێرەکانو لە دڵی خۆیدا ئەیووت :
من خۆزگەم بە ئێوە دەخواست • بەڵام وادیارە ئێوەش ئەوەندە لە ئێمە باشتر نین •
هەر بە دیمەنتانا دیارە • ئەوە نییە هەندێکتان چەند دایە بەر خۆیو بەرەو چرا دیوارکۆکە ڕۆیشت دای گیرساندو تەماشایەکی دەستەسرەکەی کرد بینی هەمووی هەر خوێنە • هەر ئەوەی بە بیردا هات لە ئاگردانەکە تۆزێ خۆڵەمێشی پێوە کا تا خوێنەکەی بگیرسێتەوەو بەستیو گەڕایەوە سەر جێگە شرەکەیو لێفەکەی دا بە قاچو قولیاو بە تووڕەییەکەوە لەبەر خۆیەوە ووتی : دەك بەڵام دا لە پیاوی هەژارو لەوانەی کە ئێمە دەخەنە ئەم ڕۆژەوە ، مەگەر هەر بە خەیاڵ بە شت بگەین ، ئەویش ئەمە ئەنجامەکەیەتی • ئەگەر ئەمەنده بیرم نەکردایەتەوە بۆچی وام لێدەهات ؟! بۆ توشی ئەم ئازارە دەبووم و بنالێنم ، بەخوا شەوێکی تووش و بێفەرە! ئاخۆ چەند کەسی تری وەکو منیش خراپتریان بەسەر نەهاتووە ؟ نیشانەی ڕۆژ هەر لەبنەڕۆژەوە دیارە •
من لە تاریکی نەدەترسام بەڵام ئەو ئیشی خۆی هەر کرد• مەرگ لە بناگوێدایە • ئەگەر ئێستا بمردمایە کێ پێی دەزانیم ؟! بێگومان بە خەیاڵی کەسیشدا نەدەهاتم ، پیاوی هەژار بە خەیاڵی کێدا دێت ؟ کێ لێی دەپرسێتەوە ؟!
ڕۆژی دەیان پیاوی هەژار بە هەزار جۆر مردن دەمرن • دەیان کویرەوەریو ناسۆر بەجێ دێڵنو خێزانە کڵولەکانیشیان هەمان جۆر کراسی خەم دەڕۆشن بێئەوەی یەکێك بێت تۆزێ باری سەرشانیان سوك کات ، بەڵکو هەر ناشزانن ئەو جۆرە کەسانە لە دنیادا هەنو تەنانەت بە مرۆڤیشیان دانانێن •
ئای کە دنیایەکی چەوتو چەوێڵە ، نەك هەر ئەمە تەنانەت لە کاروباری ڕۆژانەی خەڵکیشا هەروایە • هیوا هەیە شایانی ئەوەیە بەرێزەوە ناوی ببریتو ڕەنجو تەقەلای نەخرێتە ژێر پێ کەچی دەخرێتە ژێر پێو بە شانو باڵی ئەوانەدا هەڵدەدەن کە هەرکا خۆری جێگرن •
کابرا بەدەم خەیاڵەوە چاوی تار بو •
کۆتبووە کێشەیەکی تونەوە لەگەڵ گێتیدا ، نەیدەزانی چۆن شەوگار تێدەپەڕێ سەعات بووبو بە دوو نیوی شەو هێشتا وای ئەزانی ئێوارەیە • تا نە کتوپڕێکا کەلەشێرەکە خوێندی بە خەیاڵی خۆی وتی :
کەلەشێرەکە بەهەڵەدا چووە ، هێشتا ئێوارەیە •
نا ڕەنگ بێ چەقەڵ هاتبێتە سەریو بیەوێت خاوەنەکەی بێدار بکاتەوە تا سەری تیا نەچێ ، ئەی قوڕبەسەری • تا ڕێوی قەواڵەی خۆی خوێندەوە پیستیان گورو ، خەمی کەلەشیرەکەشی کەوتە دڵو هاتە پاڵ خەمەکانیتریو ، ئەوەندەی تر خەولە هەردوو چاوی تار بو •

ڕۆژانەی خەمێکی ئاسایی

ئەم کتێبە

« ڕۆژانەی خەمێکی ئاسایی(یومیات الحزن العادی) کتێبوولکەیەکە نووسەروشاعیری خەباتکەری فەلەستینی محمود دەرویش نووسیویەتی :

شایانی باسە ئەم کتێبوولکەیە بریتییە لە کۆمەڵێ وتاری سیاسیو پەخشانی وێژەییو هەمووشی لەبارەی فەلەستینی داگیر کراوو درندایەتیو شوڤێنیەتیی سەهیوونییەکانەوە دەدوێ • لە وتارەکانیا مەحموود دەرویش پەردە لە ڕووی سیاسەتی ڕەگەز پەرستانەی سەهیوونییەکان هەڵئەماڵێو بۆمان دەردەخاکەوا چۆن ئیمپریالیزمی جیهانی پشتی سیاسەتی ئیسرائیل ئەگرێو لە جێبەجێ کردنی ئەم سیاسەتەدا چ دەورێك ئەبینێ •
مەحموود دەرویش لە سەرەتای کتێبوولکەکەیدا باسی ئاوارەیی خۆی دەکاتو دەیگێڕێتەوە کەوا چۆن لەبەرئەوەی شناسنامەی وڵاتی ڕاستەقینەی خۆی نییە بچێتە هەرا کوێ ئەیخەنە بەر پرسیارو لێکۆڵینەوەو بە قاچاخی دادەنین دەرویش بەوجۆرە باسی ئاوارەیی خۆیو دەیان هەزار عەرەبی دەربەدەر کراوو برسی فەلەستینی دەکاو دەیخاتە بەر چاوی مرۆڤایەتیو، هەرگیز ورەش بەرنادا و لای وایە ئەو ڕۆژە نزیکە کە خۆیو هەمو عەرەبە ئاوارەکان بەرچاو بگەڕێنەوە جێی خۆیان •
نووسەر لە وتارەکانیا لەوە ئەدوێ کە چۆن سەهیوونییەکان عەرەبەکانیان لە گوندەکانی خۆیان دەرکردو ناوی ئەو گوندانەیان گۆڕیو منالو پیرو ئافرەتیان کوشتو ماڵیان تاڵان کردن •• خوێندنی عەرەبییان قەدەغە کردو سروودی میللیی عەرەبەکانیان نەهێشتو ناوی شارو شەقامو کۆڵانو جێگا گشتییەکانیان لە عەرەبییەوە کرد بە جووڵەکانە •
شاعیر ڕوونی دەکاتەوە کەوا دانیشتوانی ئیسرائیل هەمیشە ترسی شەڕیان لە دڵدایەو ئەم مەترسییە بووە بە مۆتەکە بەسەر دڵیانەوە • شاعیر لەم ڕووەوە ئەڵێ گەلی دەربەدەر کراوی فەلەستین هەرگیز دەس بەرداری وڵاتی خۆی نابێو لەئەنجاما هەر ئەگەڕێتەوە بۆ فەلەستینو بەری ئەو زەیتوونو میوە ترش و شیرینانە ئەخوات کە بە خوێنو ئارەقەی ناوچاوی خۆی ئاوی داون •
وا لێرەدا دەقێ پارچەیەك لە پارچەکانی « ڕۆژانەی خەمێکی ئاسایی » ئەخەینە بەرچاو :

ڕۆژانەی خەمێکی ئاسایی

سەعات چواری بەیانی زڕەی زەنگی دەرگاکە ئاگادارت دەکاتەوە •• دەزانی کێیە •• بەڵام خەو لە پۆلیس بەهێزترە •• سەعات نۆی بەیانی دەڕۆی بۆ جێگای کارکردنەکەت •• پێش خوێندنەوەی دەنگوباس قومێ قاوە دەخۆیتەوە •• میوانە ئاسایییەکەت دێو دەڵی :ـ لەگەڵما وەرە •• لێی دەپرسی• بەند کردنە یا پرسیارو لێکۆڵینەوەیە ؟ دەڵێ :ـ نازانم •• لێی دەپرسی فڵچەو هەویری دان شۆرینو تاخمی تەراشو جلو بەرگ لەگەڵ خۆما بێنم •• دەڵێ :ـ درەنگە وەختی ئەوە نیە ••
لەبەردەم ئەفسەرەکەدا دادەنیشی •
لەژێر وێنەکەی هرتسلدا بەرێزەوە پێت دەڵێ :ـ
سەربەرزم بەوەی کە بتگرم ••
تۆش سوپاسی دەکەیتو پێی دەڵێت :ـ سەربەرزم بەوەی مافی ئەو سەربەرزیەت بدەمێ ، بەڵام تکایە پێم ناڵێی تاوانەکەم چییە ؟
پێت دەڵێ :ـ تۆ بەوە تاوانباری کە لە بەردەم دەرگای سیرك دا کاڵەکێکت تەقاندۆتەوەو ئاسایشی وڵاتت شێواندوە ••
کاڵەك •• دەوڵەت •• سێرك •• یەك گرتنێکی سەیرە• ماوەی ڕاگرتنی یاسایی کۆتایی دێ •• هەموو شتێك لەوێ بە یاسایە •• چاوەڕوانی ئەوە دەکەی کە بۆ دادگات بەرنو لەنێوانی شیش و تەلبەنی تۆتۆمبێل پۆلیسەوە بە بینینی شارە شیرینەکەت شادو سەرمەست ببێ •• یا هیوادار دەبیت کە وەك هەمو جارەکانیتر بەرەڵات کەن •
ـ نەختێ چاوەڕێ بکە •••
ڕەخنە لە پەراوێزی یاسا دەگریت •• پێت دەڵێن :ـ
دوای تەواو بوونی ماوەی ڕاگرتنەکەت سەعاتێك دوات ناخەینو بەرەڵات دەکەین •• تۆ نیازت چیە ؟ لێرە قانون هەیە •• ئێرە ئیسرائیلە خۆ عەرەبستان نییە •
بیر لە وڵاتانی عەرەب دەکەیتەوە •• خەمو خەون تێکەڵ دەکەی •• چاوەڕێ دەکەی •• چاوەڕێی چی ؟ ئەفسەری لێکۆڵینەوە یا عەرەبستان ••؟
دوایی بۆ ژوورێکی ترت دەبەن •• هەندێ ئەفسەر وپیرەژنێك دەبینی • ئەفسەرێك لێت دەپرسێ زمانی جووڵەکانە دەزانی یا نازانی •• دواییش ڕاپۆرتی تاوانەکە دخوێنێتەوەو دەڵێ :ـ تۆ تاوانباری بەکار کردن بۆ کاول کردنی دەوڵەتی ئیسرائیل •• دەپرسی :ـ دەوڵەت یا کاڵەك ؟ پیرەژنە نابووتەکە پێت دەڵێ : ڕێزی دادگا بگرە •• بە سەرسامییەوە

لەتیف هەڵمەت

institut kurde de paris

ئاسۆی پەرەپێدان لە کوردستان

- باوکی پەروین -

- وەزارەتی پیشەسازیو کانزەکان ریکەوتن نامەیەکی لە گەڵ کۆمپانیایەکی ئیتالیایدا مۆر کردووە بۆ جێبەجێ کردنی ٣ کارگەی بەرد بەرهەم هێنان ئەو پرۆژەیە ٩ ملیونو ٤٠٠ هەزار دیناری تێدەچێت ، ئەم پرۆژەیە هەتا ئێستا بە پرۆژەیەکی بێوێنە دادەنرێت لە وڵاتدا ، وە بە یەکێکیش لە پرۆژە گەورەکانی دنیا دەژمێردرێت٠٠ وزەی بەرهەم هێنانی هەر یەکێك لەو ٣ کارگەیە ٤ ملیون بلۆکە دەبێت لە ساڵێکدا ٠ یەکێك لەم کارگانە لە حەقلانیە دادەمەزرێت وە لە ماوەی ساڵێکدا تەواو دەبێت وە ئەوی دوو هەمیان لە سەرچنار دادەمەزرێت وە لە ماوەی ١٥ مانگدا تەواو دەبێت وە سێهەم کارگەیان لە پارێزگای نەینەوا دا دادەمەزرێت لە ماوەی ١٨ مانگدا تەواو دەکرێت ٠

- وە لە لایەکی ترەوە : دەستەی ری نیشاندان لە ئەنجومەنی نەخشەکێشان لە کۆبوو نەوەیەکیدا بریاری داوە کە چوارکار گە بۆ بەرهەم هێنانی وردە بەرد (الفلر) دابمەزرێت تا بەرهەمی ئەو کارگانە لە باتی چیمەنتوو لە رێو بان دروست کردند بەکار بهێنرێت ٠٠ یەکێك لەو کارگانە لە سەرچنار لە پارێزگای سلیمانی دروست دەکرێت وزەی بەرهەم هێنانی ٣٠-٣٥ هەزار تەن دەبێت لە ساڵێکدا وە یەکێکی تریان لە بادۆش لە پارێزگای نەینەوا بەوزەی بەرهەم هێنانی ٤٠-٥٠ هەزار تەن لە ساڵێکدا وە کارگەی بەندەوی هندیە لە پارێزگای بابل بەوزەی ٤٠-٥٠ هەزار تەن لە ساڵێکدا ٠٠

وە لە لایەکی ترەوە پەرەپیدانی پیشەسازی نەسفلت بە وێنەیەك کە لە گەڵ راپورتی سیاسی کۆنگرەی هەشتەمی پارتی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست دا بەونجیت لە دروست کردنی رێگاو بانێکی نەو نۆدا لە سەرجەمی وڵات بە رێگاو بانێکی هاوچەرخ بەیەکەوە ببەسترێت ٠

بەو بۆنەیەوە وەزارەتی ئەشغالو ئەسکان لەم دوایەدا ١٩ کارگەی ئەسفلتی دامەزراندووە بەوزەیەکی ٤٥ - ١٢٠ تەن لە سەعاتێکدا وە واچاوەروان دەکرێت کە ئەو کارگانە لە مانگی ئەیلولو تشرینی یەکەمی داهاتوودا بکەونە بەرهەم هێنان ٠٠ ئەو کارگانە لەم ناوچانەدا بنیات نراون لە لۆمانە لە پارێزگای دهۆك و کۆلات لە پارێزگای نەینەوا وە خەلیفان لە پارێزگای هەولێر وە چەمچەماڵ لە پارێزگای کرکوك وە چوار قورنەو سەید سادق لە پارێزگای سلیمانی وە سەعدیە لە پارێزگای دیالە وە نابعی لە پارێزگای بەغدا هەروەها لە روتبە لە پارێزگای ئەنبار وە شۆمەلی لە پارێزگای بابل وە دەبونی لە پارێزگای واسیت وە شامیە لە پارێزگای قادسیە وە قورنە لە پارێزگای بەسرە جەرگەی پارێزگای موسەناو ذیقار و میسانو بابل و واسیتو کەربەلا ٠٠

وە بەرەی کشتو کالیش بایەخێکی تەواوی دراوەتێ لە سەرجەمی وڵاتدا وە بە تایبەتی لە نارچەی ئۆنۆنومیدا کە نیاز وا یە حالی حازر یاسای ژمارە ٩٠ تایبەت بەرێك خستنی ملك داری تیادا جێبەجێ بکرێت ٠

کە ئەویش هەنگاوێکی گرنگە کە شۆرش دەینێت لە پاکژ کردنی هەموو شوێنە واریکی دەرەبەگایەتیو تیرەگەریی کەپێش لە ناو بردنی تاقمە بەکری گیراوەکە لەو ناوچەیەدا باو بوو ٠٠ لەم بەیانەدا ٥٠ لیژنەیێك هاتووە بۆ جێبەجێ کردنی ئەو یاسایە لە ناوچەکەدا ئەو ناوچانەی ئەم لیژنانە کاریان تیادا دەکەن بریتین لە ناحیەی نەهلەو سرسەنگو گەلی لە پارێزگای دهۆك کوی سنجاقو تەقتەقو دیانا لە پارێزگای هەولێر وە سیوەیلو شارەزوور وپینجوینو سکنەو مساوەتو سرچنار و لادزێ لە پارێزگای سلیمانی وئیستا وەزارەت خەریکی پێك هێنانی دوو لیژنەیە بۆ پشکنینو دابەشکردن لە ناوچەی سورچیو حەوت عەشیرەتەکەی پارێزگای دهۆك دا سەرەرای ئەولیژنانەی کە ئێستا لەپارێزگا کە دا ئیش دەکەن وەك ئاشکرایە ماوەیەك لەمەو بەر وەزارەت ٩٨ مەساحی ناردۆتە پارێزگای هەولیرو دهۆكو سلیمانی بۆ سەرپەرشتیو دەست نیشان کردنی زەوی وزاری ئەو ناوچانە بە هیوای دابەش کردنیان بەسەر جوتیاراندا ٠

بیرەوەری حەوت ساڵەی دەرچوونی رۆژنامەی « الثورة »

لەم رۆژانەدا رۆڵەکانی شورشی ١٧ی تەمووز بەوپەڕی شانازیو بەچاوێکی هێجگارریزەوە بیرەوەری رۆژی لە دایك بوونی رۆژنامەی (الثورە)ی تێکۆشەریان کردەوە ٠

ئەم رۆژنامەیە لە رێڕەوی شۆرشی گەلی قارەمانی عیراق ، لە دەستکەوتو سەرکەوتنەکانی یەك لەدوای یەکی دەستێکی باڵای هەبووەو کارێکی مەزنی کردوە ٠

رۆژنامەی (الثورە) چەکێکی کاریگەر بوو بە دەست گەلی چەوساوەو مەشخەڵێکی پرشنگدار بو ٠٠ بۆ زەحمەتکێشانو شیری دەستی هەمووڵێقەومان بوو کە لەروی زۆردارو بەکرێ گیراوداهەڵکێشرا بوو ، کوتەکی دەستی شورشگێران بو بۆ وێزەی ئیمپریالیزم بۆ ئاشکراکردنی هێلانەی پیسی جاسوسەکانودۆزینەوەیانو ئابڕو بردنیان تا گەل چاو بکاتەوەو رێگای شورشگێرێتی خۆی بکرێتەبەر تا بگاتە بەختیاریو سەرکەوتنو ئازادی ٠

رۆژنامەی (الثورە) لەمەیدانی کێشەی کوردا ئەرکێکی تایبەتی گرتە ئەستۆی خۆی وەبۆ چارەسەرکردنی تەقەللایەبی زۆری داو بەباشی هەڵوێستیرروون کردەوە لەم بابەتەوە ورێگای خۆش کرد بۆ هێنانەدی بەیاننامەی ئازاری ١٦٧٠ کە ئەم بەیانەبەردێکی تل نەدراو بوو لەکۆشکی دامەزراندنی برایەتی کوردو عەرەبدا ،وەبەرنامەیەکی گرنگ بوو بۆدان نان بە مافی رەوای گەلی کوردا ٠٠ کە بریتی بوو لە ئوتونومی ناوچەی کوردستان ٠

رۆژنامەی (الثورە)زۆربەتەنگەوەبوو کەگەلی کورد بەمافی رەوای خۆی بگاتو ئاوبکرێ بە ئاگری شەڕی بەرا کوژیداو رزگاری بێ لەچنگی ئەو دەستە بەکرێ ئیراوانەی کە ئەیانویست گەلی کوردهەڵدێرن بۆ کەندەڵانی مردنو ریسوایی ، تارزگاری کاوبیخانە سەر ریگای راستو رەوان ، رێگای تێکۆشانی دووقۆلی کەری دراو در بە ئیمپریالیزم وەبو پیشکەوتنی عیراق ٠

رۆژنامەی (الثورە) هیچدرێغێکی نەکردوە لە پێکەوەنانی هێزە نیشتمانیەکان وەدەستێکی باڵای هەبوە لە بڵاوکردنەوەو بەستنی دوستایەتی نێوان هەموو کۆمەڵو کۆرێکی عیراقی بۆدامەزراندنی ئەم بەرەنیشتمانیە پیشکەوتوو خوازەی ئیستا کەچقێکی تیژە لە چاوی ئیمپریالیزم ونوکەرەکانیدا ،تاوەکو گەلی قارمانی عیراق بەرەوپێش هەنگاو بنێ وردودرشت پێکەوە هەمولایەك سنگ بنین بۆ یەکێتیو برایەتیبۆ دامەزراندنی عیراقێکی نوێو تازەکوورە ٠

رۆژنامەی (الثورە) هەمیشە ئاگرو پوشووبوە بەرامبەر ئیمپریالیزمو کومپانیاکانی نەوت بو میللی کردنی سەروسامانی وڵات شەوی بە ستوەبە رۆژەوە ، گەلی راپەڕاندوەو یەکی خستوە ، راکێشی کردوەبۆ خەباتێکی نەسرەوت بۆ سەرکرتنی ئەم دەسکەوتەمەزنەو بۆ پوچ کردنەوەی هەموو پلانو نەخشەیەکی بۆگەنی ئیمپریالیزمو کومپانیای نەوت ، تاکو گەل بەئاسودەگی تامی بەری رەنجی ساڵەهای تێکۆشانی بکا ، وە دەست بکاتە مل هیوای خۆی ٠

رۆژنامەی (الثورە) وەنەبێت لە مەیدانی عەرەبیدا هیچ کەمتەرخەمیەکی کردبێتوهەمیشە چقڵ بووە لە چاوی کۆنەپەرستانی عەرەبدا ،پشت گیری بێ وێنە بووە بۆ پێشمەرگە قارەمانەکانی فەلەستین ، ئالاهەڵگری خەباتی سەرومڕبووە لە پێناوی رزگارکردنی گەلی فەلەستینی زۆر لێکراودا ، دژی هەموو سیاسەتێکی دەست تێکەلاوبوە بۆ سەرشوری کەدەستەیەك ئەیان گرێتەبەرو ئەیگرنەبەر بو کوێرکردنەوەی ری رەوی شورشی فەلەستینو گورکان خواردو کردنی گەلی فەلەستین٠

رۆژنامەی (الثورە) لەمەیدانی دەوڵەتانداٮ ئالاٮ هەڵگری سیاسەتی راستی شورش بووە، بۆدارشتی دۆستایەتیو برایەتی لەگەل ئوردوگای سوشیالیزمداٮبۆ پشت گرتنی هەموو جولانەوەیەکی نیشتمانی لەجیهانا ، بۆدەست لە ناو دەست خستنی لەگەل هەموو دەوڵەتەپیشکەوتو خوازەکانا بۆ کری دانی خەباتی گەلەکەمان لەگەلگەلانی خەبات کەری جیهانا بۆ سەقامگیری ئاشتی لە جیهاناوڵە ناوبردنی یاسای چەوساندنەوەی ئیمپریالیزم ٠

هەزار سڵاوی تێکۆشان لەدەستەی نوسەرانو لەکار بەدەستانی رۆژنامەی (الثورە)٠٠ دەزگای هاوکاری زۆر دڵنیایە کە رۆژنامەی (الثورە)هەمیشە رێگای دیاری خۆی بەرناداو هەرگیزاو هەرگیز چقڵ ئەبێ بۆ چاوی ئیمپریالیزمو مەشخەڵێکی رونا‌ك ئەبێ بەدەست شورشگیرانەوە ٠٠ بۆ سەرکەوتنو بۆ دەسکەوتی تازەداهاتو بۆتەخت کردنی هەمو کەندوکۆسپێك کە دێتەبەردەم ری رەوی شورش ٠

دەزگای هاوکاری پڕ بەدڵ بەشانازیەوە یادی ئەم رۆژە ئەکاتەوە و هیوای پیشکەوتنوبەرزی ئەکات ٠

یادی بیستونۆهەمی دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان

بەبۆنەی بیرەوەری تێپەڕبوونی ٢٩- ساڵ بەسەر دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستاندا لە ئێوارەی رۆژی هەینی ١٦-ی ئەم مانگەدا ئاهەنگێکی گەورە لەسەر شانۆی هۆڵی موستەنسەریە گێڕرا ٠٠

لەم ئاهەنگەدا هەڤاڵ عەزیز عەقراوی سکرتێری پارتی دیموکراتی کوردستان وتارێکی خوێندەوەو تیادا دڵخۆشی خۆیو پارتی دەربڕی بەرانبەر بە یادکردنەوەی ئەم رۆژە پیرۆزەو هێنانەدی بەیاننامەی ١١-ی مارتی مێژوویی و جێبەجێ کردنی ناوەڕۆکی بەیاننامەکەو دامەزراندنی دەزگاکانی ئۆتۆنۆمی لە ناوچەی کوردستاندا ٠٠ دوابە دوای ئەو ٠٠ هەڤاڵ عبدالفتاح یاسین ئەندامی سەرکردایەتی قوتری پارتی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست بەو بۆنەیەوە وتارێکی خوێندەوە هیواو ئاواتی خۆی تیا دەربڕی بۆ بەهێزبوونو پتەوبوونی پەیوەندیو برایەتی نێوان هەمو هێزە پێشکەوتو خوازەکانی ئەم وڵاتە لەژێر سایەی شۆڕشی ١٧-ی تەمووزی نەمردا ٠٠

دیسانەوە نوێنەری پارتی کۆمونیست هەڤاڵ - عبدالرزاق الصافی -پیرۆزبایی و دلشادیو شانازیی خۆی بەرامبەر بەیاد کردنەوەی ئەم رۆژە پیرۆزە دەربڕیو وتی :-

پێویستە ئێمە ئاگاداری رووداوە سیاسیە جیهانیەکانو پیلانەکانی داگیرکەرانو کونەپەرستان بینو ئەوانەی کە هەردەم چاویان بریوەتە وڵاتەکەمانو ئەیانەوی ئاشتی لە وڵاتەکەماندا تێك بدەن ٠

ئەوەی شایانی باسە چەند تیپێکی هونەریی شاری هەولێرو دهۆكو سولەیمانیو کەرکووكو بەغدا بە یارمەتی هونەرمەندانی عەرەبو تورکمانو ئاسوری تیکرا چالاکیەکی هونەریی گەورەیان پێش کەش کرد ٠

هەر بەم بۆنەیەوە ، دەزگای « هاوکاری »مان ، لەناخی دڵەوە گەرمترین پیرۆزبایی پێشکەش بە پارتی دیموکراتی کوردستانو سەرکردایەتییە تێکۆشەرەکەی ئەکاتو هیوادارین هەمیشە شان بەشانی هەموو هێزە نیشتمانیەکانی وەتو لەژێر ئالای پارتی بەعسی سوشیالستی عەرەب بەرەو هێنانەدی تەواوی ئاواتو سەرنجە رەواکانی گەلەکەمان هنگاوبنێین لە چوارچێوەی سیاسەتێکی پێشکەوتوو دەربڕیودا ٠

● سکرتیری گشتی دەزگای تەندروستی لادێکان بۆ هاوکاری ئەدوێت ●

● هەرەوەزێکی گەورە بۆ لە ناو بردنی نەخۆشی لەرزوتا

هەر لە ناوچونی تاقمە تاوانبارەکەوە تا ئەمرۆکە دەیەها عەیادەی پزیشکی گراونەتەوە ئەوانەی کە زامنی تەندروستی ئەیان گرێتەوە ٠٠ وەبەردەوام هینی تریش ئەکرێتەوە ٠

دکتور عبدالمحسن الخفاجی سکرتیری گشتی دەزگای تەندروستی لادێکان لە گفتوگویەکی تایبەتیدا بەهاوکاری وتوە :لە وماوەیەدا لە پارێزگای سلیمانی ٢٤ لە هەولیر پێنجو لەدهوك ٩ عیادە کراونەتەوە ، لە دوای ئەمانەش لە ناوچەی ئەتروش دوایەمین عیادە کراوەتەوە ٠

دکتور خفاجی وتویە : دەزگاکان لە سەرێوە شوێنی سەرکردایەتی سیاسی پارتی بەعسی عەرەبی سوشیالیست دەرۆن وە لەپیشما خزمەتگوزاری تەندروستی بەناو چەی ئوتونومی ئەدریت چونکە لەساڵانی رابوردودا لە وروەوە زۆربێ بەش بوون ٠٠وەئەمەش بە هاوکاری لەگەل ئەمینداری گشتی کاروباری کومەڵایەتی ناوچەی ئوتونومیدا ئەکرێ ٠٠ وەهەروەها کەرەسەی زامن کردنی تەندروستیو داوودەرمانی پزیشکی لە هەمارەکانی بەغداو کەرکوكو نەینەوادا ئامادە ئەکرێ ٠٠ دیسان وتی : گرنگی ئەو عیادانەلەوەدایە کەبەپارەیەکی کەم چارەسەری ئەو کەسانە ئەکات کە پەنای ئەبەنەبەر ٠٠ وەبەتایبەتی کاتی ئیش کردنیان ئیوارانە کە ئەمەش هەل ئەداتەدەست ئەوکەسانەی کەسەر لە بەیانیان ناتوانن سەرلە عیادە کە بدەن ٠ وەبەتایبەتی عیادەکان لەو شوێنانە ئەکرێنەوە کە دورەدەستن بۆ خەستەخانەکان ٠٠ وە تاکو ئیستا نزیکەی ٢٥٠ کەس لە دەرچوانی پەیمانگای بەرزی تەندروستیو قوتابخانە تیمارسازیەکان لە ناوچەی ئوتونومیدا دامەزراوون وە لەناوچەی هاوینەهەوارەکاندا پتر بایەخی پێدراوە بەتایبەتی لە شەقلاوەو سەلاحەدینو سەرسەنگ ٠٠ روژانی هەینیو بەدی ئەکات لە دەسکەوتەکانی پشوی رەسمیو جەژنانیش دەرگایان لەسەرپشتە ٠

هەروەها بەبونەی بیرەوەری ٣٠ تەموزەوە ئەجزاخانەیەکی گشتی لە شەقلاوە کراوەتەوە ، نیازوایە مەلبەندیکی تەندروستی سەرەکی لە هاوینە هەواری سەلاحەدین دروست بکری کەنزیکەی ١٠٥ هەزار دیناری تێئەچێ ٠٠ ئیستا خەریکی قەلاچۆ کردنو لە ناوبردنی نەخوشی مەلاریان لە ناوچەی ئوتونومیدا ، وەلەبارەی ئامادەکردنی چەند ئوتومبیلیکی ئاو گویزانەوە لەگەل کومپانیایەکی گەورەدا ریکەوتن نامەیەك مۆرکراوە بۆ جێبەجێ کردنی ئەومەبەستە ٠٠ وە تائیستا هەندێك لەو ئوتومبیلانە وەرگیراونو بەسەر پارێزگاکانی وڵاتدا دابەش کراون ٠

وەبریاروایە هەرەوەزیکی گەورەبکرێ بۆ بڵاوکردنەوەی ئامۆژگاریو هۆشیارکردنەوەی خەڵکی کەپەیڕەوی ئەو ئامۆژگاریانە بکەن ٠

رۆناکی

- باوکی دڵێر -

ئەگەر سەرنجێك لەو مێژشانە بدەین کە رێژیمی سوریا لە رێگای دەزگاکانی راگەیاندنیەوە ئەیکاتە سەر شۆرشی پێشکەوتنخوازی حەڤدەی تەموزو ئەو لافەی لێی ئەدات کوایە بەهۆی کەمبوونی ئاوی دەریاچەی (السد)ەوە تینویەتی هەڕەشە شاری حەلەب ئەکات٠٠٠ دوو حالمن بۆ روون ئەبێتەوە :-

یەکەم : ئەو هێرشانەی ئەم رژیمە لەیکاتە سەر شورش لە عیراقدا ئەنیا بۆ خراپەکاری بردنە دری عیراقی شۆرشو پروسێیو تێکوشانو بەرەو پیش چونیەتی ٠

دووەم : لافو گەزافی گوایە تینویەتی هەڕەشە لە شاری حەلەب ئەکات ٠٠٠ مەبەستێکی لەدواوەیە ٠٠٠ ئەویش سەرلەنوێ بەرگرتنەوەی ئاوی ئوراتە لەوەرزی زستانەدا هەروەکو لەوەرزی هاوینەدا رووی دا ٠

هەرچەندە ئەم راستیانە بەروونو ئاشکرایی بەرچاو کەکەونو مەرامو مەبەستە کومان لێ کراوەکانی رژیمی سوریا ساغ ئەکەنەوە ٠٠ بەڵام مەبەستێکی ترسناکتر لەدوا ئەم تەقەللاو جمو جۆڵەیە دایە کە خێراتر جێبەجێ کردنی چارەسەرکردنی خۆبەدەستەوەدەرانەو جێگیرکردنی بوونی زایونیستەکانو خۆخستنە باوەشی سیاسەتی ئەمەریکایە ٠

ئەبێ لیرەدا دەست بۆ شتێکی تری تریك درێژ بکەین ٠٠٠ لەو رۆژەوە بڵاوکرایەوە کە هەنری کیسنجەر گەشتێکی نر بە ناوچەی عەرەبدا ئەکات بەمەبەستی ریککەوتنێکی نوێو کەشتەکەش سوریا ئەگرێتەوە ٠٠٠ لەو رۆژەوە هێرشی دەزگاکانی راگەیاندنی سوریا توندتر بوون ٠

لیرەوە هۆی ئەو هەڵویستە دوژمنایەتکاریانەمان بۆ دەرئەکەوێ کە رژیمی سوریا دژی عیراقو رێبازی شورشگێڕیەکەی ئەینوێنێ ٠٠ ئەو رێبازەی دژی ستراتیجی هاوپەیمانیەتی ئیمپریالیزمو زایۆنیزمە ٠

هەروەها داخوازیەکەی عیراق بۆ دامەزراندنی بەرەی جەنگاوەری زووروو ئامادەبوونی بۆ ناردنی لەشکری عیراق بۆ سوریا بەو مەرجەی رژیمی سوریا هەردوو بڕیاری زمارە (٢٤٢ و ٣٣٨)و کۆنگرەی جنێڤ رەتبکاتەوە ٠٠ ئەمە بە جارێك وای لە رژیمی سوریا کرد لە هوش خۆی بچێو دوژمنایەتی کردنی عیراق توندتر بکات ٠

ئەم داواکاریە راستە ، دلسۆزی سیستەمی شورشگێڕی لەعیراقدا ساغ کردەوە بەرامبەر بە ریسوا کردنی رووی ناشیرینی سیاسەتی بە چۆکاهاتوانەی کاربەدەستانی دیمەشق ٠

راپۆرتی ناوخۆ

باوکی شیرین

● خوێنەری خۆشەویست : لە دەرچوونی ژمارەی هەفتەی رابوردوومانەوە تاوەکو ئەم ژمارەیە هەواڵو رووداوی هەمەجۆرەی ناوخۆ هاتنە کایەوە ٠ کە توندو تۆن بە دەسکەوتی نوێوە گرێ درابوون لەپێناو بەرژەوەندی گەلەکەماندا ٠ ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرش یاسای لێبوردنی گشتی عەسکەریو (مکلف)و دواکەوتوو سەرپیچیکارانی دەرکرد ٠٠ ئەم یاسایەش لە ١٨ی ئەمەمانگەوە تاوەکو (٦٠) رۆژ کارئەکات ٠

لە هۆیەکانی دەرکردنی ئەم یاسایەدا نووسراوە کە بۆ ئەوەی هەلو دەرفەت بۆ دواکەوتوو سەرپیچی کاران لە خزمەتی لەشکر بهێنینەپێشەوەو بۆ ئەوەی بگەڕێنەوە بۆ خزمەت کردنی نیشتمانو بۆزاڵ بوون بەسەر شوێنەواری نائەبابردا کە تاقمی بەکرێگیراو لە ژووروی نیشتماندا خولقاندی ٠٠٠ ئەم یاسایە دەرکرا ٠

لەلایەکی تریشەوە ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرش بڕیاری بەخشینی کوردە دواکەوتوو راکردوەکانی سەر بە تیپی هەڵوەشاوەی پاسەوانی سەر سنورەدا لە خزمەتی لەشکر ٠

گەلەکەمان بە تێکڕایی و گەلی کورد بەتایبەتی ، بەرێزەوە پێشوازی ئەم دوو بڕیارەی کرد کە دەسکەوتێکی تریان تیادا شۆرشی حەڤدەی تەموزو پارتی یا فەرماندەکەی پارتی بەعسی سوشیالیستی عەرەب ٠ کەلەکەمان کە یاخیبوونو تاقمە کومان لێ کراوەکەی تەفروتونا کردو لە ژێر ئالای شۆرشی حەڤدەی تەموزدا داکۆکی لە یەکێتی نیشتمانی کرد بەلێنی دڵسۆزیو قوربانی دان نوێ ئەکاتەوە لە پێناو وەدی هێنانی ئامانجەکانی شۆرشە رابەرەکەدا ٠

خوێنەری بەرێز : یەکێتیو رێکخراوەکان بە کەرتە جۆربەجۆرەکانیانەوە نارەزایی دەربڕی دژی هەڵوێستی نامرۆڤایەتیانەی رژیمی سوریا سەربارەت بەکێشەی فەلەستینو بەرگرتنی ئاوی فورات لە جەماوەری جوتیاران٠٠ وە لە بروسکەکانیاندا کە بۆ سەرۆکی فەرماندە کاك احمد حسن بکریان نارد رایانگەیاند کە پشتگیری سەرکردایەتی پارتیو شۆرش ئەکەنوهەمیشە ئامادەی بەخشینو قوربانی دانن لە پێناو بنیات نانی کۆمەڵی نوێدا ٠

پشتگیری کردنی هەڵوێستی رەوای شۆرشە ، لە لایەکەی تریەوە ریسواکردنی هەڵویستە چەوتو ناڵەبارەکانی کاربەدەستانی سوریاش ئەنوێنێ ٠٠ گەلی کوردمان سەرلەنوێ نارەزایی خۆی دەرئەبڕێتەوە دژی هەڵویستو هەنگاوەکانی رژیمی سوریا ٠

بەعساعەرەبی یاسوشیالیستو رەوشی ورەفتاریێتی بلند

بەعس ئەخلاقەو پێش کەتنەو بیناهیەکا هەڤیشکیەو بزاڤەکا رزگاریەو یاکویرە دگەهیتە بیرو هزرێت مروڤایەتیی یتنەمر ٠ بەعس بزاڤەکا راستەو یا مێژوویە تێتە ئافاکرن لسەر رحەکا زانینو بیرو هزرێت رێك خستی ٠

بەعس بزاڤەکا نەمرەو خودان بەیامە بەعس پارتا ئارمانجا نەتەوایەتیەو خەباتەکا بهێزو قووەتە لسەر رێکا پاشەروژی نەکو تێکەلی نەبیت دەوختێ بوری جنکو بەعس دشنیا جوداهێ ل نابەینا فورمو ناوەروکدا بەعس پارتا چینا پالا هەڤشکی یت خودان باوەری ٠

بەعس بزاڤەکا دیروکیەو پارتەکا خەباتکەرە خودان تەجربەیە دحوکمیدا قەهرەمانیو وەفاییو دلسوزی نیشانێت درستن ل پەروازێ گشتی د ئەدەبیاتیت پارتا بەعسا عەرەبیا هەڤشکی ٠

ئەخلاق بنیاتەکە ژوان بنیاتا کو حزبا بەعسا عەرەبیا لسەر رابو ، ئەخلاق ل فێرە نە دریشمەکا دەرڤەیە بەلێ بشکە کە ژرەوشتێ بەعسیا یێ کو روناهی د دەتە هەمی هزراو مەیدانێت پارتایێتی وەکی هەڤال میشێل عفلق دیار دکەت لدیف فی رەنگی ٠

مادەم ئەڤ رەنگێ ژیانێ بدەست بوهرا بتر ژمللەتی ناکەیت ژبەر وان زوروفێت کو ئەو دبینی نە دحەلالنو دبینن زولما لسەر مللەتی فێجار ئەو چێتر حەژ ژیانا مەبدەئی دکەن خەبات و قانینا ژیانێ چ ترانە تێدانینو چو ئامانج بێ قوربانی ناهینە جهر ٠ ئەڤچە ئەندە نابیت بێی قوربانیدا ژبو درست کرنا پاشەروژەکا باشتر بونیشتمانی و نەتەوەیی ٠ پارتا بەعسا عەرەبیا سوشیالست لسەر فان بنگەها راهاتی ٠

- دلسوزی
- قوربانیدان
- زیرەکی
- ڤیانا هەمیا
- خومەزن نەکرن
- نەرازیبوون لسەر خو دا بگەهنە ئامانجێت قەنج ٠
- خوڤەگرتن

عبدالاله الحاج موسی

institut kurde de paris

خەباتی قوتابیانی کوردستان

● مەکتەبی سکرتاریەتی یەکێتی قوتابیانی کوردستان ئامادەی ئەکات ●

هەڤاڵ میشیل عەفلەق بۆ قوتابیان دەدوێت

خالید جوتیار

لە رۆژی ٢٠ـ٧ـ١٩٧٥ هەڤاڵ « میشیل عفلق » سەرکردەی دامەزرێنەری پارتی بەعسی سۆشیالیستی عەرەب لەگەڵ ئەندامانی « مەکتەبی ناوەندی قوتابیان » گەلێك گفتوگۆی لە بارەی ئەمرۆی شۆرش و دەوری قوتابیان کردبوو ٠

گۆڤاری « دەنگی قوتابیان » تەواوی وتەکەی هەڤاڵ «میشیل عفلق»ی بڵاوکردەوە ، ئێمەش بۆ لاپەڕەی « خەباتی قوتابیان» دەیکەینەوە بەکوردی و پێشکەشی قوتابیانی کوردی دەکەین ٠

هەڤاڵە خۆشەویستەکانم ٠٠ رۆژ بەختیارم ئەمرۆ لەگەڵ ئێوەی خۆشەویستدا دابنیشم و لە بارەی حیزب و شۆرشەوە بدوێم ٠ ئێوە بەتایبەتی لەم عیراقە خۆشەویستەدا دەورێکی زۆر پیرۆزو لەبارتان گێراوە ٠ داواتان لێ دەکەم هەمیشە سوربن بۆ خەبات و تێکۆشان چونکە لەم سەردەمەدا پێویستیمان بە بیری نەتەوەیی پێشکەوتوخواز هەیە تا تەواوی ئامانجەکانمان دێتەدی ٠

هەڤالان ٠٠٠ کاروانی حیزب لەم وولاتەدا نموونەی خۆماندوو کردن و رەنجی تاقی کردنەوەکانێتی ٠

قوتابیان دەورێکی پیرۆزیان هەیە ، ئەم دەورو خەباتەش سیاسەتی تێهەڵدان و چەوساندنەوە قەت کاری لێ ناکات بەڵام ئەوەش بزانن هێشتان زۆرمان ماوە ئەرکی مێژوویی خۆمان بە تەواوی ببینین ٠

ئێمە ئێستاش لەسەرەتای ئەو رێگا دوورو درێژەین کە جەماهیری عەرەب چاوی لێیەتی دابەش بوون و لێك چڕانی نیشتمانی عەرەب گەلێ ئەرکی خستۆتە سەرشانمان ، دیارە هەر گۆڕان و بەرەوپێشەوە چوونێکیش یەکێتی یەك خستنەوەی دەوێت ٠

هەڤالان ٠٠٠ کاروانی حیزب سەخت و گرانە ، چونکە گۆڕینی روخسارو ناوەڕۆکی بابەتەکان کارێکی ئەوەندە سووك و ئاسان نییە ، ئەڵبەتە ئەم دوو لایەنەش رەچاو نەکەین جەدەلی یەتی حیزب لێل دەکەین ٠

رێگامان دوورو درێژە چونکو نیازمان یەکگرتنەوەی هەموو نیشتمانی عەرەبەو دەشمانەوێت بیروباوەڕی حیزب بگەیەنینە هەست و دەروونی هەموو مرۆڤێکی عەرەب ٠ ئەم

بڕوانە ل ـ ٧

چرپەیەك

کەم کەس هەیە وەك مرۆڤێکی لادێیی لەژان و مرازەکانی مرۆڤی لادێیی بگات چونکە بارگرانی ئەم ژیانە بەنەبوونی و کۆتی پەیوەندیە کۆمەڵایەتیە بەسالاچوەکانیش پارسەنگێکی تری ئەم ژیانەن ٠ پێشان چونکو دەرەبەگ و چەوسێنەران راستەوخۆ ئەم کۆمەڵەی کوردەواریان دەچەوساندەوە و رەنجی بەروو بومی سالانەیان دەخواردن مرۆڤی لادێیی تامی لە رەنجی ئەم کار کردنە نەدەکرد ٠ ئەم بارەی کوردستان ئەگەر چی زۆری خایاند بەڵام چونکە بەرەوپێشەوە چوونی مێژوو ساغی کردۆتەوە کە هەر بەرەی خێرخوازو راست سەردەکەوێت ئەم بارەی کوردستانیش هەر لەدوخێکی خۆی نەمایەوە بەڵکو لەگەڵ شۆرشە پێشکەوتوو خوازەکەی (١٧)ی گەلاوێژ رۆژ لە دوای رۆژ بەرەوپێشەوە دەڕوات و بیروباوەڕی کۆنیش کاول و وێران دەبێت ٠ قوتابی گوندەکان شان بەشان باوکە جوتیارو کرێکارانیان لەهاوێندا بەشداری ئەرك و پێویستی یەکانن خوێندن لەتێڕوانینی قوتابی گوندەکان سەرکەوتنە لەپاشە رۆژو ئێستایدا بۆیە وەك چۆن کاردەکەن بایی ئەوەندەش ئاگاداری خوێندن و دەرسەکانیانن تا لە دوارۆژدا نەك هەر خۆیان بەڵکو خێزانەکەشیان بەبەختیاری بژێنن و بەشداری گۆڕانەکانی کۆمەڵیش بن ٠

فریاد بلال

ئاسۆیەکی روناك

دادە گەلاوێژ

تازە خۆر هەڵهاتبوو هێشتا دێی پاڵ شاخەکە خۆری تێ نەکەوتبوو ٠ لەم کاتەدا باجی گوڵە وولاخێکی پێش خۆی دابوو بۆ ئەوەی لەگەڵ کورەکەی کە ناوی ئازادبوو ، بچنە ناو رەزەکە ، ئازاد سواری وولاخەکە ببوو تاو ـ تاو نەقیزەیەکی ئەکرد بە ملی وولاخەکەداو ئەیووت هەچەـ هەچە ٠ دایکەکە ئەمەی لە کورەکەی دی پێی ووت : کورم ئازاری وولاخەکە مەدە با نەکەویتە خواری ٠

باجی گوڵە بەدەم تەشی رستنەوە رێگەی رەزی گرتەبەر تا کاتێ بەخۆیان زانی خۆر رمی بەسەر سەریانەوە بوو ٠ بەڵێ منداڵە خۆشەویستەکانم گوڵەو ئازادی کوری گەیشتنە ناو رەزەکە ، ئازاد هاواری کرد باوەکیان باوە ، ئەوە لە کوێت وا هاتین ئانوو دۆو چایشمان هێناوە ، وولاخەکەشم بەستووتەوە ٠

مامەارف لەوبەری رەزەکەوە وەڵامی دایەوە : وا لێرەم رۆڵە بەخێربێن کوا دایکت ٠ ئازاد ووتی خەریکی چا لێنانە ٠ باوکی ووتی وەرن ئەو ترێیانە داچنە ناو بەرچنەکانەوە وریابن هەڵنەوەرێ ، ئازاد ووتی بابەکیان ئەوە ئەنجامی رەنجی تۆیە ئەزانی چۆن خزمەتی رەزەکە ئەکەیت چاو لێبێ هەر هێشویەکی هوقەیەك ئەبێ ٠ ئازاد سێ بەرچنەی داگرت و پڕی کرد بەشێوەیەکی رێکو جوان ٠ لەو کاتەدا بیری نەوزادی هاورێی کرد کە لە شار پێکەوە ئەیانخوێند ، ئازاد ووتی بابەکیان تەڵێی چی ئەم سەربارە داکرم هێندێ ترێی نایاب هەڵبژێرم بۆ نەوزادی هاورێم ، باوکی ووتی کورم ترێ ترێی خۆتەو بەرچنەیەکی باشی بۆ داگرە ئازاد بەمە زۆر دڵی خۆش بوو دەستی بە هەڵبژاردنی ترێ کرد ٠

لەم کاتەدا باجی گوڵە لە سەر کانیەکەوە هاواری لێ کردن تایێ بحەسێنەوەو چا بخۆنەوە ٠

ئازادو باوکی هاتن بۆ لای دایکی ئازاد دانیشتن چاو نانوکەرەیان خواردو حەسانەوە هەستان وولاخەکەیان بارکردو ئازادو باوکیشی دوعا خوازیان لە دایکی ئازاد کردو بەرەو شار رۆیشتن لەوێش ترێکەیان فرۆشتو بە پارەکەشی پێویستی خۆیانیان پێ کڕی و گەڕانەوە لای دایکی ئازاد ٠

منداڵە خۆشەویستەکانم : تا رەزەکە ترێی پێوەبو ئەمە پیشەیان بوو ، بەراستی عەوڵو تێکۆشان چاکە هەرچی رەنج بدات بی گومان بەرو بومی هەر ئەخوات ٠

ئەکوێراتی یادی

تو چووی ٠٠٠!!
بوهار چوو ، ئەڤین چوو ، هیڤی چوون ٠
تو چووی ٠٠٠؟؟
خەیال چوو ، خەو چوو ، خۆشی چوون ٠
تو چووی ٠٠٠
ئێدی شاهی و دیلان بو چنە ؟
تو چووی ٠٠٠
ئێدی ژین و ژیارو گوڤەند چنە ؟
تو چووی ٠٠٠
بو چنە ئارمانچ و خەونێت مە چنە ؟
تو چووی ٠٠٠
تە نابینمڤە ٠٠٠ هەوارە چاڤێن من بو چنە ؟

✻⊙✻

کورەبم ئەز ٠٠٠
کانێ ئەو خەیالا جاراو کانێ ئەو مەیا رەنگین
ئەز بمرم ئەز ٠٠٠
کانێ ئەو سوزو ژڤان و هەلەخەو گەلتەو کەنین
تو چووی ٠٠٠!!
گوری تە بم ٠٠ بێی تە وێرانە دل و بێیەتە :

بوچی ئەم بژین

پاشماوەی ژمارەی پیشو

ئەسیری و چەند رەخنەیەك

ووشەیەکی تورکی یەو لە (قوناق)ەوە وەرگیراوە کە مانای (نیشتنەوە) دەگەیەنێت جا وەکو هەمووان دەزانن زمانی کوردی وەکو هەموو زمانی زیندووەکانی تری جیهان لە ووشەی بێگانە خاڵی نیەو نابێتیش ، ئەم ووشەیە (قۆناغ) لە زمانی کوردیدا رەگی داکوتاوەو شوێنی خۆی گرتووەو بووەتە مولکی زمانە کەمان ، بەڕای من دەس لێ نەدانی چاکترە ، چونکە بە زۆری لە ناو کۆمەڵی کوردەواری و ئەدەبیاتی نەتەوەکەماندا بەکار ئەهێنرێت ووشەی (هەوار) بەتەواوێتی مەبەستی (قۆناغ) ناپێکێت ، جا نازانم شارەزایانی زمان لەم ڕووەوە رایان چیە ؟ ٠٠

لە خاڵی سێیەمدا نووسراوە « هەڵبەستەکانی (گوڵزاری ئەسیری) کە لە لاپەرە (٦٥)وە دەستی پێ ئەکات بەریزی تیبی قافیە نەنووسراوە بە تێکەڵاوی نووسراوە ئەبوایە وا نەبوایە » ئێمە لە بارەی (گوڵزاری ئەسیری)وە لە لاپەرە (٦٤)ی کتێبە کەمانا نووسیومانە : دیوانێکی بچکۆلەی شاعیری شۆرشگێری کورد (ئەسیری) یە جا بۆ ئەم دیوانە بچکۆلەیە کە بریتی یە لە (٣٢) پارچە شیعری کوردی و فارسی و تورکی ئەوەندە هەڵئەگرێت بەریزی تیبی قافیە بنووسرێتەوە راستە ئەگەر هەڵبەستەکان لە (١٥٠) پارچە بەولاوە ببوتایە ئەوەیان پێویست ئەکرد ٠

لە خاڵی چوارەمدا ئەمەش خراوەتە روو : «دوو هەڵبەستی نایەبی کە وەسیەتەکەی ئەسیری یەو زۆر بەنرخن ٠٠ لە ریزی هەڵبەستەکانیا کە (گوڵزاری ئەسیری)ە وە لە لاپەرە (٦٥) دەست پێ ئەکا بە داخەوە نەنووسراوە هەرچەندە یەکەمیان لە لاپەرە (٦٠ـ٦٢) دووەم لە لاپەرە (٤٢) نووسراوە بەشی کردنەوەیەکی رێك و پێکەوە بەڵام لە بەراوردی پچرپچرە هەر ئەبوایە دووبارە بکرایەوە لە ریزی هەڵبەستەکانا چونکە هەردوو هەڵبەستەکە لە هەڵبەستە بەتینەکانی ئەسیری یەو زۆر بەنرخن » ٠

ئێمە وەسیەتەکەی (ئەسیری)مان لە ژێر ناونیشانێکی تایبەتی دا لە لاپەرە (٦٠)دا هەر وەکو کاك نەسرەو ئەڵێت بەشی کردنەوەییکی رێکوپێکەوە نووسیوەتەوەو بایەخی یەکی تەواومان پێداوەو شیعرەکەمان بە تەواوی نووسیوەتەوە ، جا دووپات کردنەوەی ئەم شیعرەو شیعرەکەی تریش (بێرە کوردستان) لە هەمان لاپەرە کەمەکانی کتێبەکەدا بە پەسەندمان نەزانی ، چونکە ئەوەی گرنگ بوو لە لای ئێمە ئەوەیە کە شیعرەکە بخرێتە پێش چاو وسەرنجی هونەری خۆمانی لەسەر دەربپرین ٠

کاك نەسرەو لە خاڵی شەشەمدا ئەم سەرنجەی خۆی دەربڕیوە « هەروەها چەند هەڵبەستێکی کەمو کوڕی تیا هەیە یان چەند ووشەیەکی بە هەڵە نووسراوە » ٠ هەروەکو باسمان کرد ئێمە چاومان بە دەفی تەواوی دیوانە دەس نووسەکەی (ئەسیری) نەکەوتوە ، زۆربەی ئەو شیعرانەی ئەسیری کە چنگمان کە وتووە لەو سەرچاوانەوە وەرمان گرتووە کە پەنجەمان بۆ راکێشاوون وەبەبێ دەسکاری کردن روونووسمان کردووە ، بەڵام وابزانم ئەسیری خۆی لە رۆژانی دواژیانیدا سەر لەنوێ چاوی گێراوەبەو شیعرانەی کە لەمەوبەر بڵاوی کردوونەتەوە ئینجا بەداخەوە ئێمە چاومان بەو دەس کاری کردنە دوایی نەدا نەکەوتووە ، بۆ نموونە ئێمە هەندێ سەرنجی تایبەتی خۆمان هەیە لەسەر هەندێ لەشیعرەکانی ئەسیری و لە پەراوێزەکاندا خستووومانەتە پێش چاو ٠

ئەگەر کاك نەسرەو ئەفەرموێ : « هەڵبەستی (حاصل) لاپەرە (٧١) دواییەی بەم چەشنە دێ (ئەی ئەسیری ناوی چاکت تا ئەبەد نائیل ئەبێ) نەك (زاهیر دەبێ) ـ کو نووسراوە » لەهەمان کاتیشدا کەریم شارەزای هاوڕێم دەربارەی ووشەی (زاهر) روون کردنەوەیەکی لە پەراوێزی لاپەرە (٧٧)ی کتێبەکەدا تۆمار کردووەو ئەویش سەرنجی تایبەتی خۆی دەربڕیوەو گومانی لە نادروستی ووشەی (زاهر) هەیە ، بەڵام ئێمە دەسکاریمان نەکرد لە بەرئەمانەتی عیلمی شعرەکە ، لە هەمان کاتیشدا پەنجەمان بۆ ئەو سەرچاوەیە درێژ کردووە کە لێیمان وەرگرتووە ٠

ئێمەش ئەگەر رۆژگار لەبار بێت بۆ جارێکی تر هەوڵ ئەدەین ئەو کتێبەمان لە چاپ بدەینەوەو بیگەیەینە دەس هەموو خوێنەوارانی کورد لە پاش چاو خشاندن بە کەمو کوڕی یەکانیا ، وەهەندێ زانیاری نوێمان چنگ کەوتووە دەیخەینە سەری و بە شێوەیەکی تێرو تەسەل و قەشەنگتر لە چاپی ئەدەینەوە ٠

بۆ ساڵی داهاتوو

عثمان عبدالله کوردە ـ هەولێر

بۆیە شۆرشی (١٧)ی گەلاوێژ زۆربەرەوی بەخوێندن داوەو لە هەموو ناوچەو شارو گوندیکیشا بنکەی قەلاچۆکردنی نەخوێندەواری کردۆتەوە یەکێتی قوتابیانی کوردستان لەو بوارەی پێشرەوی قوتابیانی کوردستانە پێویستە دەوری مێژوویی خۆی لە تێگەیاندن و رێگاخۆشکردنی ببینێت ٠ بۆ ساڵی داهاتوو چاومان لەوەیە پەیرەوو پرۆگرامی خوێندن بکۆردرێت چونکە ئەوانەی ئێستا لەگەڵ باری هەموو ناوچەکان ناگونجێت ، هەروەها مامۆستا بۆ هەموو گوندو جێگەیەکی ئەم کوردستانە رەوانە بکرێت چونکە پێشان دەستەی خاڵقە لەکۆی ئیمپریالیزم رێگایان لە خوێندەوارو خوێندن دەگرن و نەیان دەهێشت ئەم خەڵکە خوێندەوار بێ ٠

هەموو ساڵێك کە دەرگای قوتابخانەکان دەکرێتەوە کۆمەڵێکی تر لە قوتابیان دەچنە قۆناغو ساڵێکی نوێ ترەوە ٠ ساڵ بەدوای ساڵێش ئەرك و پێویستی یەکانی قوتابی زیاتر دەبێت ، چونکە ژیان خۆی لە گۆڕانو بەرەوپێشەوە چوونێکی بێ پسانەوە دایە ٠

ئەمرۆ قوتابیان بەپێی جۆری تێگەیشتن و رۆشنبیریان زیاتر هەست بەلێ پرسینەوە دەکەن چونکە لەپاڵ ئەوەی خوێندن هۆی بەختیاری پاشەرۆژە چەکێکی لەبن نەهاتووی میللەتیشە دژی چەوسێنەرو ئیمپریالیزمەکان ٠ خوێندن رێگای گۆڕان بەرفراوان تر دەکات چونکە ئەو نەتەوەی هێشتان دەردی نەخوێندەواری هەیە هەر دواکەوتوو وێڵەو سەرگەردانە ٠

دەنگ و باسی قوتابیان

● رۆژی هەینی رابردوو (٥٠٠) قوتابی تر لە قوتابخانەکانی ئامادەیی « الکراده الشرقیه » چوونە ئوردوگای (سەرکەوتن) ٠ قوتابیان تا ئێستا (٤) هەزارو «٩٣٨» قدم٢ لە شەقامەکانی شاری «الرشاد»یان قیرتاوکردووە ٠

● سەد قوتابی کوڕوکچ لە کۆلێجی پزیشکی و کۆلێجی پزیشکی ددان بەشداری چارەسەرکردنی گیروگرفتەکانی دانیشتوانی « الثورە»یان کرد ٠

● بڕیار دراوە کە « ٤٤ » بەریوەبەرو جێگری بەڕێوەبەر بۆ قوتابخانەی مامۆستایانی سەرەتایی « دابمەزرێندرێت » ٠

● وابڕیار دراوە کە ئەمساڵ (٢٠٠٠) قوتابی لە زانکۆی بەغدا لەبەشی ناو خۆیی وەربگیرێن زیاتر لە (٢٠٠٠) هەزاریش سلفە وەربگرن ٠

چیروکا کورت .. چەوادێ نفیسێ ؟

وەرگێڕانا فاروق ئامێدی

چیروکا کورت گفتوگۆیەکا جانە دزڤریت لدوی تشتەکی ئان هەڤرکیەکێ تا دگەهینە دویماهیا وی تشتی یان وێ هەڤرکیێ ٠

هەلبەت دوو هێزێن هەڤرك دڤێت بەشدار ببن دوان جۆرە چیروکاندا ، ئەڤجار ئەو هێز مرۆڤ بن ئان دەهبە بن یان هەر تشتەك بیت ٠٠ هەر وەکو مە گۆتی ٠٠ بێ هەڤرکی چ چیروك پەیدا نابن ٠٠ هەڤرکی لناڤ بەرا دوولایان ٠٠ ئەو لا چ مرۆڤەك بیت یان چەند مروڤ ٠٠ یان هێزەك ٠٠ کۆمەلەك ـ بیروباوەر ٠٠ ئایین ٠٠ یاسا ٠

چیروکا کورت چارەسەرکرنا کارەکی یان رویدانەکا بتنێ دێ بکورتی کەت ، کێم جاران ئەم ژ دوو کەسان پێتر نابینین لناڤ کورتە چیروکاندا ، ئێك جەهێ بێ هەی بۆ فان توخمە رویدانان ، دەم ژی دڤێت دەمەکێ کورت بیت ٠

بەروڤاژیا چیروکا راست و درستەڤا کو راستیا رویدانان دیار دکەت گەلەك جاران ژچێکرنا خەیالێ یە ٠٠ ژبەر هندێ دانەرێ چیروکا خەیالی دێ هێت باسی هندە کەسان کەت و هندە رویدانان دێ ژ نك خۆ پەیدا کەت و لگەلی بکارئینانا رەنگینە بناغەیێ یێن چیروکا کورت ٠

ئەڤجار بسەربەستی دێ هێت و چیروکەکێ درست کەت و دویماهیەکا دیار ژی دێ بۆ دانیت ، لسەر هندێ را دێ هێت هیڤیەکێ و دل راکێشانەکێ درست کەت کو ژ ڤانیەك و چاڤەرێیەکێ تێدا درست بکەت بۆ خوێندەواری ٠

هزرێن هویر و خیچ کێشان گەلەکا پێ تڤی یە بۆ دانان و نڤیسینا کورتە چیروکان ، نڤیسەڤانێ بکێرهاتی دەست بنڤیسینا چیروکێ نا کەت ئەگەر هیرك هزرێن خۆ نەکرین و خیچ بۆ نەکێشاین ، بێی دانانا رێ و شوینەکا روهن و زەلال نڤیسەڤان نەشێت چیروکەکا کاری گەر و بووچ بەلاڤ بکەت ٠

لگەل نڤیسینا چیروکێ دانەر دڤێت ئاخفتنێن رەوان بێژ بهاڤێتە تێدا بۆ هندی کو خوێندەوار بایەخەکێ مەزن پێ بدەت و رەنگێن دل راکێشانێ بگەلەك چەشنان بکار بینیت ٠ باشترین رەنگێن رەوانێژیێ د چیروکی دا ئەڤەنە :ـ

١ ـ ژبەر کو لسەر نڤیسەڤانی ئەوە پیتەکا مەزن دوەتە پێشەکیا چیروکێ کو وە لخوێندەواری بکەت کو یێ بەردەوام بیت و خوێندنا چیروکێ دا ٠٠ دانانا سەرەتایەك و پێشەکی یەکا باش دگەل روون کرنەکا چاك کارەکێ مەزن دێ کەت لسەر دەمارێن خوێندەڤانی ٠٠ ئو دێ بێ بەردەوام بیت د خویندنا خۆدا ٠٠ لسەر نڤیسەڤانی بزوی ترین وەخت دەم و جهێ رویدانا کاری یان رویدانا چیروکێ دیار و ئەمشکەرا بکەت ٠ نڤیسەڤان پێ نڤی یە وورە وورە دگەل چیروکا خۆ بچیت و گرێ یا چیروکێ ئەشکەرا بکەت ، نڤیسەڤان بەرپسیارە لسەر ئەو هەڤرکی یا هەی د چیروکێدا ئو لسەر تۆرێ وان کەسان ئەوێن هەڤپشك دچیروکێدا ٠

٢ ـ دل راکێشان و ژڤانی و چارچاڤی (قلق) :ـ

دەمێ نڤیسەڤانەکێ زێرەڤان چیروکا خۆ دادنیت لسەر وی ئەوە وە لخوینەدەواری بکەت کو هەمی دەمان یێ بژڤان و دل راکێشان و چارچاڤ بیت ، نڤیسەڤان وەسا چیروکێ بینتە دەر یان بێخێتە بەر چاڤان کو خوینەڤان باوەر نەکەت گەنگی دێ وێ چیروکێ بدویماهی ئینیت ٠ ئەو دڤێت رابیت هەمی کارەسات و رویدانێت وێ چیروکێ برێیە کا وە تۆق بێخیتە بەر ئێك کو دلێ هەمی خوینەدەواران راکێشیت ئو خوینەدەوار بلەز و بەز بکەڤیت بۆ بدویماهی ئینانا وێ چیروکێ هنرە جاران نڤیسەڤان دێ خوینەدەواری تێگەهینیت لدەمێ خوینەدەوار سێ بەر دەوام بیت د چیروك خویندنێڤە کو هنرە تشتێن دی یێن هەین دناڤ چیروکێ دا پێ نڤی یە پێ بزانیت داپێ بەردەوام بیت لسەر خویندنا خۆ دا وان تشتان بزانیت ٠

نڤیسەڤانێ شەهرەزا پێ نڤی یە ماکا چیروکێ ئان سرا چیروکێ زوی بزوی ئەشکەرا نەکەت ٠٠ چنکی ئەگەر ئەشکەرا کر دبیت خوینەڤان چیروکێ بهێلیت و بدویماهی نە ئینیت ئو دڤێت پێ بەردەوام بیت جار بجار دلێ خوینەدەواری پتر رابکێشیتە چیروکێ ٠

٣ ـ دروست کرنا کەسان د چیروکێ دا :ـ

پێ تڤی یە نڤیسەڤان گەلەك رێیان بگریت کو وەسا نیشا خویندڤانی بدەت کو کەس و مرۆڤێت چیروکێ د ساخن و یێن هەین ئو وەسا ئەشکەرا بکەت کو هەر کەسێ بخوینیت هەستێ بکەت کو خۆ بخۆ پێ دناڤ چیروکێدا ئو لگەل کارەسات و رویدانێن چیروکێ دا دژیت ٠٠

٤ ـ گفت و گۆ (ئاخفتن) دچیروکێ دا :ـ

گەلەك مرۆڤ وان چیروکان هەلدبژێرن ئەوێن گەلەك گفت وگۆ تێدا هەین چنکی ئاخفتن و گفت و گۆ جۆرە ژیانەکا سروشتی دیاردکەت و ژینەکا برەنگ دئینیتە بەر چاڤێت مرۆڤی ٠ ئەگەر چیروك ڤان بزانیت دێ چەوا گفت و گۆان دچیروکێدا بکار ئینیت دێ شێت پال بچیروکێ ڤەنیت ئو پێش بێخیت و بسەر بێخیت ٠

گەر چیروکا کورت ٠٠ هەر چیروکەك بیت ٠٠ ئەڤ تشتێت مە گۆتین تێدا نەبن چ جهێ خۆ نابیت لناڤ چیروکێن کورتدا ٠

بۆشی یەکی خوشکم

خوشکە کوچ کردوەکەم ٠٠!

لە بەهاری ژینا بای خەزان و مەینەتی روژگار بێ بەزەییانە پەڕەی ناسکی گولی تافی لاوێتی تویان هەلوەران ٠٠ هەوەرە تریشقەی مەرگ زەمینەی ژیانی نازداری توی کرد بە مەلبەند ٠٠ مردن دەستی خۆی لە گیان و ژیانیك وەشاند کە هەتاهەتایەو تا بەشەر وا بەروی زەویەوە لەبیر نەچێتەوە ٠٠ پەردەی رەش شابالی ماتەمینی بەسەر چرای ژیانی شیرینیکی لە شیرین شیرین ترا کیشا ٠٠ هەموو خۆشیەکی رابوردو درایەوە دەست کردگارو کۆمەڵە ناسۆرێکت بۆ ئیمە بەجێ هێشت ٠٠

مردن دەستەو یەخەی شیرینیك بوو کە لە سەرەتای

پلەی دوەمی ژیانا چاوی ئەکردەوە ٠٠ دەك مالت برمێ مردن بۆ دەرونی بی بەزەیی و چەپۆکی قورست ٠٠ تیرێکت لە جەرگی برای ئەو تاقە خوشکەدا کە هەرگیز برینی ساریژ نابیتەوە ٠٠ هەزاران نهینی و ئامانەتی سروشتی بەگل سپارد ٠

برات
شیروان عەبدوڵا بەرزنجەیی

institut kurde de paris

عەزیز نەسین نووسەری گەورەی تورك

لە جیهانی ئەدەبدا ، بە تایبەتی لە جیهانی ئەدەبی توانجدا ، (عەزیز نەسین) یەکێکە لە نووسەرە هەرە پێشکەوتووەکانی ئەم سەردەمەمان کە مرۆڤایەتی شانازیی‌یان پێوە دەکا .

ئەم نووسەرە پڕ بەرهەمە رەخنە گرێکی توندو تیژە لە هەموو ناهەمواریی‌یەکی کۆمەڵایەتی کە لە تورکیادا بەر چاوی دەکەوێ . ئەو رەخنەیەشی بە زۆری لە قالبی چیرۆکێکی بە پێکەنینەوە دەرخستووە . لە بنەڕەتا ئەوەی ئەو باسی دەکا ، پێویستە پیاو بۆی بگری نەك پێ بکەنێ ، چونکە ناتەواوی‌ی کۆمەڵە .

خۆی دەڵێ :

پێ ئەکەنم چونکە ناتوانم بگریم . لە باسی ژیانی خۆی‌دا دەڵێ :

لە کۆتایی جەنگی جیهانی‌ی یەکەمەوە هاتوومەتە دنیاوە . وەك کاتەکە بە دەست خۆم نەبوو ، کە سالی ١٩٢٥دا چاوم لەم جیهانەدا کردەوە ، کاتێك کە تەنگ‌و چەڵەمەی ئابووری هەموو دنیای گرتبۆوە ، هەروەها شوێنەکەش بە دەست خۆم نەبوو . کە دورگەی (هیپۆلی)یە لە ئەستەمبوڵ کە شوێنی دانیشتنی پیاوە دەست ڕۆیشتوو دەوڵەمەندەکانە .

باوکم خەڵکی ناوچەی (ئەنەدۆڵ) بوو ، ورووی کردبووە ئەستەمبوڵ ، هەروەها دایکیشم خەڵکی دێ‌یەکی ئەو ناوچەیە بوو ، گۆیا هەردووکیان ئەرکی هاتنە ئەستەمبوڵیان خستبووە سەر ئەستۆی خۆیان بۆ ئەوەی من بهێننە دنیاوە .

نەکەن وا خەیاڵ بکەن کە باوکم یەکێك بووە لە پیاوە دەست ڕۆیشتووەکانی تورکیاو بۆیە لەو دورگەیەدا نیشتەجێ بووە ، نەء .. بەڵکە دەبوایە ئێمە خزمەتی ئەو خوا پێ داوانە بکەین تاکو ژیانیان خۆشتر بێت .

ناویان نام (نصرت)و ئەم ووشەیەش عەرەبی‌یەو مانای یارمەتی‌یە ، گوایا خوای گەورە یارمەتی دایك‌و باکمی دابوو کە منی پێ بەخشیبوون .

من‌و براکانم ، لەبەر برسێتی‌و نەبوونی ، هەموومان لاوازو بێ هێز بووین .

ئەسپارتی‌یەکان ، منداڵی لاوازو بێ هێزیان لەناو دەبرد بۆ ئەوەی کە کۆمەڵ دوچاری مرۆڤی بێ هێزو کەم توانا نەبێت ، بەڵام سەبارەت بە ئێمەوە سروشت ئەم کارەی ئەنجامدا ، هەر چوار براکانم یەك لە دوای یەك مردن . جا ئەگەر بزانن کە ئێمە لە چ حاڵەتێکی ناڕێك‌و ناخۆشدا دەژیاین ، پەی بەوە دەبەن کە من چەند گیان سەخت بووم چونکە نەمردم .

هەرچەندە لە خێزانی ئێمەدا کەسێکی خوێندەوار نەبوو سەرتان سوڕدەمێنێ ئەگەر بزانن من هێشتا تەمەنم لە (١٠) دەسال تێ پەڕی نەکردبوو کە ئارەزووی نووسینم دەکرد . بەڵام لە بەدبەختیم‌دا هەر ئەوەندە دەستم بۆ قەڵەم برد ، لە قوتابخانەیەکی شەو لەگەڵ منداڵی هەژارو بێ کەسان‌دا قایم کرامو لە ئەنجامدا لە جیاتی ئەوەی ببم بەنووسەر ، چوومە ریزی سوپاوە .

لە ساڵی ١٩٣٣ کە یاسای هەڵبژاردنی ناز ناوی خێزان لە تورکیادا دەرچوو ، هەر کەسە بە ئارەزووی خۆی ناوی قەبەو زڵی بۆ خۆی هەڵ دەبژارد . ئەوەی کە زۆر ترسنۆك بوو ناز ناوی ئازایەتی‌و تەمبەڵی ، نازناوی زیرەکی‌و دز ، دەست پاکی هەڵ بژارد . تەنانەت مامۆستا کەشمان کە بەحاڵ ناوی خۆی دەزانی بنووسێ (خۆشنووس)ی بۆ خۆی هەڵبژارد . هەندێ کەس بەمەشەوە نەوەستان‌و نازناوی ئەوروپایی‌یان بۆ خۆیان هەڵبژارد . بەڵام ئێمە لەمەش هەر بێ‌بەش بووین‌و نازناوی (نەسین)مان هەڵبژارد کە مانای (تۆچ‌کارەی) دەگەیەنێ

لە ساڵی ١٩٣٧دا بووم بە ئەفسەر لە سوپای تورکیادا . بەڕای خۆم ناپلیۆنێکی تازە لە دایك بوو . چونکە گەلێك لەئەفسەرە تازە پێ‌گەیشتووەکان خۆیان بە ناپلیۆن دەزانن‌و ، هەر یەکە نەخشەی جیهان لەبەر دەمی خۆی دادەنێ‌و بەقەڵەمی سوور خەتی لەسەر دەکێشی‌و دوای ماوەیەك سەیر دەکا هەموو جیهانی داگیر کردووەو نەشی زانیوە ئەم جیهانە ئەوەندەی چنگێك بووە .

ئەم نەخۆشی‌ی خۆ بە ناپلیۆن زانینە ، نەخۆشی‌یەکی کوشندەیە ، ئەفسەری وا هەیە کە تووشی بوو ، تا دەمرێ هەر خۆی بە ناپلیۆن دەزانێ ، بەڵام باش بوو من دوای دوو ساڵ لێی ڕزگار بووم . کە دەستم بە نووسین کرد شیعرم دادەنا ، بەڵام پاش ماوەیەك وازم لێ هێنا ، چونکە بیستم کە شاعیری بەرزی تورك (ناظم حکمت) لە بەندیخانە گوتبووی : عەزیز پەخشان بنووسی باشترە لەوەی کە شیعر دابنێ . هەر چەندە گەلێك کەسی‌وا هەن کە شیعرەکانیان زۆر لەشیعرەکانی من نزم ترە کەچی خۆشیان هەر بە شاعیر دەزانن .

عەزیزنەسین دەڵێ :

دوو جۆر مرۆڤ بە خۆشی دەژین ، نووسەر لە وولاتی سوشیالیست داو بازرگان لە وولاتی سەرمایەداری‌دا . بەڵام لە تورکیادا دیارە هەر خاوەن پارە (پارەدار) بە خۆشی دەژی .

کاری (توانج نووس) زۆر سەختە ، چونکە زۆر جار مرۆڤ تووشی دەردە سەری دەبێ . ئیشەکەی وەکو کیمیا باش بوو من دوای دوو ساڵ لێی ڕزگار بووم . کە دەستم بە نووسین کرد شیعرم دادەنا ، بەڵام پاش ماوەیەك وازم لێ هێنا ، چونکە بیستم کە شاعیری بەرزی تورك (ناظم حکمت) لە بەندیخانە گوتبووی : عەزیز پەخشان بنووسی باشترە لەوەی کە شیعر دابنێ . هەر چەندە گەلێك کەسی‌وا هەن کە شیعرەکانیان زۆر لەشیعرەکانی من نزم ترە کەچی خۆشیان هەر بە شاعیر دەزانن .

عەزیزنەسین دەڵێ :

دوو جۆر مرۆڤ بە خۆشی دەژین ، نووسەر لە وولاتی سوشیالیست داو بازرگان لە وولاتی سەرمایەداری‌دا . بەڵام لە تورکیادا دیارە هەر خاوەن پارە (پارەدار) بە خۆشی دەژی .

کاری (توانج نووس) زۆر سەختە ، چونکە زۆر جار مرۆڤ تووشی دەردە سەری دەبێ . ئیشەکەی وەکو کیمیا

بڕوانە ل ـ ٧

عبدالکریم محمود شێخانی سلێمانی

گەر وایە کە چەند شتێکی تفت‌و تاڵ تێکەڵ بە یەك دەکات بۆ ئەوەی دەرمانێ شیفا بەخشی لێ در بکات .

هەر لەو کاتەدا کە بور ئەفسەر دەستیشی بە نوو سین کرد . یەکەم بە ناوی (عەزیز نەسین) نووسینەکانی بۆ گۆڤارو ڕۆژنامەکان دەنارد . ئەم ناوە (کەناوی باوکێتی) زۆر جار دەبوو بە هۆی دەردی سەری بۆ خۆی وباوکی . گەلێك باوکی‌یان بانگ دەکردو ئازاریان دەدا چونکە ڕەخنەی توندو تیژی گرتووە ، کە قورپەسەرە ئاگای لە مەحمو بێ زەوادیش نی‌یە . لە لا تریشەوە کە لە وولاتانی دەرەوە هەقی وەرگێرانی نووسینەکانی خۆی بۆ دەهات نەی دەتوانی بە ناوی خۆی لە بانکەکانەوە

بڕوانە ل ـ ٧

دەربارەی : چەند وشەیەك لەبارەی وشە دروستکردن و داتاشینەوە

محەمەد ئەمین هەورامانی

لە ژمارە (بێژمارەی) هاوکاری ڕۆژی ٩-٥-١٩٧٥دا ، کاك محەمەدی مەلا کەریم بە ناوونیشانی : (چەند وشەیەك لە بارەی وشە دروستکردن‌و داتاشینەوە ، وتارێکی بڵاوکردەوە ، تیایا هەندێ شتی زمانناسی چارەسەر کردوە وەنی‌یە هەر تەنها کاك محەمەد دەستی باڵای لە زمانناسی‌دا هەبێ ، بەڵکو لە ئەدەب‌و وێژەو فۆلکلۆرو لێکدانەوە ڕەخنەو شیعر هۆنینەوەش‌دا هەیەتی ، بەڵگەش بۆ ئەمە زۆر زۆرە ، وە یەکێ لەوانەش ئەوەیە ، کە گۆڤار ، یاخود ڕۆژنامەی کوردی نی‌یە دەرچێ‌و بەلای کەمی‌یەوە وتارێکی ئەوی تیادا نەبێ ! منیش یەکێکم لەوانە کە حەزم لە خوێندنەوەی هەندێ وتاریەتی .. ئەم جارەش (دەورو پشتی ١٣/١٤-٥-٧٥ بوو) وەك جاری جاران ، هەر کە (هاوکاری)م پێ گەیشت پەڕە پەڕەم کرد ، بۆ تەماشا کردن‌و زانینی ئەو وتارانەی کە پەیوەندیان بەو شتانەوە هەیە ، کە من دەتوانم سوودیان لێوە وەرگرم .. هەر کە چاوم بەم (تایتلە) درێژە سەرنج ڕاکێشەرە کەوت ، یەکسەر دەسم کرد بە خوێندنەوەی . خوێندمەوە ! دیسان خوێندمەوە .. ! لام وایە خوێندنەوەکەم بۆ چەند جارێ دوپات کردەوە ، ئەوەی کە زۆر سەرنجی منی ڕاکێشا ئەوەیە ، کە ئەم وتارەی ئەم جارەی لەوانی تری جیاوازترە ، چونکە بریتی‌یە لە چەند شتێك ، گرنگە کەیان تاریفدانی لایەکە لە سەر حیسابی سەرو پۆتك کوتاندنی لایەکی کە ، یا چەند لایەکی کە .. وە بەکار هێنانی وشەیەکی زۆر سەیر !! ئا ئەمانە وایان لێ کردم کە کورتە وتارێکی وەلامنامە ڕەنگ بۆ ئەم وتارەی ئەو بنووسم . بە کورتی ئەم وتارەی کاك محەمەد ، بەلای منەوە ، لە ڕوالەت‌دا باسی زمانناسی‌یە ، بەڵام لە جەوهەردا تاریفدانی کۆپە ..

لە پێشەکی‌یەکەی وتارەکەی‌دا (هەندێ زاراوی) زمانناسی بەکار هێناوە ، بەڵام جیانە کردنەوەی جیاوازی نێوان (وشە)و (مفردات)ەکەی جێگای سەرنجە ـ (ئەگەر ماوەم درا لە وتارێکی تردا ئەم جیاوازی‌یە باس دەکەم) ـ چونکە بە یەك واتاو یەك وشە لە قەڵەمی داون ، جگە لەوەی کە هەندە وشەیەکی بەکار هێناوە ، یا واتاکەیان تێ‌نەگەیشتوە یاخود لە جێگای واتای خۆی‌دا بە کاری نەهێناون یاخود ئەمەی وەك تاریفدانە کە بە لاوە گرنك نەبوە !! با نەختێ لەم وشانە دەرخەین ، (زەق) ، (فەرهەنگ) (لە بەر چاو) ، «لە سنوور بەدەر » ، « ساختە » (بە مەبەستێکی تر) .. هتد .

وە لە هەندێ عیبارەت و وشەی تر : نووسەر دەڵی : (.. ئەم وشە ساختانەیان تێدا بەکار هێناوە ..) نەك ، (بەکار هێنراوە) !! ئەمە لە لایەکەوە ، وە لە لایەکی کە شەوە ، نازانم بۆچی وشەی ساختە بەکار هێناوە)! ئەوەی واتای وشەی (ساختە) بزانێ هەرگیز لە ئەدەب و زانستی‌دا (زۆر پێویست نەبێ) بەکاری ناهێنێ ! چونکە وشەی ساختە (جنێوە ـ دژنێوە ـ دژوێنە) .. بۆ نموونە ، (فلان کەس ساختە چی‌یە) ! با بڵێین لێرەدا کاك محەمەد بە پێویستی زانیوە بۆیە بەکاری هێناوە ، بەڵام کامیان ساختەن ، وشەی (فەرهەنگ) یاخود وشەی (دیم) ؟؟

لام وایە هەمووکەسێ لەئێمە بزانێ کە وشەی (فەرهەنگ) فارسی‌یەو واتای (معارف) ئەدات باشە ئینجا ، بەکار هێنانی وشەی (فەرهەنگ) لە جیاتی (قاموس) وە بە تایبەتی لای یەکێکی وەك خاوەن وتاری زماناسی دژ بە وشەی ساختە ، چی ئەگەیەنێ ؟ هەڵبەتە ئەمە وانی‌یە ، چونکە وشەکە فارسی‌یەو خۆی بەکاری هێناوە لە کوردی‌یەوە نزیکترە تا وشەی (دیم)ی هەورامانی!

با ورد ببینەوە لەم عیبارەتەی : (... لە زاراوەی هەورامیشدا دەق بە مەعنا (دیو)ی سولەیمانی‌یە ...) ئەمەی ئەم ، بە بێ زیادو کەمی‌یە فتواکەی (مطاطیەتی) تێدا نی‌یە .. باشە ، ئەی ئەگەر واتای لەمە زیاتردا خۆ خاوەن ، نووسەر زیز نابێ لەوەی کە نەی‌زانیوە !

وشەی (دیم)ی هەورامانی بەم واتایانە دێت : یەکەم بە واتای (دەم‌و چاو) وەك : (ئا د « دیم »یش شتێ) واتا : (ئەو دەم‌وچاوی شوشت) . دووەم بە واتای (چەم‌و دۆڵ) وەك : (ئارۆ ئا « دیم »ان (دیم)یمە وشکێ) واتا ، (ئەمڕو ئەو چەم‌و دۆڵەم پشکاند) .

سێیەم بە واتای (بێ‌بار) وەك : (بێ « دیم » !.) واتا (بێ بارە) چوارەم بە واتای (صفەت)ی عارەبی وەك :(ئاد «دیم»ی وەشش نی‌یا) واتا : (ئەو صفەتی باشی نی‌یە) . پێنجەم بە واتای (دیو)ی سولەیمانی وەك : (بە تانی‌یەکە دووە « دیم »!.) واتا (بطانیە) کە دوو دیوە . شەشەم بە واتای ئەم ژوورو ئەو ژوور وەك تۆ لە ژوورێك‌دا دانیشتبیت‌و مناڵێکیش هەر ئەم ژوورو ئەو ژوور بگا ، پێی دەڵێت : (دا بیوتایە : (.. ئەم وشە کەم ئی «دیم »و ئەو (دیم) کەرە !) واتا : (داکەم ئەم ژوورو ئەو ژوور بکە !) حەوتەم بە واتای ناوێك کە سەرەکەی (دیم)ە کە لێرەدا واتای (روو) ئەدات ، وە ئەو ناوەش لێکدراوەش (دیملە شۆرە)یە . ئەمە جۆرە شتێکی سپی‌یە ، کە لە ناو ئافرەتانی هەورامان‌دا باوە بۆ ئارا یشت کردن‌و خۆ جوان کردن ئەگەر ئەم ناوە بکەین بە سۆرانی (وشە بەوشە) لام وایە (دەم‌وچاو شۆر) ئەگرێتەوە ، کە ناوی تایبەتی لە سۆرانی‌دا ـ (دیم)ە شۆرە ـ یە ، جگە لەمەش لە سۆرانی‌دا تەعبیری (دیمانەت بە خەیر) هەیە وا تا (بەخێر بێت) لام وایە ئەم دیمانە لە وشەی دیمەوە وەرگیرابێ . هەشتەم وشەی (دیم) بە (کار) لە گەڵ ڕاناوی لکاودا بەکار دێت ، وەك بڵێیت : (ئەرێ فلانە کەسنت دی ؟) لە وەڵامدا دەڵێ : (بەڵێ دیم) کە ئەمەش لە سۆرانی‌دا هەر بەهەمان قەوارەو واتا هەیە .

هەروەها دەڵێ : (.. ڕووی گەشی زمانەکەشمان ڕەش ئەکاتەوە ..) . من نازانم بۆچی ئەبێ زمانی کوردی تەنها هی ئێوە بێ ! خۆ ئەگەر واش بێ ، بۆچی ڕووی گەشی ڕەش ئەبێتەوە ؟ ئەمە جگە لەوەی کە تەعبیری وا لە زمانی کوردی دا نی‌یە ـ دووریش نی‌یە بۆ سەرنج ڕاکێشان

بڕوانە ل ـ ٧

نوێژی جوتیار

حەمەبۆر ـ شەقلاوە

جوتیارێکی کوردی لاواز پشت چەماو
دیمەن هەژار ، دەردی ژین لێ دیاری داو
وشکەڵاتوو ، چرچ‌و زەبون ، ردێن پان
چەوساوەیی لە رویا بوو بۆ نیشان
ناو چەوان تەڕ ، گەرو وشك‌و ئەندام شل
ماندوێتی ئەو بە ماندوێتی ئەدا تل
پیرو بێ دەق ، سەرودەس نەق ، زەق پەڕپوت
لا هەڵپچراو ، شڕ ، جل دڕاو ، نیوە روت
توکی سپی‌و اۆچی ڕوو ، وناو چەوانی
نوسراوێك بون لە بەڵگەی تاڵی ، ژیانی
لەرەقەنێك جوتی ئەکرد بەڵام چۆن
جوتەگای لات کەرەستەی جوت شل‌و کۆن
لەو کاتەدا ئەم جوتی ئەکرد وردو ورد
گەرماش کپی خۆی لە بەرۆژ توند ئەکرد
لەبەر قرچەی سوری هەتاو لەسەر خۆ
لەو لاپاڵە جار جارە ئەیکرد هۆ .. هۆ

✱✱✱

لە پرێکا لەسەر باسکی لای دێوە
بانگێ کرا ئۆ هۆ .. هۆ .. لاڵۆ سیوە
جوتت بەردە بێرەوە ئاوایی زوو
تاکو فریا کەوی بۆ نوێژی هەینو

✱⊙✱

کابرا خاو خاو روی کردە لای ئەو دەنگە
روانی‌و زانی ڕاستە بۆ نوێژ درەنگە
بەڵام چون زۆر جوری جەوری ژین دیبو
چی‌بە شەمە یایەکشەمەو هەینی بوو
بۆیە دەستی خستە کەمەر لە پێشا
ئەمجا پرسنگ هەناسەیەکی کێشا
وتی فەقێ هەر چەن ئەکەم ناتوانم
جوتم بەردم کە ڕێم نادا ژیانم
چون بیست ڕۆژە بۆ ئاغا وەرد ئەکێڵم
ئیمرۆیەتی بۆ خۆمە چۆن جێی بێڵم ؟
باپیرانمان وتیان : وتە هەزارە
بەڵام لەوەش تەنیا دوانی بەکارە
منیش بەتۆ ئەڵێم نایەم لێم لادە
خێزانەکەم ڕەش‌و روت‌و بەربادە
کاری ئیمرۆم هیوای ساڵی دواییمە
هەر ڕۆژێ وا لە کارایم شاییمە
چەنەم سوا ، بەردبو بە ئاو ، وتی چەق
تا ئیمرۆم پێ سەنرا لە ئاغای دڵ ڕەق
فەقی وتی تۆ پیری‌و نوێژ بۆ خوایە
کەواتە چۆن نە هاتنت ڕەوایە
لاڵۆ وتی : ڕاستە بەڵام تا ماوین
پێویست ترین تیکۆشانە لە ڕێی ژین
چونکە لای خوا ، خوا پەرستی‌و کار کردن
هەردو مایەن بۆ بە هەشت‌و لێ بوردن
خوا ئەبوری بەڵام ئاغا کەی ناو مان
دەنکێ جۆی دەرئەهێنێ لە چاومان
نەك یەك بە یەك ، یەك بە چل ، یەك بە هەزار
تاکو ئاوا گشتی کردینە پوار
فەقێ وتی : بەڵام ئیستە ئەی لاڵۆ
لە دێ (٣٩)ین ، هەینی ناکرێ بەبێ تۆ
کەواتە ڕێی گوندی بگرەو بیزانە
نوێژی هەینی حەجی هەژارە گیانە
لاڵۆ وتی : من لە دێ حەوت کوڕم هەن
بۆچی یەخەی من ئەگرن ئەوان نابەن
فەقێ وتی : خاڵۆ ئەزانم وایە
نوێژی هەینی چل کەس نەبێ پێك نایە
ئێمە ئیستە بەوانیشەوە (٣٩)ین
بۆیە کە پەك کەوتەی یەکیکی وەك توین

بڕوانە ل ٧

کینگاشێت تۆم سوێری

Tom Sawyer

نقێسینا : مارك توینی
گوهرینا : غازی احمد سعدالله‌ی ژئنگلیزیی

یاراست من دڤێت ئەزتشتەکێ نوی پێشکێش خونیدەڤانێت « هاوکاری »ێ بکەم‌و لمن‌وەرە ئەڤ پارچە ژچیروکا بناڤ‌و دەنگا « مارك‌راستەوخۆ ژئنگلیزیێ بکەمە توینی » هێژای هندێ‌یەکوردی ، بەلێ پا ئەز باوەردکەم وەکی بئنگلیزیێ ڕەوان‌و خوشەژبەرکو بزمانەکێ گەلەك بەرفرەو خزمەتکری یاهاتی‌یە نڤێسین ، وەسا بکوردی ناهێت هەروەکو ژ ئەدرێسێ چیروکێ‌دیارە ، دیسان من ناڤێت بەهلەوانێت چیروکێ بێت گوهارتین ، دبیت ئەڤە دەست درێژیەك بیت لسەر « دەقێ مارك توینێ مەزن ، بەلێ پا ئەڤەژی هەر ژبو هندێ‌یەچیروك کوردی‌تر لێ بهێت . هێڤیدارم دەمەکێ خوش دگەل‌شەرو کینگاشێت توم‌سوێری ببەن ، یێکو من ناڤێ وی‌کری‌یە (سیسو)و سرایێ وی سیدنی یێ مە کری‌یە (قادر)و خولامێ‌وان (محوی)و مەتا وان ـ پولی ـ ئەڤا مەن کری‌یە (زەل) .

ـ غازی ـ

(کەسێ مەرسڤ نەداڤەو جارەکادی مەتا زەل .
کرە هەوار ..
ـ سیسۆ
جارەکا کەسێ بەرسڤ نەداو مەتا زەل د دلێ خودا گوت :
کرۆ سیسۆ نەهەرێ کەسێ خولێ ئەکرە خودان‌و لناڤ
ـ ئەڤ کورە کیڤە چوویە .. مالێ هەمیێ گەریا بەلێ پا ل چو جهان نەدیت ، ئینا بدەنگەکێ بلند گوت ..
ـ باشە ، تو دزانی هەکە ئەز تە بگرم دێ دێ چ لتەکەم؟!
هێشتا ئاخفتنا خو تمام نەکربوو ، وەکی خوچەماندی‌و دەستکێ جەریفکی درێژکری‌یە بن تەختی ، کەسێ لوێرێ ژی نەبوو بەلێ پا حالێ کێتکێ نەخوشکر .. مەتا زەل رابو ژپێرڤەو چو بەر دەرگەهی‌و ژینێ پی‌یا کرە هەوار ..
ـ سی سوو ۆ ..
دوی دەمی‌دا پشتاوێ ل خزینکا تشتا بوو ، دەنگەك ژنافخزینکا هات ، مەتا زەل ئێك‌سەر لدورخو زڤری‌و دەستێ خو هاڤێتە کورەکێ بچویك‌و دەستێ خو باش لێ شداند دا ژ دەستێت وێ نەرەڤیت .
ـ تە ل وێرێ چ دکر ؟
ـ چننە ..
ـ چننە ! بەرێ خوبدە دەستێت‌خو ، بەرێ خوبدە دەڤ‌ولێڤێت خو .. کا بێژە من ئەو چی‌یە ؟
ـ ئەز توزانم مەتێ ..
ـ ئەز دزانم ،.. ئەو ریچوولە ، صەد جار من گوتەتە دەستێ خو نەکەیێ ..
مەتا زەل دەستێ خو هاڤێتە دارەکی دا سیسوی پێ‌بقوتیت ، دار بلندکر دا لێدەت .. ، سیسوی گوتێ :
ـ مەتێ ، مەتێ ، مەتێ ئەو چی‌یە ل پشتەرا دچیت ؟
ئێك‌سەر پێرەژن ژترسادا لدورخو زڤری دا بزانیت کا ئەو چی‌یە لپشت ، ئەو زڤرین دەرافەکێ باش بو بو سیسوی دا خو ژدەستێت مەتاخو قورتال بکەت‌و بلەز بەزی‌و خو دسەر پێچانێ بیستانی‌را هاڤێت‌و ئێدی نەدیت کیڤە چو .
مەتێ پشتی بێهنەکا سەر سورمانێ دەست بکەنی کرو د دلێ خودا دگوت :ـ
ـ چو جاران ئەز بتەشقەلێت فی کوری ناحەسیێم‌و گەلەك جارا عەینێ تەشقەلی بسەرمندا دبوورینیت چ بکەم کورێ خویشکا منە ، پشتی مرناوێ ئەزا بخودان دکەم‌و ئەز دل‌ناهێلم بئێشینم ، هەر چەند من قوتای دلێ من پێڤەمای‌و ئەو جارێت من سزا نەدای ژی ، من لومەیی‌یا خووا کری .. دێ .. ئەڤرو نەچوو خاندنگەهێ ، سوزیت وی صوبە بدەمە شولی ، بەلێ ئێکشەمبی‌یە کارەکی پێ بکەم ، صوبەهی بچویك هەمی دچنە یاریاو لنك‌وی کارکرن خراپترین‌و نەخوشترین تشتە لدنیایێ هەمیێ‌و هندا لسەر من ئەز وی تازە بخوندان بکەم ژبەرکو هەکە من هێلا بکەیفا خوبیت دێ ژبەر دەست دەرکەڤیت .
سیسو زڤریڤە مال‌و چو نك محوێ خولامێ وان داهاریکاری‌یا وی بکەت‌و پێکڤە دارا بو کوژیکێ مالێ بمشاری قەت کەن‌و دانە سەرئێك بۆ خارن لێنانێ‌و بهندێ‌ڤە مژویل بو ، سیسوی برایەك هەبوو دگوتنێ قادر ژوی بچویك‌تر بوو ، کورەکێ بێ‌دەنگ و لسەر خوبوو ،چو هێڤە‌وێڤە نەزانین‌و پا دیناتی‌یا مننە صوبەهی کو کارێ‌خو بدروستی دکر ..
هەمی لسەر مێزا خارنێ کوم‌بوون‌و شیڤ دخار ، چ تشتێ دەستێ سیسو گەهشتبایێ ژبەر قورتال نەدبوو ئەڤە ژبلی دزینا شەکرێ .
مەتا زەل هزرا خو دکر هویر بەرێ خوددا سیسوی‌و دڤیا بزانێت کا ئاخفتنا وێ شکاندی‌یەو خو ئێخستی‌یە ئاڤێ ئان نە ، چونکو یاخا کرسێ وی بدەرزیەکێ رەش دری بو ، دا سیسو نەشێت بێخیت‌و خو پاڤێتە ئاڤا رویباری ..
ـ سیسۆ ، ئەڤرو گەلەك گەرم‌بو ل خاندنگەهێ ، وەنینە؟ تە حەز نەدکر مەلەڤانیا بکەی؟
ـ نەء مەتێ ، گەلەك گەرم نەبوو ، .. خوش‌بوو ..
ـ کا هێڤە وەرە نك‌من‌و یاخا کرسی نیشامن بدە .
سیسوی ژی خو نزیك کرو چاکیتێ‌خو ڤەکر ، درویا یاخا کراسی وەکی خو بوو .
دێھ .. باشە ، تو دشیێ نوکە بچی‌یە دەرڤەو یاریا بکەی ، ئەزا پشت‌راستم تو نەچوویە خاندنگەهێ‌و تە خو ئێخستی‌یە ئاڤا ریباری .
دوێ گاڤێدا « قادر »ێ برایێ وی گوت :
مەتێ ئەز دبێژم ئەو طایێ

بڕوانە ل ـ ٧

institut kurde de paris

پاشماوەی : گێنگا شێت

ئەیاخاوی پێ دری یێ سپی‌بوو، دەرکەفێت لدور خو زفری‌و
ئەزێ دبینم نوکە یێ رەشە !! گوت ٠
ـ کورۆ ٠٠ سیسۆ ٠٠ ـ قادۆ ، لسەر ڤێ ئاخڤتنێ
سیسوی خو لێ نەگرت سوزبیت قوڵانەکا باش
دابزانیت رەنگێ طای یێ بخوی ٠٠
چاوانەو خولدەرگەهی‌داو بەری

پاشماوەی : ١٠ پۆستەر

ئەرتیریا ٠٠ باڵندەیەکی ڕەنگ سوورە
بەرەو ئەستێرە نزیکە ـ زۆر دوورەکان
باڵی سەنگەری گرتووەو ،
هەڵفریینی بەرەو ژوورە ٠

٩ ـ ئامادە بوون

ئەی ٠٠ گیانەکەم
پێت بگەم یان ،
پێت نەگەم من ،
وەکوو مەرگ‌و لەدایك‌بوون
لە چاوەکانتا ئامادەم !

١٠ـ سووتان

بەسەر پلیکانەی ترسا
تاریکی هەر وەکوو دزێ
بۆ دەروونم شۆڕ ئەبۆوە
چووە خوارێ
کاتێ گەیشتە ناو دڵم
ویستی دەستی ڕابکێشێ
لەپڕێکا :
خۆشەویستیتم داگیرسان
تاریکی‌و ترسم تیا سووتان !

ئەنبار هیت ناحیەی
بەغدادی ـ ١٩٧٥

بۆزانین

دیوانی ڕەقابەی دارایی
خوێندنی تطبیقی لە ڕەقابەی دارایی
(حەوتەمین دەورەی زانستی)

دیوانی ڕەقابەی دارایی حەوتەمین دەورەی زانستی بەم شێوەیەی خوارەوە لە ڕەقابەی دارایی ڕێك ئەخات :ـ

مەرجەکانی وەرگرتن :

ئەبێ ئەوەی داواکاری پێشکەش ئەکات ئەم مەرجانەی تیادا بێت :ـ

١ ـ عیراقی بێت‌و تەمەنی لە (٣٠)سی ساڵ تێنەپەڕێ ٠
٢ ـ لە فەحسی پزیشکی دەرچێ‌و نەخۆشی لەش‌و عەقڵی نەبێ ٠
٣ ـ ڕەوشت باش بێ‌و بەتاوانێکی ناسیاسی وەکو دزیی‌و فێڵ کردن‌و تەزویر حوکم نەدرابێ ٠
٤ ـ شەهادەی بەکەلۆ ڕیۆسی لە (محاسبەو ادارە الاعمال) هەبێ‌لە لولیجێك کە دانی پیادا بنرێ ، وە بە مەرجێك ئەم زانستیانە لەو دەرسانە بن کەسەرەکین لە شەهادە وەرگرتنە کەیدا (المحاسبە العالیە للقیدالمزدوج ،محاسبەالشرکات، محاسبة التکالیف ، ادارة الاعمال ، ادارة الانتاج ، اصول التدقیق ، المحاسبة الحکومیة ، علم المالیة العامة ، علم الاقتصاد) ٠
٥ ـ خزمەتی عەسکەری تەواو کردبێ یان بۆی دواخرابێ‌و دواخستنەکە لە ساڵێك کەمتر نەبێ یاخود بەخشرابێ ٠
٦ ـ داوای وەرگرتن ئەکات‌و لیستەیەك پڕ ئەکاتەوەو ئەم لیستەیەش بە خۆڕایی دەست ئەکەوێ لە دایەرەی استعلاماتی دیوان نهۆمی چوارەم عمارەی مصرفی رافدین ـ لقی ڕەشید وەمەرجە گشتی‌یەکانی وەرگرتنەکەش لەگەڵ لیستەکەدان ٠
٧ ـ وەرگیراوان بە گوێرەی ئەم پیودانگە زانستی‌یە هەڵئەبژێرین :ـ
أ ـ نمرە باشی قوتابی‌یەکە لە تێکڕای ساڵانی خوێندنی بەرزدا لەگەڵ نمرەکانی دەرسە اختصاصی‌یەکانی ٠
ب ـ لە تاقی کردنەوەیەکی شەفەوی دەربچێ لەو بابەتانەی کە اختصاص (ئەبێ ئاگاداری ئەوەش بێ کە ئەمە تاقی کردنەوەیەو مقابلەنی‌یە) ٠
٨ ـ داواکاریی تاوەکو کۆتایی دەوامی ڕەسمی ڕۆژی دووشەممەی ڕێککەوتی ١٥ـ٩ـ١٩٧٥ وەرئەگیرێ ٠

ئیمتیازی وەرگیراوان :

١ ـ ماوەی خوێندنەکە حەوت مانگەو سەد کەس وەرئەگیرێ ٠
٢ ـ وەرگیراوان لەکاتی خوێندندا سی دینار مانگانە مخصصات وەرئەگرن ٠
٣ ـ دەرچووانی دەورەکە لەوەزیفەی دیوان تەعین ئەکرێن‌و ماوەی دەورەکەیان بۆ تەرفیع وعەلاوە حیساب ئەکرێ ٠
٤ ـ دەرچووی دەورەکە کە لە وەزیفەی دیوان تەعین‌کراوە بەپێی ناوەڕۆکی بەندی‌بیست‌و چواری یاسای دیوانی ڕەقابەی دارایی مخصصاتی ڕەقابە وەرئەگرێ ٠
٥ ـ دەرچوی دەورەکە مافی هەیە کە ئیلتیحاق بە خوێندنی دیپلۆمی مراقبەی حیسابات بکات دوای تێپەڕبوونی نیوەی خزمەت‌و مامەڵەی کە مەرجە بۆ وەرگرتنی خەنکی‌تر لەو خوێندنەدا .

دکتور عبدالله نقشبندی
سەرۆکی ئەنجومەنی
ڕەقابەی دارایی

٢ـ٢

پاشماوەی عەزیز نەسین

وەری بگرێت ٠ هەر چەندە ئەفسەر لە ناو کۆمەڵدا ڕێزێکی هەیەو هەموو لاوێك حەز دەکات جلی ئەفسەری بکاتە بەر ، بەڵام لەبەر ئەوەی لە سوپادا جگە لە سوارەو پیادەو زرێ پۆش‌و ئەم جۆرە شتانەدا چی‌تر نی‌یە ، ونووسەری یش لە گەڵ ئەمانەدا ناگونجێ ، عەزیز نەسین لە ساڵی ١٩٤٤دا وازی لە ئەفسەری هێنا ٠

هەر جار بە ناوێکەوە نووسینەکانی بۆ گۆڤارو ڕۆژنامەکان دەنارد ٠ کە ناوەکە ئاشکرا دەبوو ناچار دەبو ، ناوەکەی خۆی بگۆڕێ ، کە لە ئەنجامدا هەندێکی لەو چیرۆکانەی کۆ کردەوە لە کتێبێك‌دا بە ناوی (بەم شێوەیە نەبووەو بەم شێوە یەش نابێتەوە) بڵاوی کردنەوە ٠

ئەم ناو گۆڕینەش بۆی دەبوو بە هۆی دەردی سەری خۆی دەڵێ :

● ئەگەر هەندێ جار لەسەر نووسینەکانی خۆم لە بەندیخانە توند کرابم کە بەناوی خوازراوەوە نووسیوەمن جاری واش بووە کە لەسەر نووسینی خەڵکی تر گیراوم بە جۆری کە تەنانەت خاوەنەکانیشیان ناناسم ٠ ئەوە هەر لەبەر ئەوەی کە بە ناوی خوازراوەوە نووسراون ٠

هەر چەندە کە عەزیز نەسین تاکو ئێستا دوو جار ژنی‌هێناوە ،بەڵام ئێستا بەتەنیا دەژی ٠ لە بەری ئەم دووژنە چوار منداڵو نەوەیەکی هەیەو تەمەنیشی (٥٦) ساڵە لەبەر ئەوەی کە بەندیخانەی زۆر دیوەو لە خواردن‌و خەوتن بەولاوە چ کارێکی تری نەکردووە (وەکو خۆی دەڵێ) زیاد لە پێویست قەڵەو بووە ٠

لە ژیانی‌دا وێنەگری‌و بەقاڵی کردووە بۆ بەڕێوە بردنی ماڵو منداڵی ٠

لە ساڵی ١٩٥٦دا هاوبەشی گرەوێکی جیهانی کرد لە گەڵ کۆمەڵە توانج نووسێکی تری وڵاتان ، لە گرەوەکەدا خەڵاتی یەکەمی وەرگرت ٠ ئەم سەکەوتنەی لە هەموو جیهان‌دا دەنگی دایەوە ،بەڵام نەئیستگەی تورکیا ، نە ڕۆژنامەکانی ئەو وڵاتە کەم‌و زۆر باسیان نەکرد ٠ ئەویش لە قینا چیرۆکێکی نووسی بە ناوی (منداڵی هەتیو خۆی ناوکی خۆی دەبڕێ) ٠

خۆی دڵێ :

ڕۆژنامە نووسی‌و بەقاڵی وێنەگرێتیم کردووە ، تاکو ئێستاش لەسەر نووسینەکانم پێنج ساڵ‌و نیو لە بەندیخانە خزێنراوم ٠

لە ساڵی ١٩٥٧و ١٩٦٣و ١٩٦٦ یش‌دا هاوبەشی‌ی گرەوی توانج نووسانی جیهانیم کردووەو خەڵاتی یەکەمیم وەرگرتووە ٠ تەنانەت جارێکیان یەکێك لەو (مەدالیا)یانەی کە بە خەڵات وەرم گرتبوون پێشکەش بە مۆزەخانەی تورکیام کرد ، لە پاداشتی ئەوەدا ، دوای ماوەیەکی کەم لە بەندیخانە توندکرامەوە ٠ بەڵام دواییین مەدالیام بۆ ڕۆژانی ڕەش هەڵ گرتووە ٠

عەزیز نەسین تاکو ئێستا دوو هەزار چیرۆك‌و ٥٣ کتێب‌و حەوت شانۆگەری‌ی نووسیوە کە زوربەیان بەزمانە زیندووەکانی جیهانی بڵاوکراونەتەوە ٠

خۆی لەم ڕووەوە دەڵێ :

ئەوانەی کە بۆ نووسینەوە یارمەتیم دەدەن (١٠) دەکەسن بۆیە دوو هەزار چیرۆکم نووسیوە ، خۆ ئەگەر (٢٠) بیست‌کەس یارمەتی‌یان بدامایە ئەوا چوار هەزار چیرۆکم زیاتر دەنووسی ٠

ئێستاش تووشی نەخۆشی‌ی (شەکرە) هاتووەو جگەرە خۆرێکی بەزەبرە ٠

خۆی دەڵێ :

تا ئێرەم هێناوەو ناشزانم کەی دەمرم ، ئەگینا ئەویشم دەنووسی ٠

پاشماوەی : ئیسرائیل‌و کۆمەڵانی

تا وەختێك ئەمریکا پشتیوانی بێ ئەم لاوئەولای خۆی لە ئیسرائیل درێژە پێ دەداوتەنانەت لەگێرەوکێشەی سیاسی‌دا دەوری محامی لە ڕەفتاری داگیرکەرانەی ئیسرائیل دەبینێ ، بەبێشك چاوەڕوانی ئەوە ناکرێ ، کە ئیسرائیل مل بۆ هیچ قانوونێکی ناونەتەوەیی رابکێشێ ، یاڕێزو حورمەت بۆ بیروڕای گشتی دابنێ ٠

ئەمەندەی پێوەندی بەرێکخراوی رزگاری دەری فەلەستینەوە هەیە ، هەرچەند پشتیوانی بێدریخی ئەمریکا لە وریژیمە لە وانەیەزۆر لەووڵاتانەش کە تائێستا هەڵوێستێکی ڕوونیان لەومەسەلەیە نیە بێنێتەریزی ئەووڵاتانە کە پشتیوانی لە وڵاتانی عەڕەبی دەکەن‌و ، بەڵام دیسانیش ئەوریکخراوە باش دەزانی‌کە بێجگەلە هێندێك وڵاتی ئاسیایی‌و ئەفریقایی کە لەپشتیوانی‌شۆڕشی‌فەلەستین‌دا هەڵوێستێکی پتەوو نەگۆڕدرا ویان هەیە ، ناتوانی لەسەر پشتیوانی وڵاتەکانی ترزۆر حیساب بکا ٠

ئەمریکاو هێندێك لەووڵاتانە کە پشتیوانی لە مانەوەی ئیسرائیل لە کۆمەڵی نەتەوە یەکگرتووەکان‌دا دەکەن ،دەڵێن گۆیا دەرکردنی ئیسرائیل لەو ریکخراوە جیهانی‌یە زیاتر هەستی تەریك مانەوە لە ئیسرائیلی‌یەکان داپێك دێنێ‌و زیاتر لەسەڵماندنی مافەڕەواکانی گەلی فەلەستین دووریان دەخاتەوە ٠ با بڵێین ئەوەش ڕاستە، بەڵام داخوا هێشتنەوەی ئیسرائیلیك کە قانوونی مافی مرۆڤ‌و هەموو قانوونەکانی ناونەتەوەیی خستۆتە ژێر پێ لەرێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان‌دا بۆ ئەورێکخراوەپەلەیەکی شەرم ونیشانەی بێهێزی‌و بێ دەسەڵاتی نیە ٠

دەبێ ئەوەش زیاد بکەین کە دەرکران‌و مانەوەی ئیسرائیل لە کۆمەڵی نەتەوە یەکگرتووەکان داهیچیان دەردی گەلی زۆر لێکراوو بەشخوراوی فەلەستین دەرمان ناکەن‌و شورشی فەلەستین ناتوانی بۆگەیشتن بە ئامانجە ڕەواکانی چاوبڕیتە قەرارو بڕیارەکانی ریکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان ٠ دەڵێن « ئەوەی بەزۆر ئەستێندراوە بەپاڕانەوە وەرناگیرێتەوە » ٠ ئەو دوژمنەی بەزۆری ئاگر وئاسن خاکی وڵاتانی عەڕەبی بەگشتی‌و مافی ڕەوای گەلی فەلەستینی بە تایبەتی زەوت کردوە، هەردەبێ بەوزمانە وەڵامی بدرێتەوە ٠

یەك خستنی تواناو ئیمکاناتی وڵاتانی عەڕەبی بۆ بەرەنگار بونێکی توندوکاریگەر لەگەڵ ئیسرائیل شەرتی بنەڕەتی سەرکەوتنەوێشنیاری عیراق لەوبارەوە جێگای هومێدو دڵخوشی‌یە ٠

پاشماوەی : دەربارەی چەند وشەیەك

نەهێنرابێ ـ ئەگینا هەرگیز نەوتراوە (رووی گەش ڕەش ئەبێتەوە) بەڵکو وتراوەو ئەش وتری : (رووی سپی ڕەش ئەبێت) ، یاخود (رووی گەش سیس دەبێت) ٠٠ ئینجا ئێستە ، ئەم تەعبیرەی خۆی‌و وشەکانی تری کە وەك فەرهەنگ و (ساختە)و (گەلاوێژ) لە جیاتی مانگی (تەمووز) ، وتار نووسین بە ناوی (باوکی فلان) لە بەشی ئەدەب‌و ژیانی هاوکاری کە ئەو سەر پەرشتی دەکات‌و هەندێ لە تایتڵی نووسینەکانی کە بە لای ریبازی ڕێزمانی زمانی کوردی‌دا نەڕۆ یشتوون، زمانەکە هەڵاوی دەکەن یاخود و شەی (دیم)ی هەورامانی ؟؟ ئەمەش هەندێ لەو تاتیلانەیە ، کە پێویستی‌یان بە ڕاست کردنەوە هەیە : (خولیایەکی تاوێکی سەرچەریای نەخۆش خانەیەك ـ تەماشای ژمارە (٣٢)ی ڕۆشنبیری نوێ مانگی (١٠) ٩٧٤ بکە) ، (کۆچێکی کپ‌و بێدەنگ) تەماشای هەمان بڵاوکراوە ژمارە (٣٥) بکە ٠ ئینجا لێرەدا ئەم پرسیارە دێتە پێشەوە : (کێ بە تەورو تەشوێ بەر بووتە زمانەکە ؟؟٠

بابێینە سەر ئەم دوو عیبارەتەی‌و بزانین چی دەڵی: (٠٠٠ دا بە تەورو تەشوی بەر بینە زوربانەکەمان ٠٠) ، (٠٠ رووی گەشی زمانە کەشمان ڕەش ئەکاتەوە) باشە ئەگەر خاوەن نووسەر لە سەر ڕێرەوی ڕێنووسی کۆڕ دەچێ بە ڕێوە بۆچی ئەم وشەی (زمان)ەی بە دوو جۆر نووسیوە ؟؟ وە بە تایبەتی لە بەشێك‌دا کە خۆی سەر بەرشتی دەکات !

بابزانین بۆ وشەی (وانە)ی مامۆستا نووری عەلی چی وتوە؟ کاك محەمەد ڕاست ئەکات وشەی (وانە) وایە بەڵام بە جۆرە ئاوازەیەك (کاری فەرمانە)و واتای (بخوێنە)ی سۆرانی ئەدات ، (هەر چەندە من بەش بە حاڵی خۆم لە گەڵ ئەم وشە ، وە بەم جۆرەو بەم واتایەدا نیم ٠٠) ئەمە لە سەر وەزنی(کاری فەرمان)ی (شانە)یە ، کە واتای (بوەرێنە) ـ توو یاخود گوێز وەراندن ـ یاخو (بهاوێژە) ئەدات ، بەڵام ئەگەر مۆسیقاکەی گۆڕرا دەبێ بە (ناو) لە سەر دو شێوە (شەنە) یاخود لە هەندێ ناوچەدا (شانە) ـ بە مەرجێ دەنگی ـ١ـکەی کەم درێژ بێ ـ کە ئەمەش ناوی دارێکی درێژی تایبەتی‌یە بۆ گوێز وەراندن بەکار دەهێنرێت ٠

بەڵام تەعبیری (وانای وانوو) ، وەك کاك محەمەد دەڵێ ، واتای (بە خوێندن ئەخوێنم) نادات ، چونکەم یەکەم لە کوردی‌دا تەعبیری (بە خوێندن ئەخوێنم) نی‌یە ، دووەم (مفعول المطلق)ی عارەبیش نی‌یە ، بەڵکو لە ڕاستی‌دا ئەم جۆرە کارانە کە بە زۆری لە زاری هەورامانی‌دا هەن ، واتای (استمراریەت)ی ئیش ئەدەن ، بۆ نموونە : کوڕێك خەریکە دەرسەکەی ئەخوێنێتەوە ، بەڵام لە سەر وشەیێ وەستاوەو حونجەی ئەکات ، لەم کاتەدا ، تۆش پێی ئەڵێیت : (کوڕە بخوێنە) ٠٠ ئەویش ئەڵێت : مامۆستا (وانای وانوو) ، واتا هەر خەریکم لە خوێندنەوە دام ٠٠

ـ بۆزانین ـ

بەریوەبەرێتی پرۆژەکانی ئاوو کارەبای گشتی
لە پرۆژەکانی نەخشەی گەشەکردنی نەتەوایەتی
بۆزانینی ژمارە (١٩٧٥/٤٨)

مناقسەی ئاوگەیاندن‌بۆ گوندەکانی ئەبو حسرەبهیە ـ سفیچە لە پاریزگای دیالە ٠

١ ـ بڵاوی ئەکەینەوە کە مناقسەیەکی نهینی هەیە بۆ ئاوگەیاندن بە گوندەکانی ئەبو حسرەـ بهیەـ سفیچە ، ئەمەش بەپێی مەرجۆ مواصفاتی تایبەتی کە لەبەشی حقوق‌و عقود لە بەریوەبەرایەتی پروژەکانی ئاوو کارەبای گشتی دەست‌ئەکەوێ ئەگەر بروانامەی ژوری بازرگانی هەبێ ٠٠ وە هەر نسخەیەکی بە ـ٤ چوار دینارە ٠
٢ ـ ئەو کەسانەی ئەیانەوێ ئەم مناقسەیە بکەن ئەبێ عطائاتەکانیان بەزمانی عەرەبی‌و ئینگلیزی پیشکەش‌بکەن بەپێی ئەو ئاموژگاریانەی کە لەگەڵ مەرجەکاندایە وە ئەبێ پیشکەش بە سکرتیری کردنەوەی عەتائاتەکان بکرێ لەدیوانی ئەم بەریوەبەرایەتیەدا ٠
٣ ـ بروانامەکان‌و ئەم وەثیقانە لەناو زەرفیکی سەربەخۆدا لەگەڵ عەتائاتەکان ئەبن :
أ ـ تەئمیناتێکی سەرەتایی بە مەبلەغی ـ٣٢٥ سێ‌سەدو بیست‌و پینج دیناری نەقد یان کەفالەتیکی مەسرەفی کە بەلای کەمەوە بۆ ماوەی شەش مانگ لە بەرواری داخستنی مناقسەکەوە ئیش‌بکات یان چەکیکی ئیمزاکراو لەلایەن یەکیك لەو بانقانەوە کە ڕێگای ئەم کارەیان دراوە ، ئەگەرنا هەر عەتائاتێك ئەم تەئمیناتەی لەگەڵ نەبێ یان کەموکوری تیابێ وەیان بەجۆرێکی‌تر پیشکەش بکرێ ئەخرێتە پشت‌گوێ ٠
ب ـ ئەو وەسڵەی کە مواصفاتەکەی پێ وەرگیراوە ٠
ج ـ بروانامەی تازەی باجی زەریبەی دەخل یان ڕونوسێکی ٠
د ـ لیستەیەك بەناوی ئەو کارانەی لەمە ئەچن‌و قونتەراتچیەکە کردونی یان خەریکی کردنیەتی ٠
٤ ـ هەمو قونتەرات‌چیەك بوی هەیە بروانامەی تصنیفی قونتەراتچیتی هەبێ بەشداری ئەم مناقسەیە بکات ٠
٥ ـ عەتائاتەکان تاکۆتایی دەوامی ڕوژی سێ‌شەممەی ڕێکەوتی ٢٦ـ٨ـ١٩٧٥ یان ڕوژێك دوای ئەوە ئەگەر ڕوژی داخستنی مناقسەکە عطلەی ڕەسمی بو ، وە مناقسەچیەکە ئەتوانی لەڕوژی کردنەوەی عەتائاتەکاندا ئامادەبێ‌و بەچاوی خۆی کردنەوەی عەتائاتەکان ببینێ ٠
٦ ـ ئەبێ پولیکی پەنجا فلسی بنرێ بە عەتائاتەکانەوە ٠

بەریوەبەری پروژەکانی ئاوو کارەبای گشتی
ئەندازیار اسامە محی‌الدین القادری

پاشماوەی : ئالای خۆیناوی

زیندانەکەدا درووستیان کرد بوو رازاندبوویانەوەو وتبووشیان :
ـ ئاخر چۆن دەبێ ڕۆژی سەرکەوتن بێ ئالا بێت !
ڕۆژنامە نووسێکی هەندەران پرسیبووی :
بۆچی ئێوە باوەڕتان بە هاتنی ڕۆژێکی ئاوا هەبوو ؟؟
شەلەکە وەڵامی دابووەوە :
بەڵێ ! ئێمە هەمیشە چاوەڕێی بووین ٠
کەڕەکەش کەپرسیارەکەی لەسەر لێوی وەرگێڕەکە خوێندبۆوە وتی :
ئێمە هاتن‌و گەیشتنیمان دەبیست !
کوێرەکەش وتبووی :
ئێمە هەمیشە ئەم ڕۆژەمان لەبەردەمی چاومان‌دا دەبینی !
لێکۆلینەوەی کابرای ڕۆژنامە نووس بەم دێڕە دوایی هاتبوو :
ڕەنگە سەلماندن‌و باوەڕ پێ کردنی شتێکی ئاوا گران بێت ، بەڵام هەر بەو جۆرە بوو کە نووسیم ٠ ئەوان وەستابوون وئالاکەیان بەسەر سەریانەوە دەشەکایەوە ٠٠٠ و ٠٠٠ ڕۆژی سەرکەوتنی ڤێتنام (بەرەنگە پیرۆزەیی‌یەکەیەوە) دەدرەوـ شایەوە ٠٠٠ !

پاشماوەی : هەڤاڵ مێشیل

یەکێتی‌یەش ئەگەر خۆماندوو کردن‌و خەباتێکی جەماهیری بەرفراوانی لەگەڵدا نەبێت‌و هەموو هەنگاوو ویستەکانمان هی جەماهیر نەبن قەت نایەتە دی ٠
قوتابیانی خۆشەویستم ٠٠ لەوە دڵنیام کە ئێوە کەرتێکی بیروباوەڕی حیزب بەناو قوتابیان‌دا بڵاوبکەنەوە چونکو ئەو شۆڕشەی پشت لەهێزو بەتوانایی لاوان بکات ئاکامی بێهێزبوون‌و سەرنەکەوتنە ٠
بەڵام من هەر جارێکی سەرم لەم عیراق دابێت زیاتر بۆم ڕوون بوەتەوە کە لێرانە هێزو تێکەیشتوو لێهاتوون بۆیە بەتوانایی لاوان بەردەوام داواتان لێدەکەم زیرەکانە پاڵپشتی حیزب‌و شۆڕشە ٠

پاشماوەی : نوێژی جوتیار

بەس ڕامگرە وا نوێژ چوو نیوە ڕۆیە
ئەی لاڵۆ گیان کردەی هەرکەس بۆ خۆیە
هەرکەس بە پێی چاکەو بەدی خۆی دوایی
ئەیدریتی ڕێی توش بون یا ڕێی ڕایی
فەقی بیری خۆی ئۀ ئاوا ئەسەپان
لێگا لێگاش سوێندی زلەی ئەڕەپان
سێوە دەستی دایە دەسکی دەستە دووی
جوتی بەکار خستەوەو کەوتەوە خۆی

ـ بۆزانین ـ

بەریوەبەرێتی پرۆژەکانی ئاوو کارەبای گشتی
لە پرۆژەکانی نەخشەی گەشەکردنی نەتەوایەتی
بۆزانینی زمارە (١٩٧٥/٤٧)

(مناقسەی فراوان کردنی پروژەی ئاوی ئەبێ صیداو گونەدەکانی ژوروی‌لە پاریزگای دیالە) ٠

١ ـ بڵاوی ئەکەینەوە کە مناقسەیەکی نهینی هەیە بۆ فراوان کردنی پروژەی ئاوی ئەبی صیداو گونەدەکانی ژوروی لە پاریزگای دیالە ، ئەویش بەپێی مەرجی گشتی‌و مواصفاتی تایبەتی کە لە بەشی حساباتی بەریوەبەرایەتی پروژەکانی ئاوو کارەبای گشتی دەست‌ئەکەوێ ئەگەر بروانامەی ژوری بازرگانی هەبێ هەر نسخەیەکی بە (٥٠) پەنجا دیناره ٠
٢ ـ ئەو قونتەرات‌چیانەی ئەیانەوێ ئەم مناقسەیە بکەن ئەبێ بەپێی ئەو ئاموژگاریانەی لەگەڵ مەرجەکاندا هەیە عەتائاتەکانیان پیشکەش بە سکرتیری لیژنەی کردنەوەی عەتائات بکەن لەدیوانی وەزارەتی شارەوانی ٠
٣ ـ ئەبێ ئەم بروانامەو وثیقانە لەناو زەرفیکی سەربەخۆدا لەگەڵ عەتائاتەکان بن :
أ ـ تەئمیناتیکی سەرەتایی (١٧٠٠٠) حەڤدە هەزار دینار پارەی نەقدیان کەفالەتیکی مەسرەفی کە بەلای کەمەوە لە ڕوژی مناقسەکەوە بۆ ماوەی شەش مانگ کاربکات یان چەکێکی ئیمزاکراو لەلایەن بانقیکەوە کە ڕیگای ئیش‌وکاری صیرفەی درابێ ، ئەگەرنا هەر عەتائاتیك تەئمیناتی لەگەڵ نەبێ یان بەشیوەیەکی کەموکوری پیشکەش کرابێ یان بە پیچەوانەوە بێپشت‌گوێ ئەخرێ ٠
ب ـ نەخشەو کەتەلوگەکان وە نەخشە فراوانەکان پەیوەندی بە عەتائاتەکەوەیە ٠
ج ـ ئەو وەسڵەی کە مواصفاتەکەی پێ وەرگرتوە ٠
د ـ بروانامەی تازەی بەریوەبەریتی باجی زەریبەی دەخل یان ڕونوسێکی ٠
ح ـ پروگرامیك لەبارەی ئیشەکەوە ٠
و ـ لیستەیەك بەناوی ئەو قونتەرات‌و ئیشانەوە کە بەدەستیەوەیە ٠
ز ـ لیستەیەك بەناوی ئەو ئیشانەوە کە لەمە ئەچن‌و قونتەراتچیەکە کردویەتی یان خەریکی کردنیەتی ٠
ح ـ ڕونوسیکی ئیمزاکراوی بەڵین نامەی دامەزراندنی کومپانیاو یاسای ناوخوی (ئەگەر مناقسەچیەکە کومپانیا بو یان ڕونوسیکی ئیمزاکراوی بەڵین‌نامەکە ئەگەر دەزگایەکی بازرگانی بو وە لە یەك کەس زیاتر پێکهاتبو) ٠
٤ ـ هەر قونتەراتچیەك بروانامەی تەصنیفی قونتەراتچیتی هەبێ ئەتوانێ بەشداری ئەم مناقسەیە بکات ٠
٥ ـ عەتائاتەکان تاکۆتایی دەوامی ڕەسمی ڕوژی شەممە ڕیکەوتی ١٨ـ١٠ـ١٩٧٥ یان ڕوژێك دوای ئەوە ئەگەر ڕوژی داخستنی مناقسەکە عطلەی ڕەسمی بو وەرئەگیرێ وە قونتەراتیچیەکە ئەتوانێ لەڕوژی کردنەوەی عەتائاتەکان ئامادەبێ‌و بەچاوی خۆی بی‌بینێ ٠
٦ ـ ئەبێ پولیکی پەنجا فلسی بنرێ بە عەتائاتە کەوە ٠

بەریوەبەری پروژەکانی ئاوو کارەبای گشتی
ئەندازیار اسامە محی‌الدین القادری

institutkurdeparis

١٨ی سایگۆن تەنیا ناوەکی نەگۆڕاوە

هۆشی منەی ئەمڕۆ

لە سەردەمی رژێمە بۆگەنەکەی « شوی » بەکری گیراوی ئیمپریالیزمی ئەمەریکا شاری « سایگۆن » شاری پوخڵەوات و رەوشت نزمی و تلیاك خواردن بوو ... بەڵام ئەمڕۆ ، ئەم شارە ، لەسای شۆڕشی سەرکەوتوی گەلی ڤیتنامدا تەنیا ناوەکەی لە « سایگۆن » ەوە نەبووە بە « هوشی مین » بەڵکو گۆڕانەکە هەموو رووەکی ژیانی شارەکەی گرتۆتەوە ، بیجگە لە ڕێکخستنی ژیانی ئابوری و سەربەستی دیموکراتی گۆڕان زۆر رووی تری ژیانی گرتۆتەوە ، هاتو چو لە شەقامەکاندا تەنیا بە « پایسکل » و کچانی قوتابی هاتوچو لەسەر شەقامەکان ڕێك ئەخەن ، یانەکانی شەوان کە جاران تەنیا بۆ خواردنەوە بوون ئیستا تیپە موسیقاییەکانی گەلسرودی سەرکەوتنیان تیا ئەڵێن ، گەلی ڤیتنام ساغی کردەوەکە تەنیا بۆ دەرکردنی ئەمەریکا تێنەکۆشاوە بەڵکو بۆزامن کردنی ژیانێکی نوێ و پێشکەوتو لە وڵاتێکی سەربەست و لەسایەی رژێمکی شۆڕشگێڕدا خەباتی کردوە .

سەرنجێکی وردلە شانۆگەری « رەجەب و پیاو خوران » لە رووی دەرهێنانەوە

خوێنەری بەڕێز :

وەك لە ژمارەی پیشودا رامان گەیاند لەو نووسینانەی سەبارەت بە شانۆگەری « رەجەب و پیاو خۆران » بۆمان هاتوون دوو نووسراومان بۆ بڵاوکردنەوە هەڵبژارد ، یەکەمیان نووسینەکەی کاك « فەهمی قەرەداخی » کە هەفتەی رابوردوو بڵاوکرایەوە ، وا ئەم هەفتەیەش نووسینەکەی کاك « فاضل عبدالله » دوای هەندێ کورت کردنەوە بڵاو ئەکەینەوە .

« هاوکاری »

ـ فاضل عبدالله ـ

« سێ رەگەز ، لە خولقاندنی کارێکی هونەریدا ، هەمیشە یارمەتی یەك دەدەن : یەکەم ، رووداو ، هەست کردن ، وێنە ، ـ فکرە ـ ئەم شتانە هێندە گرنگن ، هونەرمەند ناحەوێتەوە گەر لە لایەن خۆیەوە پەیدا نەبن و نەچنە بەر هەمەکەوە . دووەم ، ئەو هۆیانەی رووداو ، کە لە شێوەیەکی دیاری کراودا پێ دەردەخات واتە ئەو کەرەسەیەی لاشەیەك بۆ رووداوەکە دروست دەکا . زیاتر دەور دەبینێ ، چونکە سێیەم ، بینەر ، ئەو کەسەی هەڵبژاردنی تیکست و ژیان لە کە هونەرمەند رووداوەکە بۆ جیهانی نوسەرداو ئەو ـ ترجمە ـ دەکات » . (دور بەشداریە ویژدانیە شتی المخرج فی المسرح ـ لاپەرە نویان لێ دروست دەبێ کە دەگەڕێینەوە سەر خاڵی دووەمی

(٢١) ـ نووسینی : ماریان جالاوی ـ وەرگێرانی : لویس بقطر ـ الهیئة المصریة العامة للتألیف والنشر ١٩٧٠) .

وەك خاتو ـ ماریان جالاوی ـ روونی دەکاتەوە ، دەرهێنەر بەشداریەکی ویژدانی لەگەڵ ئەو کە ناوی هەردووکیان پێکەوە دەبێ . زۆر جاریش دەرهێنەر دەبینێ ، چونکە هەڵبژاردنی تیکستو ژیان لە کە هونەرمەند رووداوەکە بۆ جیهانی نوسەرداو ئەو نایاب تری لێ کراوە . کە دەگەڕێینەوە سەر خاڵی دووەمی دەرهێنەر دەبێتە خاوەنی . لێرەدا بێ چەندو چوون حسابی نووسەر بۆ دەرهێنەر ـ کاك ئەحمەد سالار ـ دەکەین و چی رەخنەیەك روو بکاتە بەرهەمەکە بە زیادە بەشی ئەو دەدرێت ، بە تایبەتی دوای خوێندنەوەی چەند بارەو . شیتەل کردن و لێکۆڵینەوەی چیرۆکەکەو دەست نیشان کردنی کەمو کورتیکانی .

دەرهێنەری رەجەب و پیاو خۆران ، گەر لە هەموو رووداوەکەدا نەژیابێ ، لە بەشێکیدا ژیاوەو ئەوەکەی تریشی بەلای ئەوەوە غەریب نیەو دڵنیام ئاگای لە هەموو شتێکە .. لە مەیدانی شانۆو شانۆگەریو نواندنو دەرهێنانیشدا کاك ئەحمەد تا ئێستا توانیوێتی بیسەلمێنێ کە هونەرمەندەو هەر جارێك چاوەڕوانی بەرهەمی وتەکەی خاتو ـ ماریان جالاوی ـ کە ئەو شتەیە بە هۆیەوە گیان دەکاتە بەر رووداوەکە ولاشەی بۆ دروست دەکات . دەبێ کەرەسەی دەرهێنەر چی بێ لە بەردەمی چیرۆکیکی خاو ـ خام ـ دا کە تەنیا بریتیە لە وشەو رستەو واتەی وشەو رستەکانو لیکدانیان تا لە ئەنجامدا دەدوێنو هاتو چۆ دەکەن ، بەگژ یەکدا دەچن ؟

لە رەجەب و پیا خۆرانەوە لە دەرهێنەر دەکەومە گومانو ناچار دەبم ـ لەگەڵ خۆما ـ بەرهەمەکانی پێشووی کاك سالار بهێنمەوە یادو لە بەر رووناکی ئەواندا سەیری ئەم کارە نوێیە بکەم . چونکە هیچ کەسێك بە تەنیا بەرهەمێك ناناسرێو هەڵناسەنگێنرێ ، بەڵکو لەو کۆمەڵە بەرهەمانەوەی کە پێشکەشی کردوون .

ماویەتی

سوپاس

بەناوی دەزگای « هاوکاری » یەوە زۆر سوپاسی دەزگای « الثورە »ی بەڕێز دەکەین کە (٥٣) پەنجاو سێ موجەلەدی رۆژنامەکەیان بەدیاری پێشکەش بە بەشی ئەرشیفو کتێبخانەی دەزگاکەمان کردووە ، هیوادارین هەمیشە پەیوەندی رۆشنبیری و دۆستایەتی وهاوکاری لە نێوانمان بەهێز و پتەوبێت .

هاوکاری

پیشانگای دەزگای « الثورە »

ئێوارەی ١٧ی ئەم مانگەدەزگای « الثورە » پیشانگایەکی هونەری لە هۆڵی موزەخانەی نیشتمانی بەبۆنەی بیرەوەری حەوتەم ساڵەی دەرچونی رۆژنامەی « الثورە »وە ڕێکخستبو .

پیشانگاکە لەلایەن مامۆستا ناصیف عواد بەڕێوەبەری مەکتەبی بڵاوکردنەوەو راگەیاندن لە سەرکردایەتی نەتەوەیی پارتی بەعسی سۆشیالستی عەرەب کرایەوە .

لە ئاهەنگی کردنەوەی پیشانگاکەدا مامۆستا عگاب سالم بەڕێوەبەری گشتی دەزگای ـ الثورە ـی رۆژنامەو چاپەمەنیو ژمارەیەك لە رۆژنامە نووسەکانی وڵاتو هاووڵاتیەکی زۆر ئامادەبوون .

ئەوەی شایانی باسە پیشانگاکە بریتی بوو لە چەند بەشیك :

بەشێك رۆژنامەی ـ الثورە ـ پیشان ئەدات لە نەخشەکیشانی لاپەرەکانیەوە هەتا چاپکردنی بە ئوفسێت .

بەشی دووەم ئەو قۆناغانەی رۆژنامەی ـ الثورە ـی پیارۆشتوە لە چاپکردندا هەتا گەیشتوتە چاپی ئوفسێت .

بەشی سێیەم پیشاندانی نمونەکانی (ئەرشیف)ی رۆژنامەکەبوو . دوابەشی پیشاندانی دەستەی نووسەران و چاپخانەو چونیەتی چاپکردنی رۆژنامەکەیە بە وێنەی فۆتۆگرافی ، لە لایەکی تری پیشانگاکەدا بەرهەمە چاپکراوەکانی دەزگای ـ الثورە ـ پیشان درا .

٥٥٥

● پێ بکەنە ●

مامۆستا : بۆچ خووا ئادەمی لەپێش حەوادا دروست کرد ؟

قوتابێ : بۆ ئەوەی تا حەوا نەهاتووە ، تێر قسەبکاو کەس لە قسەیا هەڵنەداتێ !!

⊙

کابرایێك : خۆمو ژنەکەم (١٠) دە کەسین !!

برادەرەکەی : سەیرە ، چۆن وا ئەبێ ؟

کابراکە : ژنەکەم «١»یەکەو خۆشم «٠» صفرم لەبەر دەمیا .

⊙

یەکێك : ئەوە چی یە لەبن هەنگلتا .

ئەوی تر : کراسێکی تازە مۆدەیە .

ـ : ئەی بۆ وا را ئەکەی ؟

ـ : نەك تا ئەگەمەوە ماڵێ مۆدەی بەسەرچێ .

⊙

کور : بابە شمشاڵێکم بۆ بکرە .

باوك : مێشکی سەرمان ئەبەیت .

کور : نەبەخوا ، هەتا ئێوە نەنوون لێی نادەم !!

ئامانج غفور

« ١٠ » بۆستە لە پیشانگای شیعرێکی کۆچەر دا

شێرکۆ بێکەس

١ ـ تاکە درەخت

ئەی .. لەیلاکەم
لەم ساتەدا ، کە دەرگای ژوورەکەم لەسەر ،
ئاوازەییم پێوە دەدەم
وا هەست دەکەم
لەو درەختە تاکە دەچم
دوور .. دوور
لە جێیەك ڕووتەنا
ـ دارستان ـی .. جێهێشتبێ
دارستان ، جێیان هێشتبێ
ئەویش هەرچی گەڵای ئاخو لقو پۆپێکی ئازاری
دارستانە ، لە نیگایا
بە تەنیا هەڵیگرتبێ
ئەی لەیلاکەم
لەم ساتەدا وا هەست دەکەم
ئەو درەختەم
ئەو درەختەم .

٢ ـ هێشوو

لە ڕەزی چەند جار سووتاوی لەشی خۆما ،
هێشوویەکی بەجێماوم ، هەموو ڕۆژێ ،
بە سووتانما .. هەڵئەڕوانم
هەموو وەرزێ ... ئەی کچی جوان
چاوەڕوانم
بێیتو بە لێو
دەنك
دەنك
سووك ، سووك ، سووك ، سووك
لە غەریبیم بکەیتەوە
لەناو گوڵدانی مەمکتا .. بموەرێنێ
بەڵام ئازاری گوێی سووکم .. هەڵنەسێنی
ژانم .. خەبەر نەکەیتەوە
ئەی کچی جوان .. تۆ ئەتوانی
ئاوا بێیتو بمکەیتەوە ؟!

٣ ـ کارەسات

(لۆرکا) ووتی :
جارێ وشەیەکیان کوشتم
لە پرسەدا لەگەڵ هەموو شیعرەکانما
بۆی دانیشتم ..
ئەمڕۆش بینیم بۆ ئەو وشە
کوژراوەی من
هەرچی وشەی جوانو پاکی ناو دنیایەو .
ئەو کارەساتەی بیستووە
هەموو یەك یەك
بۆیمباخی ڕەشی خەمیان بۆ بەستووە !

٤ ـ باڵندە

باڵندەیەك هەڵفرینی
لە باڵەکانی کردەوە
کاتێ زانی ، ئاسۆ ڕەنگی ئەرخەوانی
خۆی .. بە دەستی پەنە هەورێ
ئەسرێتەوە
کاتێ زانی .. خۆر دەرختی شەبەقی خۆی
بە تەورداسی تاریکی .. ئەبڕێتەوە !

٥ ـ قوربانی

لە « شیللی »دا
قەنارەیەك ... پێ ئەکەنی
کە ئەیبینی
کچە قوربانیەکەی سەر ئەو
وەك جلی سپی بووکێنی
کفنەکەی خۆی لەبەر ئەکا ..
ئەوەشی بیر ناچێتەوە
لە هەڵپەرکێو شایی مەرگا
دەستی (نیرۆدا) بەر نەدا !

٦ ـ خۆشەویستی

گوێم نا بە دڵی خاکەوە
باسی دڵداریی بارانو خۆی بۆ کردم
گوێم نا بە دڵی ئاوەوە
باسی خۆشەویستیی خۆی ،
سەرچاوەکانی بۆ کردم
گوێم نا بە دڵی دارەوە
باسی خۆشەویستیی خۆی ،
گەڵاکانی بۆ ئەکردم
گوێم نا بە دڵی خۆشەویستی خۆیەوە
باسی سەربەستیی بۆ کردم
لە دواجارا ..
کە گوێم نا بە دڵی سەربەستیشەوە
باسی خۆشەویستی دڵێ هەژاران و ،
هەر هەموو دنیای بۆ کردم !

٧ ـ زەمان

(غەسان) ووتی :
زەمانێکە هەر کۆترەکان
کۆشتی ژەهراوی کۆتریان دەرخوارد ئەدرێ
منیش ووتم : تەماشاکە
زەمانێکە
زەیتوونەکان چۆن ڕاو ئەکەن !
تەماشاکە
چۆن ئیستاکە لە (عەممان)دا سەریان ئەبڕێ !

٨ ـ ئەرتیریا

ئیستا ... لەوێ
بە تەوقێتی پایتەختی گڕ
چرکەو دەقیقە ژمێری ، سەعاتی خوێن
لەناو لەشی خۆلەمێشیی
ـ ئەسمەرە ـدا
کاتی : لەدایك بوونی دوای مەرگ
نیشان ئەدا

بڕوانە ل ـ ٧

سینەما .

ڤادیم باسی دڵداری خۆی و ب . ب ئەکات

« روژیە ڤادیم » دەرهینەری سینەمایی فەرەنسایی ناسراو ، کە بەوە ناسراوە ، جوانترین هونەرمەندی هێنایە کۆڕی سنیەماو توانی چوار لەجوانترین ئەکتەرەکانی سنیەما بۆخۆی بهێنێ کە بریتی بوون لە « برجیت باردۆ ، جین فۆندا ، کاترین دونوف ، ئەنیتا ستروبیرژ » ئەم هونەرمەندە ، لەم دوایەدا کەوتۆتە گێڕانەوەی یادگاری دڵداری خۆی لەگەڵ برجیت باردۆو ئەڵێ :

« ئەوسا برجیت تەمەنی پانزە ساڵان بوو ، قوتابی خوێندنگای سەمای بالیە بوو ، لارو لەنجەی ڕۆشتنە ئورستکراتیەکەی سەرنجی راکێشام ، داستانیکی خۆشەویستی گەورەمان دروست کرد ، باوکی دژی خۆشەویستیمان وەستا ، بەڵام پی دا گرتنی منو برجیت ، چوکی بە باوکی دادا ، بەڵام بەستینیەوە بە مەرجێکەوە ، ئەویش ئەوەبوو :

ـ نابێ تا ١٨ ساڵی برجیت .. هیچ روو بات !! »

ئەوسا ڤادیم ، لە سینەماداکاری نە ئەکرد ، بەڵکو رۆژنامە نووس بوو ، کە رووی کردەسینەما ، برجیتی کردە جوانترین دیاری پەردەی سپی سینەمای سەدەی بیستەم .

٥٥٥

institut kurde de paris

وزارة الاعلام
دار التضامن للطباعة والنشر الكردية
بغداد شارع الجمهورية - ساحة الحلاني
هاتف ٦٨٣١١ ، ٦٨٣١٢ ، ٦٨٣١٣

HAWKARI Tel - 68311 68312, 68313.

٨ لاپەڕە
نرخی
٢٠ فلس

هاوکاری

ساڵی ١٩٧٠ دامەزراوە

لە
دارالحریة
چاپ ئەکرێ

ڕۆژنامەیەکی هەفتانەی گشتیە
لەدەزگای هاوکاری چاپ و بڵاوکردنەوەی
کوردی دەرئەچێت

ژمارە (٢٨٢) ٢٩-٩/٥-١٩٧٥

عیراق ڕێبازی بەکارهێنانی پارە و ماڵی عەرەب لە پیشەسازی ئەوروپادا ڕەت ئەکاتەوە

دابەش کردنی زەوی وزار بەسەر ١١٦٠ خێزانی جوتیاران لە هەولێر دا



سەرکۆمار کاك احمد حسن بکر لە بارەگاکەیدا لە کۆشکی جمهوری ، ئێوارەی ٢٧ ـ ٨ پێشوازی شیخ احمد زکی یمانی وەزیری پیترۆل و سامانی مەعدەن و نێردراوی مەلیك خالیدی پاشای وڵاتی عەرەبی سعودی کرد .

وە لەدیدەنی یەکەدا سەرکۆمار نامەیەکی پادشای سعودی یەی لێ وەرگرت .

ئەوەی شایانی باسە شێخ یمانی ئێوارەی ٢٧ ـ ٨ .گەیشتە بەغداو لە فرۆکەخانە لە لایەن کاك تایە عبدالکریم وەزیری نەوت و دکتۆر مکرم طالبانی وەزیری ڕەیەوە پێشوازی کرا . وە هەرهەمان ئێوارە دوای ئەم سەردانە کورتە شێخ یمانی عیراقی بەجێهێشت .

ئاەدەع

مامۆستا صدام نامەیەکی بۆ سەرەك وەزیرانی یۆگۆسلافی نارد

ڕۆژی سێ شەممەی ڕێککەوتی ٢٦ـ٨ کاك جمال بیدیچ سەرەك وەزیرانی یۆگۆسلافیا نامەیەکی مامۆستا صدام حسین جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرشی لە هەڤاڵ عدنان حمدانی ئەندامی سەرکردایەتی قطری بەعسی سوشیالیستی عەرەب و سکرتیری گشتی لیژنەی پیاچونەوەی کاروباری نەوت و جێبەجێ کردنی ڕێککەوتنەکان وەرگرت .

ئەوەی شایانی باسە هەڤاڵ حمدانی لەگەڵ وەفدێکدا ، هەفتەی ڕابوردوو بەسەردانێکی ڕەسمی چوو بۆ یۆگۆسلافیا .

ئاەدەع

هەڤاڵ زەیدحەیدەر : پارتی و شۆڕش کۆمەك بەخەباتی گەلی هیندستان ئەکەن

دکتور زید حیدر ئەندامی سەرکردایەتی نەتەوەیی پارتی بەعسی سوشیالیستی عەرەب و لێ پرسراوی مەکتەبی پەیوەندی یەکانی دەرەوە ، ڕۆژی سێ شەممەی ڕابوردوو ، پێشوازی خاتون بورابی مکوجی سکرتیری گشتی پارتی کۆنگرێسی هیندستان و ئەندامی پەرلەمان و ئەندامانی ئەو وەفدەی کرد کە لەگەڵی دایە .

لە سەرەتای دیدەنی یەکەدا دکتور حیدر بەخێر هاتنی وەفدەکەی کردو ڕایگەیاند کە پارتی و شورش لە عیراق بە تەواوەتی کۆمەك بە خەباتی گەلی هیندستان ئەکەن دژی ئەوەخشەو پیلانانەی ئیمپریالیزم و بەرەی دەستی ڕاست ڕەنگی ئەڕێژن بۆ لێدانی ڕەوتی پێشکەوتنخوازانەی هیندستان و هێزە نیشتمانی و پێشکەوتن خوازەکانی .. ئیمە وای بۆ ئەچین کە هەر دەستێك لە وڕەوتە نیشتمانی و پێشکەوتن حوازەی هیندستان بوەشێنرێ هەڕەشە لە ئاشتی تێکڕای ناوچەکە ئەکات .

ئنجا دکتور حیدر باسی ئەو پیلانانەی کرد کە لەم دواییەدا لە هیندستان ساز کران لەگەڵ کودەتاکەی بەنگلادیش و وتی : ئیمپریالیزم کە مەلبەندی گرنگی لە خواروی ڕۆژهەڵاتی ئاسیا لە دەست چوو ، هەموو تەقەللایەکی ئەخاتە کارەوە بۆ ئەوەی سەر لەنوێ شوێن پێی تر لە ناوچەی عەرەب و ئۆقیانوسی هیندستان دا بەدەست بهێنێ . مسۆگەر بکات .. جالیرەوە ئاسایش و ئاشتی هەردوو هاوکاری نێوان عیراق و هیندستان بۆ بەرەنگاری کردنی ئەم پیلانانەی ئیمپریالیزم ، ئەوەنکە ئیمپریالیزم کە سەوداسەری نەوت و پیترۆلە ئەبەوێ ڕێگای دەریایی گواستنەوەی ئەو پیترۆلە هیندستان دا بەدەست بهێنێ . مسۆگەر بکات .. جالیرەوە ئاسایش و ئاشتی هەردوو هاوکاری نێوان عیراق و هیندستان بۆ بەرەنگاری کردنی ئەم پیلانانەی ئیمپریالیزم ، شتێکی زۆر پێویستە .

ئاەدەع

هەڤاڵ طەجزراوی : عیراق ڕێبازی بەکارهێنانی پارە و ماڵی عەرەب لە پیشەسازی ئەوروپادا ڕەت ئەکاتەوە

قاهیرە : ٢٧ـ٨ : ئاەدەع : کاك طەجزراوی ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرش و وەزیری پیشەسازی لە وتارێکدا کە لە کۆبونەوەی وەزیرانی پیشەسازی عەرەبدا خوێندیەوە ڕایگەیاند ، عیراق ڕێبازی بەکار هێنانی پارەو ماڵی عەرەب لە پیشەسازی ئەوروپادا ڕەت ئەکاتەوە ، وە داوا ئەکات پێویستە ئەو ماڵە لە نیشتمانی عەرەبدا بەکار بهێنرێ کە زۆر پێویستی پێ یەتی .

هەروەها وتی ئەگەر سوود وەرگرتن لە تەکنەلۆجیای پەرەسەندوو بیانوێ بەکار خستنی پارەو ماڵی عەرەب بێ لە پیشەسازی ئەوروپادا ئەوا ئەتوانرێ بەرێگای ترو ڕێککەوتنی جۆربەجۆر و بەبێ بەکار هێنانی ڕاستەو خۆیانەی ماڵی عەرەب لە پیشەسازی عەرەب لە ئەوروپادا ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرش و وەزیری پیشەسازی لە وتارێکدا کە لە کۆبونەوەی وەزیرانی پیشەسازی عەرەبدا خوێندیەوە ڕایگەیاند ، عیراق ڕێبازی بەکار هێنانی پارەو ماڵی عەرەب لە پیشەسازی ئەوروپادا ڕەت ئەکاتەوە ، وە داوا ئەکات پێویستە ئەو ماڵە لە نیشتمانی عەرەبدا بەکار بهێنرێ کە زۆر پێویستی پێ یەتی .

ئەوەی شایانی باسە کۆنگرەکە لە کۆبونەوەی ڕۆژی چوارشەممە (٢٧ـ٨)دا باسی ستراتیجی گەشەپێ کردنی پیشەسازی عەرەبی کرد تاوەکو ساڵی ٢٠٠٠ وە لەو باس کردنەیدا پشتی بە لێکۆڵینەوەیەك بەست کە مەلبەندی گەشە پی کردنی پیشەسازی بۆ ئەم مەبەستە ئامادەی کردبوو .

هەڤاڵ نعیم حداد سەرپەرشتی هاتنەوەی ڕۆڵەکانی گەلی کوردمان ئەکات

هەفتەی ڕابوردوو هەڤال نعیم لیستی عەرەب و وەزیری لاوان هەڤال حداد وتی : سەردانەکەمان بۆ سەرپەرشتی کردنی هاتنەوەی ڕۆڵەکانی گەلی کوردمانە کە تائێستاکە لە ئێران ماونەتەوە . وە سەرکردایەتی پارتی و شۆڕش ، دوای سەرکەوتنە گەورەکە بەسەر تاقمی بەکرێ گیراوو جی گیر بونەوەی ئاشتی لە ژووروی حداد ئەندامی سەرکردایەتی قطری پارتی بەعسی سوشیالیستی لەگەڵ وەفدێکدا بە سەردان چوو بۆ ئێران .

وڵاتی خۆشە ویستمان دا ، نوری حدیثی و عبدالصمد حمید کاروباری پێویستی نیشتەجی وعثمان محمد فائق لە بونەوەی بۆ دابین کردن و ئەنجومەنی تەنفیزی ناوچەی ئیش و کاری بۆ مسۆگەر کردن ئۆتۆنۆمی یەوە . هەڤال حداد لە فرۆکەخانە لەلایەن هەڤال حسن عەمری ئەندامی سەرکردایەتی قطری پارتی بەعسی سوشیالیستی عەرەب و چەند کاربەدەستێکی ترەوە بەڕێ کرا .

هەفتەی ڕابوردوو هەڤال نعیم لیستی عەرەب و وەزیری لاوان لەگەڵ وەفدێکدا بە سەردان چوو بۆ ئێران .

هەڤال حداد وتی : سەردانەکەمان بۆ سەرپەرشتی کردنی هاتنەوەی ڕۆڵەکانی گەلی کوردمانە کە تائێستاکە لە ئێران ماونەتەوە . وە سەرکردایەتی پارتی و شۆڕش ، دوای سەرکەوتنە گەورەکە بەسەر تاقمی بەکرێ گیراوو جی گیر بونەوەی ئاشتی لە ژووروی ولاتی خۆشە ویستماندا ، کاروباری پێویستی نیشتەجی بونەوەی بۆ دابین کردن و ئەنجومەنی تەنفیزی ناوچەی ئیش و کاری بۆ مسۆگەر کردن ئۆتۆنۆمی یەوە . هەڤال حداد لە فرۆکەخانە لەلایەن هەڤال حسن عەمری ئەندامی سەرکردایەتی قطری پارتی بەعسی سوشیالیستی عەرەب و چەند کاربەدەستێکی ترەوە بەڕێ کرا .



نیوەڕۆی ٢٧ـ٨ سەرکۆمار کاك احمد حسن بکر لە کۆشکی جمهوری پێشوازی دکتور اشرف مروان سکرتیری پەیوەندی ـ یەکانی دەرەوەی سەرۆکی میسری کرد .

وە لە دیدەنی یەکەدا کاك سعدون غیدان ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرش و جێگری وەزیری دەرەوە ئامادە بوو .

ئەوەی شایانی باسە دکتور اشرف مروان گەشتێك بەوڵاتانی عەرەبدا ئەکات .

ئاەدەع

دابەش کردنی زەوی بەسەر ١١٦٠ خێزانی جوتیاران دا لە هەولێر

ڕۆژی سێشەممەی ڕابوردو ئەنجومەنی کشتوکالی پاریزگای هەولیر لەو کوبونەوەیەدا کە ماموستا محەمەد عەلی ئەمین پاریزگاری هەولیر سەرپەرشتی کرد ئەو پیشنیارەی پەسەندکرد کە سەروکایەتی کشتوکالی ناوچەی هەولیر پیشکەشی کردبو لەبارەی دابەش کردنی ٢٣ پارچە زەوی کشتوکال کە بەپێی یاسای ژمارە (٩٠)ی ساڵی ١٩٧٥ دەستی بەسەراگیراوە لە قەزای کۆیە .

ماوەی ئەم زەوی و زارانە (١٠٨) هەزار دونمەو ١١٦٠ خێزانی جوتیاران سودی لێ وەرگرن .

بەریوەبەرێتی پەروەردەی پاریزگای هەولیریش بڕیاری داوە حەوت دەورەی فێرکردن بو ماموستایانی (کوروکچ) قوتابخانە سەرەتاییەکان لەبارەی چەند بابەتێکی خوێندنەوە بکاتەوە ، وە لە سەرەتای مانگی داهاتودا ئەم دەورانە دەس پێ ئەکەن و وە بۆ مارەی مانگیك(٤٢٤)ماموستای کوران و کچان بەشداری تیا ئەکەن .

وەئەم دەورانە بەپێی ئەو نەخشەیە ئەبن کە وەزارەتی پەروەردە داینناوە بۆ ئەوەی توانای زانستی ماموستایان بەهێزتر بیت .

ڕۆژی سێشەممەی ڕابوردو ٢٤ کەس لە کاربە دەستانی دەزگاو دامەزراوە میریەکانی هەولیر چونە ناو دەورەی سیازدەیەمی بەرگری شارستانیەوە کە بەریوەبەرێتی بەرگری شارستانی هەولیر سازی کردوە .

ئەم دەورەیە یازدە ڕۆژ ئەخایەنی وەلەبارەی بەرگری شارستانی و چارەسەرە سەرەتاییەکانەوە ئەدوێن .

سەروکەکانی لقی کومەڵە جوتیاریەکان ڕۆژی سێشەممەی ڕابوردو کوبونەتەوەو هەروەها یەکیتی کۆمەڵانی جوتیارانیش بەشداریان کردون وە پشتگیری یاسای ژمارە (٩٠)ی ساڵی ١٩٧٥یان کردوە لەبارەی ڕێکخستنی ملکداری کشتوکالیەوە لەناوچەی ئوتونومیدا . هەروەها باسی هاوکاری نیوان کومەڵە جوتیاریەکان و ئەو لیژنانەیان کردوە کە ئەم یاسایە جێبەجێ ئەکەن بۆ ئەوەی زوو بگەنە ئاوات و ئامانجەکانی شورش و پارتی سەرکردە پارتی بەعسی عەرەبی سوشیالیست لەپیناوی هینانەدی لادێی سوشیالیستی بەختیاردا .

دامەزراندنی بەرەی ژوورو هەنگاونانە بەرەو ڕزگار کردنی خاکی زەوت کراو

ڕۆژنامەی (الیوم) کە لەلوبنان دەرئەچێ لە ژمارەی ڕۆژی چوارشەممەی ڕابوردوی دا نووسیویەتی ئەڵێ :ـ

دامەزراندنی بەرەی جەنگاوەری یانەی ژوورو کە سەرۆك احمد حسن بەکر داوای کرد تاکە ڕێگای ڕزگار کردنی ئەواوەتی خاکی زەوت کراوو دامەزراندنی کۆمەڵێکی دیموکراتی یانەیە لەسەر خاکی نیشتمانی فەلەستینی دا .

(الیوم) داوای لەبزوتنەوەی شۆڕشی عەرەب کردوە کە ڕیزی نێوانیان پتەوتر بکەن بۆ ئەوەی ئیمپریالیستەکان بە چۆکا بهێنن و ئەو چارەسەر کردنە جێگیر بکەن کەلە خواستی گەلی عەرەبەوە سەقام گیر ئەبێت و هەموو خۆبەدەستەوە دان و دان نان بەدوژمن دا ڕەت ئەکاتەوە .

هێرشێکی فیداکاران لە « رام الله »

فیداکارانی فەلەستین لەشاری رام الله پەلاماری ئوتوموبیلی ئەفسەرێکی مخابەراتی دوژمنیان داوەو ئوتوموبیلەکەیان تێك شکاندوە .. وە لەئەنجامی ئەم زەبرە دلێرانەیەدا چەند ئۆتوموبیلێکی ترکە لەو ناوە وەستاون زیانیان پێ گەیشتوە .

ئاەدەع

زایۆنیستەکان نەخشەی کوشتنی سەرکردەی فیداکارانیان داناوە

بەپێی هەواڵی ڕۆژنامەکانی ڕۆژی ٢٧ـ٨ی بیرۆت ، لەم دواییەدا ڕێکخراوێکی جاسوسی درژمن لە لوبنان گیراوە کە خەریکی ڕەنگ ڕشتنی نەخشەی پیلان بوون بۆ کوشتنی سەرکردەی فیداکارانی فەلەستین لە لوبنان . وە ئەم ڕێکخراوە لە دوو پیاو ئافرەتێك پێك هاتوەو هەوڵی کۆکردنەوەی زانیاریان داوە دەربارەی بنکەی فیداکاران و لەشکری لوبنان و ئەم تاقمەش ڕاستەوخۆ بە چەند ڕێکخراوی تری دوژمنەوە لە ئەوروپا بەستراونەتەوە .

ئاژانسەکان

٢٥٠٠ سەربازی ئەثیوپی تەسلیمی شۆڕشگێڕانی ئەریتیریا بوون

سەرچاوەیەکی لی پرسراوی ئەریتیری ڕای گەیاند کە لەئەسمەرەو ئەدیس ئەبابا وە خەبەرهاتوە کە ئەوهێزانەی ئەثیوپی کە لە نێوان دەنکالیای ژووروور کولکزاب دا گەمارۆ درابوون بە هەموو چەکوتفاقی خۆیانەو تەسلیمی هێزەکانی شورشی ئەریتیریا بوون .

سەرچاوەکە کوتوویەتی ئەو هێزانە کە ژمارەیان دەگەیشتە ٢٥٠٠ کەس ماوەی زیاتر لە دوو مانگ بوو گەمارۆدرابوون و هێزەکانی ئەثیوپیاش نەیانتوانی لە گەمارۆی شورش ئەریتیریا ڕزگاریان بکەن . تا لە ئاخری دا پاش ئەوەی زۆر کەسیان لێ کوژراو بریندار بوو شتوومەکی خوارەمەنی یان لێ برا خۆیان بەدەستەوەدا .

ئەوسەرچاوەیە ڕای گەیاندوە کە بە پێی ئەو باگاداری یانەی لە ئەدیس ئەبابا وە پێی گەیشتوون دە فرۆکەی ئەمریکایی لەو ٢١ فرۆکە (ئی . ئیس ٥٠)ە کە واشنتون بەرعۆدە بووە بیاندا بەرێزیمی ئەثیوپیا لە هەفتەی ڕابردوودا گەیشتوونە ئەدیس ئەبابا بۆ ئەوەی ڕێزیمی سەربازی فەرمانڕەوایان بێ بە هێز بکرێ .

گەرانەوەی وەفدی زانکۆ عیراقی یەکان لەمۆسکۆ

دەطرق ئامێدی لەبارەی کۆنگرەکەوە بو هاوکاری ئەدوێت

لە کۆتایی ئەم هەفتەیەدا ، وەفدی زانکۆ عیراقی یەکان گەڕایەوە بۆوڵات ، دوای ئەوەی لە کونگرەی شەشەمی یەکێتی زانکۆ جیهانیەکان دا بەشداری کرد .

ئەم کونگرەیە لە ١٩ـ٢٩/٨ی خایاند ، وەفدەکەی

بڕوانە ل ـ٧ـ

فیداکارانی فەلەستین ئێستکەی نەلەکتریکی نەوتی « ئەشدود » یان کاول کرد

هەفتەی ڕابوردوو نوێنەرێکی عەسکەری فیداکارانی فەلەستین بلاوی کردەوە کە فیداکاران کابلی سەرەکی تەلەفۆنی شاری قدسی زەوت کراویان ویران کردوەوە ئاگریان لە ئیستگەی ئەلەتریکی نەوتی « ئەشدود » بەردراوە . وە لە ئەنجامی ئەم دوو هێرشە جوامێرانەدا زیانێکی گەورەیان لە دەزگاکانی دوژمن داوە .

وە لەبە ڕامبەر ئەمەدا زایۆنیستەکان دەستیان کردوە بە هێرش بردن و تێرۆرو تۆقاندنی هاووڵاتیانی عەرەب وە هێزێکی دوژمن بە فرۆکەی هەلیکۆپتەرەوە بەلاماری ناوچەی (بطا)یان داوە کە ١١ کیلو مەتر لە خەلیلەوە دورەو دانیشتوانی ناوچەکەیان کۆکردۆتەوەو هێزەکانی دوژمن بە بەرچاوی خەلکەکەوە سێ خانویان کاول کردوە .

وە لەبە ڕامبەر ئەمەدا

هاوکاری

کۆتە مێژوویەکی شۆڕشی لە شکاف نەهاتووی ئەریتریا

کاتێك شەڕی دووهەمی جیهانی بە شکانی فاشیزم کۆتایی هات ، یەکێك لەو مەسەلە گرنگانە کە چوار دەوڵەتە گەورە سەرکەوتووەکە بە درێژی لەسەری دوان و لێیان کۆڵیەوە چارەنووس و دواڕۆژی وڵاتانی ژێر دەست بوو ، ئەریتیریا یەکێك بوو لەو وڵاتانە کە بە درێژایی دەیان ساڵی بەر لەشەر لەلایەن کۆلۆنیالیزمی ئیتالیەوە داگیر کرابوو ، کولونیالیزمی ئیتالیا لە داگیرکردنی ئەریتیریا دوو مەبەستی بنچینەیی هەبوو :

- یەکیان ئەوە کە لەم ڕێگایەوە بەسەر دەریای سووردا زاڵ بێت .

- دووهەمیان ئەوە بو ، کە بۆ مەبەستی بازرگانی لە ڕێگای دەریاییەوە کەڵك وەربگرێ و بتوانێ شتوومەك و بەرهەمی پیشەسازی خۆی بە ئاسانی بگەیەنێتە مەلبەندە دوورە دەستەکانی خواروی ڕۆژهەڵاتی ئاسیا .

لەبەر ناکۆکی ناوخۆی دەوڵەتە گەورەکان و توونژو لێکولینەوە لەسەر چارەنوس و پاشە ڕۆژی ئەریتیریا سەری نەگرت و بریاردرا کە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان چارەنووسی ئەریتیریا لە ١٥ی ئەیلولی ساڵی ١٩٥٢ دا ئەو وڵاتە بەرەسمی لەگەل حەبەشە یەکێتی فیدراڵی دابمەزرێنێ ، حەبەشە ، بە یارمەتی ئیمپریالیزمی ئەمریکا و ئینگلیز توانی بەرگری لە سەربەخۆیی ئەریتیریا بکا و بریاردرا کە پاش تەواوبوونی قۆناخی چاوەدێری ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ١٥ی ئەیلولی ساڵی ١٩٥٢ دا ئەو وڵاتە بەرەسمی لەگەل حەبەشە یەکێتی فیدراڵی دابمەزرێنێ ، بە گوێرەی بڕیاری نەتەوە یەکگرتووەکان دەبوایە ئەریتیریا حکوومەتی تایبەتی و پارلەمانی تایبەتی خۆی هەبێ و لێژنەیەك پێك بێنێ کە هەموو ساڵی لەگەل لێژنەیەکی هاوتای خۆی لە حکوومەتی مەرکەزیدا نە کاروباری دەرەوەو بەرگری و دارایی یەکگرتووەکان بەگەلی ئەنجومەنی فیدراڵی ڕابگەیەنن ، مەسەلەی ڕیزگرتن لە ئازادی یە دیموکراتیەکان ، بوونی ڕێکخراوە گەلی یەکان ، ئازادی چاپەمەنی و هەڵبژاردن ، ئازادی دەربڕینی بیرو بڕواو ئازادی دەربڕینی یەکێتی یە جۆربەجۆرەکان بەشێك لەو بەڵێنانە بوون کە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بە گەلی ئەریتیریای دابوون ، هەرچەند گەلی ئەریتیریا لەولا دژی یەکێتی فیدراڵی و لایەنگری سەربەخۆیی وڵاتەکەی بوو .

شەپۆل ئامادەی کردوە

هەر لە سەرەتای ڕاکەیاندنی یەکێتی فیدراڵی یەوە ئەوەی لای هیلاسی لاسی گرنگ نەبێ داخوازی گەلی ئەریتیریا و بوژاندنەوەی ئابووری نەتەوایەتی نەو وڵاتە بوو . هەفتاری کاربەدەستانی حەبەشە لە ڕەفتاری وڵاتێکی ئیمپریالیستی لەگەل وڵاتێکی ژێردەستەدا ئەچو . هیلاسیلاسی بۆ ئەوەی باری گەلی ئەریتیریا زیاتر قورس بکا و لە تالانی خێرو بێری نەو وڵاتەدا هاودەست بۆ خۆی بدۆزێتەوە ڕێگای دا سەرمایەدارە زایۆنیستەکان سەرمایەی خۆیان لەو وڵاتەدا بە کاربخەن و زەحمەتکێشانی نەلی ئەریتیریا بچەوسێنەوە ، ئیستاش سەرمایەدارە زایۆنیستەکان بە نەیابی ئیمتیازی گرینی گۆشتی ئەریتیریایان بەدەستەوەیە و کۆمپانیای « ئەنکودا » هەموو ساڵی ملیونەها دۆلار لە گۆشتی ئەریتیریا قازانجی دەستدەکەوێ ، هەر ئیستا بە کوێرەی بڕیاری حکوومەتی حەبەشە ڕاوەماسی لە خەڵکی ئەریتیریا قەدەخەکراوە و تەنیا کۆمپانیا زایونیستەکان هەقیان هەیە لەو وڵاتەدا ڕاوی ماسی بکەن کە پاش ئامادەکردنی دەینێرنە بازارەکانی دەرەوە .

ئیمپریالیزمی ئەمریکاش لەسەر بڕیاری حکومەتی حەبەشە یەکێك لە گەورەترین بنکە سەربازییەکانی لە « بەسمەرە » پانەختی ئەریتیریا [illegible] زراندووە و ئەفسەرە سەربازییەکان شان بە شانی بەفسەرە زایۆنیستەکان خەریکی یارمەتی دانی سوپای داگیرکەری حەبەشەن .

لێرەدا دەردەکەوی کە بوندو بێژ بوونی خەباتی شۆڕشگێڕانی تایلەند لەم دوایی یانەدا ، ڕووداوێکی ڕیکەوت نیە ، بەڵکو بەروبووی گۆڕانی بارە سیاسی و کۆمەڵایەتی ڕۆژهەڵاتی کەل ، لە هەڵو مەرجێکی نەوتۆدا بوو کە خەڵکی ئەریتیریا لە چنگ زوڵم و زۆرداری هەراسان بوو و ڕق و بێزاری کەلی تەقیەوەو یەکەم پرشکی شۆڕشی ئەریتیریا لە یەکی ئەیلولی ١٩٦١ دا شەوەزەنگی کوێستانەکانی ڕۆژئاوای وڵاتی ڕوون کردەوە .

ژمارەی ئەو کەسانەی مەشخەڵی شۆڕشی یەکی ئەیلولیان هەڵگرتبوو لە سێزدە کەس زیاتر نەبوو کە تەنیا دە تفەنگی ڕەشۆکی کۆنیان هەبوو بەڵام ئەوەی پشتی شۆڕشگێڕەکانی بەهێزدەکرد باوەریان بەعەدالەتی مەسەلەو داخوازی یە ڕەواکانی ئەلی ئەریتیریا بوو .

بەرەی ڕزگاریخوازی ئەریتیریا توانی لەلایەك کاروباری ڕابەرایەتی ڕابەرین بگرێتە دەستو لەلایەکی تر کۆمەڵانی خەڵك لە دەوری ئالای پیرۆزی شۆڕش کۆبکاتەوە .

خۆراگری قارەمانانەی شۆڕشگێڕانی ئەریتیریاو پشت بەستن بە هێزی لەبن نەهاتوی [illegible]ل سەرچاوەی هێزو دەسەڵاتیانە ، ئەو شۆڕشەی بە هێزێکی کەمو بە چەکی هەرەکۆنو سەرەتایی بەگژ سوپای پۆشتەو پەرداخی حەبەشەدا چوو ، توانی زەبری زۆرکاریگەرو جەرگبڕ لە دوژمن بدا ، چەکو تەقەمەنی و تەنانەت بژێوی خۆی لە هێزەکانی دوژمن بە تالان بگرێ و بەرەبەرە مەلبەندە شاخاوی و لادێییەکانی پێچۆڵ بکاو لە شارەکانو سەربازگە گەورەکاندا ئابلۆقەی بدا .

سەرکەوتنە مەزنەکانی بەرەی ڕزگاریخوازی ئەریتیریاو هێزە چەکدارەکانی گەلی بەسەر سوپای دەوڵەتیدا بوون بەهۆی ئەوە کە ڕیژیم لەناو خۆی تێك بچێت و کەلێنو کەلەبەری تێ بکەوێ و ئەوە بوو کە لە شەوی ١٢ی ئەیلولی ١٩٧٤دا ژمارەیەك لە ئەفسەرانی سوپا توانیان ڕامو دەرگای ئیمپراتۆری حەبەشە تێك بدەن و سیستمی جمهوری دابمەزرێنن .

- ماویەتی -

خەباتی گەلی تایلاند بەهێزتر بووە

- سەعید ئامادەی کردوە -

ماوەیەکە شۆڕشگێڕانی تایلەند هێرشی خۆیان لە دژی هێزەکانی حکوومەت و دەزگاکانی دەوڵەتی توندو تیژتر کردوە . کاربەدەستانی حکوومەتی تایلەند مەترسی خۆیان لەو هەوڵو تێکۆشانەی لە وڵاتدا دەست پێکراوە ناشارنەوە .

لەبەر ئەو هەڵو مەرجەی کە بێستا لە حواروی ڕۆژهەڵاتی ئاسیادا لە کۆڕی دایە ، ئاکری [illegible] ئەو خری تایلەند [illegible] ڕەی [illegible] پێك هاتوە جیا بکەینەوە . لە ئێو خۆی وڵاتدا بیروباوەڕی [illegible] ڕیخواری و شۆڕشگێڕی ، [illegible] چینی [illegible] وەزیران و [illegible] بووە . [illegible] داوای زیدبوونی کرێو پاش کردنی هەڵو مەرجی کارو لەئێو بردنی بێکاری و ، لە لایەك داوای بەرەگرتنی ئازادیەکانی دیموکراتیەك دەکەن .

خەباتی چینی کرێکاری تایلەند ، بە تایبەتی دوای ڕووخانی حکوومەتی دیکتاتۆری لە ساڵی ١٩٧٣دا ، پێی ناوەتە قۆناخێکی تازەوە . لەسەر دەمی حکوومەتی پێشوودا ، کرێکاران بەشێوەیەکی بەرین و بەربڵاو دەستیان بەمان گرتن و خۆ پیشاندان کرد و داوایان کرد کە بە توندی چاوەدێری بەسەر نرخی شتدا بکرێ و ڕێگایەك بۆ پێشگری لە چوونە سەری نرخی خواردەمەنی و پێداویستی یەکانی ژیانی کۆمەڵانی خەڵك بدوزرێتەوە .

لە تایلەند سەدان هەزار کرێکار کە تەمەنیان لە ١٠ ساڵ تێ ناپەڕی ، خەریکی کاری زۆر قورس و گران دەبن . ئەو کرێکارە منداڵانە کرێیەکی ئەوەندە کەم وەردەگرن کە بە هیچ جۆر دەگەل ڕادەی ماندوو بوون و ڕەنجی شانیان یەك ناگرێتەوە . ئەو کرێکارە منداڵانە لەمافی هەرە سەرەتایی ژیان ، لە مافی خوێندن لە قوتابخانەدا بێبەشن .

نیشتەجێبوونی هێزەکانی بێگانە لە تایلەند گەورەترین کێشەو گرفتی بۆ ئەو وڵاتە پێك هێناوە . ئەو هێزانە لە دژی ویستو داخوازەکانی گەلی تایلەند کەلکیان لێ وەردەگیرێ حکوومەتی ئەمریکا لە مێژساڵە هێزێکی گەورەی سوپایی بە چەکو قۆرخانەیەکی زۆرەوە لە تایلەند خزاندوە . ئێستاش ٧٥٠٠ سەربازی ئەمریکایی ، بە ٣٠٠ فرۆکەی شەڕیەوە ، لە حەوت جێگای خاکی تایلەند هەر نیشتەجێن .

کۆمەڵانی گەلی تایلەند بۆ هەڵوەشاندنەوەی قانوونەکانی دژی دیموکراتیکو پێشکەوتن-خوازی حکوومەت ، دەستیان بە هەول و تێکۆشانێکی بەرین کردوە . ساڵی ڕابردوو چەند خۆپیشان دانی گەورەو بە دەربڕینی بێزاری لە ڕەفتاری ناڵەباری حکوومەت ڕێکخران . بەشدارانی خۆپیشاندان داوایان دەکرد کە حکوومەتی تایلەند دەست بەسەر تەواوی هێزە بێگانەکاندا بگرێ و کارو هەڵسووڕانی نەو هێزانە کونترول بکا ، دەبێ مافی هەڵبژاردن بدرێ بەو هاوولاتیانەی تەمەنیان لە ١٨ ساڵ تێ دەپەڕێ ....

ڕووداوەکانی ئەم دوایی یەی خواروی ڕۆژهەڵاتی ئاسیا ، بە تایبەتی ڕووخانی حکوومەتە بەکرێ گیراوەکانی ڤیتنامو کامبوچ و سەرکەوتنی هێزەکانی شۆڕشگێڕو دیموکراتیك لەو ناوچەیە ، کاریگەری ئرنگی لە وریابوونەوەی نەلی تایلەندا بووەو بۆنە هۆی ئەوە کە خەباتی چەکدار لەو وڵاتەدا بەتوندی پەرەبستێنێ .

حکوومەتی تازەی تایلەند هەر چەند پێوەندییەکی کەرمی لەگەل وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا هەیە ، بەڵام لە ژێر [illegible] هەڵو مەرجو ڕووداوانەدا ناچار بووە داوا لە [illegible] بە هێزەکانی خۆی لە تایلەند بەریتە دەرو لە ماوەی ١٨ مانگدا پێکەهەسکریەکانی لەو وڵاتە بگوێزێتەوە .

[illegible] بوونی خەباتی شۆڕشگێڕانی تایلەند لەم دوایی یانەدا ، ڕووداویکی ڕیکەوت نیە ، بەڵکو بەروبووی گۆڕانی بارە سیاسی و کۆمەڵایەتی ڕۆژهەڵاتی کەل ، لە هەڵو مەرجێکی نەوتۆدا بوو کە خەڵکی ئەریتیریا لە چنگ زوڵم و زۆرداری هەراسان بوو و ڕق و بێزاری کەلی تەقیەوەو یەکەم پرشکی شۆڕشی یەکی ئەیلولیان هەڵگرتبوو لە سێزدە کەس زیاتر نەبوو کە تەنیا دە تفەنگی ڕەشۆکی کۆنیان هەبوو بەڵام ئەوەی پشتی شۆڕشگێڕەکانی بەهێزدەکرد باوەریان بەعەدالەتی مەسەلەو داخوازی یە ڕەواکانی ئەلی ئەریتیریا بوو .

بەرەی ڕزگاریخوازی ئەریتیریا توانی لەلایەك کاروباری ڕابەرایەتی ڕابەرین بگرێتە دەستو لەلایەکی تر کۆمەڵانی خەڵك لە دەوری ئالای پیرۆزی شۆڕش کۆبکاتەوە .

خۆراگری قارەمانانەی شۆڕشگێڕانی ئەریتیریاو پشت بەستن بە هێزی لەبن نەهاتوی [illegible]ل سەرچاوەی هێزو دەسەڵاتیانە ، ئەو شۆڕشەی بە هێزێکی کەمو بە چەکی هەرەکۆنو سەرەتایی بەگژ سوپای پۆشتەو پەرداخی حەبەشەدا چوو ، توانی زەبری زۆرکاریگەرو جەرگبڕ لە دوژمن بدا ، چەکو تەقەمەنی و تەنانەت بژێوی خۆی لە هێزەکانی دوژمن بە تالان بگرێ و بەرەبەرە مەلبەندە شاخاوی و لادێییەکانی پێچۆڵ بکاو لە شارەکانو سەربازگە گەورەکاندا ئابلۆقەی بدا .

سەرکەوتنە مەزنەکانی بەرەی ڕزگاریخوازی ئەریتیریاو هێزە چەکدارەکانی گەلی بەسەر سوپای دەوڵەتیدا بوون بەهۆی ئەوە کە ڕیژیم لەناو خۆی تێك بچێت و کەلێنو کەلەبەری تێ بکەوێ و ئەوە بوو کە لە شەوی ١٢ی ئەیلولی ١٩٧٤دا ژمارەیەك لە ئەفسەرانی سوپا توانیان ڕامو دەرگای ئیمپراتۆری حەبەشە تێك بدەن و سیستمی جمهوری دابمەزرێنن .

- ماویەتی -

پاشماوەی : شیلەر شاعیری مەزنی ..

لەوێ لە کەژاوەی ئەستێرەکان .
خواوەند پاداشتان دەداتەوە
دەبا مرۆڤە دڵتەنکەکانیش ،
لەگەل ئەوانی تر زەردە خەنە ببارێنن
ڕق و کینە هەڵوەرێنن ..
دەبا فرمێسکەکانمان ووشك بن ..
دەبا (کومان) سەربپەڕێ .. دەبا کتێبی هەڵەکانمان پەرپەر بکەین ..
دەبا ئاشتی و خۆشەویستی هەموو دونیا بگرێتەوەو وەکو بورکان بتەقیتەوە ..
برایانم !
لەسەر کەژاوەی ئەستێرەکان خواوەندێك فەرمان دەکات ...
فریشتەکان گۆرانی شادی ئەڵێن ..
ئەوسا پیاڵەکانتان بەرزکەنەوەو وێکرا شەرابی زیندەگی بنۆشن ..
بەرامبەر بە خواوەندی ئەستێرەکان ...!!

ئەندازەیە نەبوو کە بتوانی پایەی ڕژێمە نیشتمانییەکانی بێ قایم بکرێ .

لە ماوەی ساڵانی ڕابوردوودا ئیمپریالیزمی ئەمەریکا کەوتە خۆ بۆ پیلان سازکردن و ڕەنگ ڕشتنی نەخشە دژی هێزو سیستەمە نیشتمان پەروەرەکانی ناوچەکە .. بەڵام هێزە پێشکەوتنخوازەکانی بەنگلادیش و نیمچە قارەی هیندستان و هێزە پێشکەوتنخوازەکە گەورەکان بەوشێوەیەو بەو هێزو پارسەنگە نەکەوتنە خۆ کە بتوانن بەربەستی نەخشەکانی ئیمپریالیزمی ئەمەریکا بکەن .. پێویستە تاقی کردنەوەکەی بەنگلادیش دەرس و عیبرەت بێ بۆ هێزە پێشکەوتنخوازەکانان و سودی لێ وەربگرن لە پێناو پاراستنی ئەودەسکەوتانەی وەدیان هێناوەو ئەوەو هەنگاوانەی لەسەر ڕێگای پێشکەوتن دا هاویشتویانە .

کودەتاکەی بەنگلادیش چی ئەگەیەنێ؟

لە ناوە ڕاستی ئەم مانگەدا کودەتایەك لە بەنگلادیش قەوماو سیستەمی پێشوی لەسەر کار لابردو شیخ مجیب ڕحمن و چەند سەرکردەیەکی نیشتمان پەروەر کوژران ... هەر لە سەرەتاشەوە سروشت و ئامانجەکانی کودەتاکە دەرکەوت کە چۆنەو سەر بە چ لایەنێکە .

ڕووداوەکانی ئەم دواییەی بەنگلادیش بەو پێیەی لە ناوچەیەکدا ڕوویان داوە کە ڕاستەو خۆ بە ناوچەکەمانەوە بەستراوەتەوە ، وە ناوچەی نیمچە قارەی هیندستان و ئۆقیانوسی هیندستان . بە ناوچەی خلیج و ناوچەی عەرەبەوە بەستراونەتەوە ، ئەمە وائەکات کە ئەم ڕووداوە کاریگەرو گەورەو دەورێکی دیارو کاریگەری لە ستراتیجی نێو دەوڵەتان و کێشەی ئاسایش و اشتی دا هەبێت .

لەم هەڵویستەوە ئیمپریالیستەکان کە هەوڵی دەستگرتن ئەدەن بەسەر ناوچەی خلیجی عەرەبدا ناتوانن ، لەبەر چەند هۆیەك ، ڕاستەوخۆ زەبری توند بوەشێنن ، لە بەر ئەمە پەنایان بردۆتە بەر ڕێگایەکی تر ڕێگای ئابلۆقەدانی خلیج لە چەند لایەکەوە ئەویش بە وەدی هێنانی گۆڕان و ساز کردنی کودەتا کە خزمەتی بەرژەوەندی یەکانیان بکات ، لە ناوچەی ئۆقیانوسی هیندستان دا بۆ ئەوەی پەل هاویشتنە ناو خلیج سوك و ئاسانتر ببێ .

ڕووداوەکانی ئەم دواییەی هیندستان و هەوڵی لە سەرکار لابردنی ئەندیرا گاندی و کودەتاکەی بەنگلادیش وە نەبێ لە بۆ چوونی مەزەندەی هێزە پێشکەوتنخوازەکانی جیهان دا شتێکی چاوەڕوان نەکراو بێ .. چونکە «ڕووداوەکانی ئەم ناوچەیە لە ناوچەی خلیج جیاناکرێنەوە کە سەرچاوەیەکی لەبن نەهاتووی سامان و وزەونەوتە .. وە بەلایەکا خستنی کێشەی خلیج بەشێوەیەك کە خزمەتی بەرژەوەندی یەکانی ئیمپریالیزم بکات بە تەنیا لە ڕێگای خلیجەوە نابێ بەڵکو لە ناوچەی ئۆقیانوسی هیندستانیشەوە سەر هەڵئەدات » .

ڕووبەڕووبوون و بەرەنگاری کردنی نەخشەو پیلانەکانی ئیمپریالیزم ، پیویست بە ئیمەوکردنی زەمینەو مەلبەندەکانی بزوتنەوەی ڕزگاری نیشتمانی وڵاتانی سێیەم ئەکات بەگشتی و بزوتنەوەو ڕزگاریخوازە نیشتمانییەکانی ئەم ناوچەیە بە تایبەتی .

لە بەنگلادیش دا ، ئەم وڵاتە تازە سەربەخۆ بووە دووچاری گیروگرفتی ئابوری سەختو باری گوزەرانی ناخۆش ببوو ، وە کارەساتی سروشتی وەکو باران و لافاو .. ساڵ نەبوو کە کشتوکاڵ تێك نەدات و قات وقڕی بڵاو نەکاتەوەو بە ملیۆن خەڵکی دەربەدەرو ماڵ کاول نەکات .. هێزە کۆنەپەرستەکانی ناو خۆو ئیمپریالیستەکان لە دەرەوە بۆ لاواز کردنی سیستەمی نیشتمانییەکەو لابردنی لەسەر کار سودیان لەم دۆخە ناڵەبارە وەرگرت لیرەوە پیویست بوو لەسەر هێزە پێشکەوتن خوازەکانی جیهان کە یارمەتی لەئەندازە بەدەر پێشکەش بەم دەوڵەتە بکەن بۆ ئەوەی خۆی بگرێ و بتوانێ بەرەنگاری پیلانی ناو خۆو دەرەوە بکات .. وە لەم مەیانەدا عیراق سەد ملیون دۆلاری بە شێوەی یارمەتی دابە بەنگلادیش .. چونکە دامەزرانی بەنگلادیش دوای خەباتێکی دوورو درێژ بە سەرکەوتنی هێزە پێشکەوتنخوازەکان دانرا لە ناوچەی نیمچە قارەی هیندستان و لە جیهان دا بەڵام ئەوەی ڕوویدا بە بارێکی ترا شکایەوە ئەم دەوڵەتە ساوایە بەردەوام بە دەست گیروگرفتەوە ئەینالانەو یارمەتی دەرەوەشی بەو پێشکەوتن دا هاویشتویانە .

توبا مارۆس

- حەسەن مەحمود ڕەسول -

نموونەی خەباتی چەکداری درێژ خایەن

ئەو بزوتنەوە شۆڕشگێڕیەی وڵاتانی ئەمەریکای لاتینی داگرتوە بۆ بەرپەچ دانەوەی دەسەڵاتی ئیمپریالیزم لە ناوچەکەدا لەلایەك ، وەروخاندنی ئەو حوکمانەی لە هەندێ وڵاتانی ئەمەریکای لاتینی دا خۆیان کردۆتە دار دەستی ڕژێمە سەرمایە- دارەکانی ئەمەریکاو وڵاتانی تری ئیمپریالیزمی ، ئەوەی ئاشکرایە بەهێزی ئەو بزوتنەوە شۆڕش -گێڕیەی لە ئەمەریکای لاتینی دا دەستی پێ کردووە ، ئەگەڕێتەوە بۆ هەڵبژاردنی ڕێرەوی خەباتی چەکداری درێژ خایەن .

توباماڕۆس :

ئۆرۆگوای وڵاتێکی ئەمەریکای لاتینییەو ناوی کۆماری ئۆرۆگوای ڕۆژهەڵاتە ئەکەوێتە بەشی ڕۆژهەڵاتی ڕووباری ئۆرۆگوای ، ڕووبەری زەمینەی ١٧٧٫٥٠٨ کیلۆمەتر دووجایەو دانیشتوانی ٣ ملیۆن کەس دەبن ٩٠٪ی ئەورووپین .

شوێنو سنووری :

لەلای سەرووییەوە وڵاتی بەرازیلە ، لەلای خواروییەوە گەرووی لابلاتاو ئۆقیانوسی ئەتلەسی لەرۆژ ئاوا ئەرجەنتین وئۆقیانوسی ئەتلەسی لە ڕۆژ هەڵات . ئۆرۆگوای بچووکترین وڵاتی ئەمەریکای لاتینییەو هیچ چەشنە شاخو بەرزاییەك و دارستانێکی چڕی تیا بەدی ناکرێ .

کورتەیەکی مێژووی دەربارەی سەربەخۆیی

لە ناوە ڕاستی ئەم مانگەدا ئەمەریکای لاتینی ڕۆژهەڵاتی ئەمەریکای باکور لە ئەمەریکا و کانادا ڕووبەڕووی ئاڵوگۆڕێکی گەورە بوونەوە . ئەو ڕووداوانە کە ئەم ڕووداوە گەورانە دروست دەکەن ، ئەوە ئەگەر بە کورتی ڕاڤەی بکرێ ، ئەوا ئەم ڕووداوانە ئەم ڕاستیە ئەخەنە ڕوو کە ئەمەریکا لە ساڵی ١٥١٦وە پۆرتۆگالیەکان داگیریان کرد تا ساڵی ١٦٨٠ ئیسپانیەکان هاتن حوکمیان کرد تا ساڵی ١٧٢٦ ئینگلیز هێرشی کردە سەرو ئیسپانیەکانیان دەرکرد ، لە ساڵی ١٨٠٧دا ئیسپانیەکان هاتەوە وڵات دوا بەدوای ئەوان ڕۆژنۆگالیەکان ئینجا بەرازیل و ئەرجەنتین دوای حوکمی ئەرجەنتین حوکمی بەرازیل وڵاتی کرتەوە دەست تا ساڵی ١٨٢٨ دوای ئۆسساڵ خوێن ڕشتن و قوربانی دان داگیر کەریان ڕاونا لەوڵات وسەر بەخۆیان چنگ کەوت . بەڵام دەسەڵات داریەتی بەکرێ گیراوی ئۆرۆگوای وحوکمی چەوت ڕێی - مۆنتفیدیۆ - دامەزراوەکانی سەرمایە دارەکانو دەست خستنە ناوەوەی هەموو بارێکی ژیان لەلایەن داردەستی ڕژێمە سەرمایە - دارەکانی ئەمەریکاو وڵاتانی تری ئیمپریالیزمی وئازاردان وبەند کردنی ڕۆڵەکانی گەلی ئۆرۆگوای ، ڕێرەوی خەباتی چەکداری درێژ خایەنیان هەڵبژارد ، کەلەو ڕێگەیەوە هەموو بەرژەوەندیەکی سەرمایەدارە خوێن ڕژێەکانیان خستۆتە ترسەوە .

بەیاننامەکەی - توباماڕۆس- ئەڵێ :

بزوتنەوەی ڕزگاری خوازی توباماڕۆس پەیمان ئەدات بەدرێژێی دانی خەبات ، دیسان ئەڵێ : یان نیشتمان بۆ هەمووان ئەبێت ، یان بۆ کەس نابێت .

توباماڕۆس بەمانای بزوتنەوەی ئازادیخوازی نیشتمانی لە ئۆرۆگوای پاش ئەوەی ئەندامانی ئەم بزوتنەوەیەو زۆربەی چینەکانی گەلی ئۆرۆگوای یادی پاڵەوانی شۆڕشگێڕی مێژوی کۆنیان کردەوەو گەرانەوە بۆ نەتەوایەتی و دلێری - خۆسە غابرێل لۆند ورکانکی - هیندی کە ناوی خۆی نابوو - تۆباك ئەمارۆ - چەندین ساڵ جەنگاوە لەگەل دوژمنی ئیسپانی داگیر کەر لەسەدەی هەژدە داو لە زۆر شوێنی ئەمەریکای لاتینی دەری کردن بۆ نموونە لە ئۆرۆگوایو پیرۆ وبۆلیڤیاو ناوچەی بۆنیس ئایرس لە ئەرجەنتین ساڵی ١٨٧٠ .

گەورەترین وبەناوبانگترین پەلاماردانی توباماڕۆس بۆسەر دەزگاکانی سەرمایە دارەکانو هێزەکانی حکومەت کەبووە هۆی خەرج کردنی ٣ ملیۆن دۆلار لەمەشق پێ کردنی پۆلیسەکانی ئۆرۆگوای لەماوەی ئەم دووسێ ساڵی پێشودا بۆ پاراستنی حوکمی بەکرێ گیراوی - مۆنتفیدۆ - ئەمانەن ئیتاکۆمبۆ ، بانکی لاکاجا ئوبریدا ، کاراسکو ، گازینۆی سان ڕوفائیل ، بالوما ، بانکی فەرەنسی و ئیتالی لە ئورۆگوای ، هەڵاتنی بەندیخانەی بۆنتاکارتیاس و تەقینەوەی چنترال موتورز .. هتد .

وڵاتانی دونیای سێیەم وپلانی ئابوری

عەبە - نوسیوێتی

زۆر کەس لە ئابوری ناسە بورژوازیەکان سیستەمی کولونیالیزم بە دەست کردی زروفی (موضوعی) دادەنێن ، لە ناو دەسەڵاتی وڵاتانی دنیای سێیەمدا ، چونکە ئەوانە بیروڕایان وایە کە کولونیالیزم دەستێکی باڵای هەبوە لەگەشە ئەدانی ئابوری و پێش خستنی تەکنیکی لەم وڵاتانەدا .

(جان پنێ)ی فەرەنسایی ئەڵێ (کولونیالیزمی باری پیشەسازی و ئاڵوگۆڕی بازرگانی پاشەکەوت کردنی سەرمایەی لە وڵاتانی ژێردەستدا گۆڕی ، جگە لە چارە سەرکردنی گەلێ دەردی کۆمەڵایەتی وەك نەزانین ، نەخۆشی و برسێتی و ..

بێ گومان ئەم ڕایە پاکانەیەکە بۆ کولونیالیزم و چەوساندنەوەی وڵاتانی دنیای سێیەم .. لە سێیەمی دەسەڵاتی کولونیالیزم دا ئابوری وڵاتە ژێر دەستەکان ئەبنە پاشکۆی ئابوری سەرمایەداری و هەمو کەرەسەی خاوی وڵاتانە لە پێناوی دەوڵەمەندکردنی چینی سەرمایەدارو مونوپولە دڕندەکان داکەڵکی لێ وەردەگیرا جگە لە شێواندن و دوا خستنی باری کۆمەڵایەتی و ئابوری ڕەسەنی وڵاتەکان .

ئینجا بۆ ئەوەی چارەسەرێکی بنەڕەتی مەسەلەی پێشکەوتن و بەکار هێنانی تەکنولوژیا لەم وڵاتانەدا بکرێ دەبێ بە پێی پلانێك بێ کەلە گەل باری ئابوری و کۆمەڵایەتی ئەم وڵاتانەدا بگونجێت بۆ ئەوەی وزەی ئابوریان بگۆڕێت بە ئابوریەکی سوشیالیستیانەو چارەسەری دواکەوتن بکات و کوتایی بە پەیوەندی سەرمایەداری بهێنێ .. وە پەیوەندی یەکی (عضوی) لە نێوان کەرتە سەرەکیەکانی ئابوری نیشتمانیدا دروست بکات .

(ئوسکار لانگە) ئەڵێ : پلانی ئابوری هێزێکی بنچینەیی گۆڕانی بەرەوسوشیالیستی یە کە لە بنجەوە گشت پەیوەندیەکی چاولێکەری سەرمایەداری ئەگۆڕێت .. بۆ ئەم مەبەستەش ئەبێ باری ئابوری کۆمەڵگای ئەم وڵاتانەو وزەی دارایی یان لەبەرچاو بگیرێ لە ڕوی بنیات نانی جۆرە لێك چوونێك لە نێوان چەمکی (عەمەلی) و (نەزەری) دا تاکو پلانی ئابوری بە شێوازی زانستی بە کار بهێنرێت ..

هەروەهاش پێویستە بەوردی سەرنجی دۆخی ژیانی دانیشتوان و ژمارەی کرێکار و پلەی بەرهەم هێنان و دەست نیشان کردنی قەوارەی بەرهەمو ئاڵو گۆڕی بازرگانی و دابەش کردنی نەخشەی جوگرافیای بازرگانی لە وڵاتداو بەراوردی سەرچاوەو سروشتیەکانو کەلو پەلو کەرەستەی خاوو چۆنیەتی سودوەرگرتن لەم سەرچاوانە بدرێ .. وە ئەبێ لە کاتی پلان داناتی ئابوری نیشتمانی دا جیاوازی وەحدەی گشتی کەهەمو کەرتە سەرەکیەکانی ئابوری وڵات دەگرێتەوە کە لەهەمو جوگرافیەکانی وڵات دا هەیە لەگەل وەحدەی تایبەتی کە بە تەنیا لە هەندێ پرۆژەی تایبەتی کە بەپێی

بروانە ل ٧

institutkurde.com

خانمەکەم، بالە بیرت بچیتەوە! من لە بیرم ناچیتەوە!

ـ خانمەکەم ، خانمەکەی تەوژمی کانیاوەکان بالندەکان
پێکەنینی منالەکان ٠٠٠ خانمەکەم
میوانەکەی باخەڵی برسی ئارەزووم ٠٠٠
ئاکردانی شەوانی زستانەکەم ٠٠٠ خانمەکەم
لە هەر شتوگەڕێکا ، بۆت ئەگەڕام
خانمەکەم

نەبوون ، لە بوونی ئارەزووم، لەزەتێکی سەرکردوو بوو ئەیهەژانم لەزەت ، لە دڵی دەنگێکا ، تام رای ئەکیشاو ئەهاتم ئەهاتمو گوێم لێ ئەبوو :
[عومرەکەم ، ئەی چاوەکەم دەی وەرە ٠٠٠
٠٠٠٠٠٠٠٠٠٠٠٠٠]

لەزەت لە دڵی دەنگێکا ، تام رای ئەژەندو ئەهاتم
ئەهاتمو ٠٠٠ ئەی لەبیرتە :
[هەوەڵی پایزان
ئاخری بەهاران
لەسەر شلکەی رانم
٠٠٠٠٠٠٠٠٠٠٠٠٠٠]

خانمەکەم ، من لەبیرمە ، لەسێبەرتا نەبوون لە بوونی ئارەزوا ٠٠٠ بە لەزەت بوو ٠٠
ئەبوو بە بوونو لەبیرمە ٠٠
خانمەکەم ٠
خانمەکەم، چاوی کانیاوەکان« لەبیرمە »
خانمەکەم ، فڕینی بالندەکان« لەبیرمە »
خانمەکەم ، پێکەنینی منالەکان « لەبیرمە »

تۆ لەبیرتە ، ئەوسا شیعرەتینوەکانم بەدوای ئاوا رایان ئەکرد ؟
ئەوسا ، دەنگی تینوم بەسەرپۆشی شەوێ داپۆشرابوو هەر چاوی تۆ ئەیتوانی لای بەرێ ٠٠٠ ئاخ ٠٠٠ لەچاوی تۆخانمەکەم !!

ئەوسا ، شیعرەکانم، ئەبوون بە دەنگێ ، منالو بەرخۆلەکانی هەڵئەپەڕان ٠٠٠ ئەی خانمەکەم ٠٠٠٠ خانم ٠٠
کە خۆم لە رووباری هەردوو مەمکەکانتا ئەکردە خەو ، ئەتوامەوە ٠٠٠ مەمکەکانت ، خانمەکەم ، مەمکەکانت !!

بیرت نایە ؟!
[ڕامژەنە ، عەمرەکەم ، ئەی چاوەکەم رامژەنن ٠٠٠
خانمەکەم بیری چۆتەوە !]

« خەزاڵ » لەبیری چۆتەوە
« خانزاد » هیشتا مەلۆتکەیە
لانك بێنن ، بچمە ناوی و تێر ڕامژەنن !
خانم ، لەبیری چۆتەوە ٠٠
« وا زریانە !! »

[بەوەی منو تۆی پێك ناسی ٠
بەوەی کە منو تۆی خستەناویەکەوە ٠٠وا زریانە !]
ـ خانمەکەم ، وا زریانە ٠٠
« نە ئەیناسم ، نە ئەمناسێ ! »

« عبدالله عباس »

سەرگوزشتەی عەمێ گوزێ

زۆر کەس باسی لاوکی (عەمێ گۆزێ)یان بیستووە ٠ ئەم لاوکە نەك هەر لە ناوچەی بادینانا ، بەڵکو لە کوردستانی خوارووشدا بە ناوبانگە ٠ هۆی ئەمەش وابزانم ئەوەیە (عەمێ گوزێ) پێشان پیاوێکی نادیار بووە ، هۆزێکیوای نەبووە خەڵك لێی بترسن ٠ کەرپی پیرەژنێك بووە ، بێجگە لە سێ خزمو ڕەنجبەرێکی یەزیدی کەسی بەدەوردا نەبوە ٠ بەڵام پاشان توانیویە بەرهەڵستی (بەشاری چەتۆ) بکات کە سەرۆکی خێڵێکی مەزن بووەو دەوڵەتی عوسمانیی پشتیوانی بووە ٠ دیارە کەسێکیوا شایانی ئەوەیە ناوبانگ پەیدا بکاو یادێك بەجێ بهێڵێ ٠

سەرگوزەشتەی (عەمێ گۆزێ)و شەڕەکەی لەگەڵ (بەشاری چەتۆ) ئەڵقەیەکە لە زنجیرەی قارەمانەتیی گەلی کوردو لە هەمان کاتا دیمەنیکی ترە ئەو کارەساتەیە کە دەمێکی دەوڵەتی عوسمانیی پشتی زۆر کوردی تیا ژیاوە ٠

نموونەیەکی کێشەی نێوان دەرەبەگە گەورەکانو خاوەن مولکە بچووکەکانەو ئەوەمان بۆ ڕوون ئەکاتەوە کە چۆن داگیرکەرە عوسمانییەکان پشتی دەرەبەگە گەورەکانیان ئەگرت دژی خاوەن مولکە بچووکەکان ٠

زۆر لە ئێمە گوێمان لە لاوکی (عەمێ گۆزێ) بووە، بەڵام لەوانەیە زۆرمان لە مەعناکەی ورد نەبووبینەوەو نەزانین هۆی ڕوودداوەکە چی یە٠ بۆیە وا من بە دوو ئەڵقە لەم بابەتە ئەدوێمو لە ئەڵقەی یەکەمدا سەرگوزەشتەکەو لە ئەڵقەی دووهەمدا لاوکە فۆلکلۆریەکە ئەگێڕمەوە کە ئێستاش بە شانازییەوە لە کۆڕو دیوەخانەکانی کوردستاندا ئەوترێتەوە ٠

(عەمێ) بە ناوی(گۆزێ)ی دایکیەوە ناونراوە ٠ (عەمێ) باڵەوانی شەڕەکەیە کە لاوکە فۆلکلۆریەکە تۆماری کردوە٠ سەرگوزەشتەکە بەمجۆرەیە :

کۆشکی (باخمسێ) کە لە شوێنێکی خۆش و سازگارا بووە ، مولکی بابی (عەمێ گۆزێ) بووە ٠ (گۆزکا گۆرانێ) ناوی ئەو شاخو زەنارەیە کە (عەمێ گۆزێ) تیا ژیاوە ٠ چیایەك بووە تەنها ڕێگایەکی بۆ چووە ٠ دیارە شوێنیوا ئەبێ زۆر ئاسێو قایم بووبێو لە شکرێکی زۆری ویستبێ بۆ ئەوەی بگیرێ ٠

تاقمێکی پیاو خراپ ئەچنە لای (بەشاری چەتۆ) پێی ئەڵێن (عەمێ گۆزێ) لە تۆ یاخی بووەو ئەیەوێ لە ڕووتدا ڕاست بێتەوە ٠ هەستە بڕۆ کۆشکی (باخمسێ)ی لێ داگیر بکە بۆ تۆ باشترە ، ئەگینا ئاخری لە ناوت ئەبا ٠ (بەشاری چەتۆ)یش چەند پیاوێك لەگەڵ خۆی هەڵ ئەگرێو بەرەو مالی (عەمێ) ئەکەوێتە ڕێ ٠ کە ئەگەنە جێ (عەمێ) پێشوازییەکی گەرمیان لێ ئەکاو ئەڵێ فەرموو ئاغا دابەزە ، دیارە منیش لای خودا بە قەدرو حورمەتم بۆیە تۆ هاتوویتە مالم ٠جێگایان بۆ ڕادەخاو بەرخێکیان بۆ سەر ئەبڕێ ٠ دوای نان خواردن (عەمێ) بە (بەشار) دەڵێ : ئاغا بفەرموو ، بخوازە چیت دەوێت؟
(بەشار)یش دەڵێ :
ـ عەمێ ! ئەم چیایەی تۆی تیا دانیشتووی جێگای مرۆڤان نییە ، جێگای دڕوندانە ٠ داوات لێ دەکەم ئەم شوێنە بەجێ بهێڵەو بڕۆ لەوا دەشتە خۆشانە ڕەشمالەکانت هەڵدە ٠
(عەمێ) وەڵامی دەداتەوە

دەڵێ : وەڵا ئاغا ئەم کۆشکە کۆشکی بابمەو بەجێی ناهێڵم٠ جارێکی کە (بەشار) پێی دەڵێ:
ـ وازی لێ بێنە !
عەمێ دەڵێ : ئاغا گوێ لە قسەی پیاو خراپان مەگرە ٠ یەکەمجار زانیم من ئەوە نیم تۆ بێیتە لام ٠
(بەشار) ئەگەڕێتەوە ماڵی خۆ ، بەڵام پیاوی خراپ دسانەوە دەجنەوە بن کلێشەی پێی دەڵێن حەیفە ئەو شوێنو جێگایە بۆ کوڕی پیرێژنێك بێت ٠ جێگاکە شایانی تۆیە ئاغا ! بیستوومانە (عەمێ) مولکەکەی فرۆشتووەو پێنج تفەنگی سۆستەمیو بیستو چوار سندووقی فیشەکی سۆستەمیی کڕیوە ٠ ئەگەر تۆ عەمێ لەو شوێنە دەرنەپەڕێنی دەبێتە دڕکی بن پێت ٠ دیسان قسەی پیاو خراپان کار دەکاتەوە مێشکی (بەشار)و جارێکیتر چەند پیاوێك لەگەڵ خۆی دەباو ڕوو دەکاتەوە ماڵی (عەمی) ٠ کە دەگەنە پێشەوە (عەمێ) دی بە ڕوویانەوەو پێیان دەڵێ فەرموون کەرەم کەن ٠

ئاغا دەڵێ : وەڵا من کەرەم ناکەم ٠ تەنیا قسەیەکی بچووکم هەیە ٠ (عەمێ) دەڵێ: فەرمو ئاغا چیت هەیە بیڵێ ٠ خێرە ؟

ئاغا دەڵێ : دەمەوێ بە خۆشیو بێ سەرگێژی کۆشکی (باخمسێ) بەجێ بهێڵی ٠ ئەگەر بەجێی بهێڵی ئەوە باشە ئەگینا ئەوا شەڕە ٠

(عەمێ) دەڵێ : ئاغا من هاوشانی تۆ نیم ٠ داوات لێ دەکەم وازم لێ بێنە ٠ بەڵام (بەشار) لەسەر پشتی کەرێ نایەتە خوارێ ٠ (عەمێ) تا بڵێی پیاوێکی دوورە ـ بەڵا بووە ٠ بە (بەشار) دەڵێ :
ـ ئەگەر دڵت بە کۆشکەکە مەوەیە با بەشی بکەین ئیوەی بۆ منو نیوەی بۆ تۆ ٠ وابزانم مەردایەتی و پیاوەتی تا ئەم پلەیە بەسە ٠ (بەشار) بەمەش ڕازی نابێ ٠ شەوێك هەڵدەستێ ١٠ـ١٥ سوارێك ئەنێرێتە سەر (عەمێ گۆزێ)٠

پیاو چەند باش بێت تا پلەیەکی دیاری لەعاستی بەرامبەریدا بێ دەنگ دەبێ ٠ کە لەوە تێپەڕێ پیاوی جوامێرو بەغیرەت خۆی پێ ڕاناگیرێ ٠ ئەوەی هەڵگری سەرشۆڕو بێغیرەتی لێ دەرئەچێ ٠

(عەمێ گۆزێ)یش تا پلەیەك لەژێر باری (بەشار)دا ڕۆیی ٠ کە زانی بێ دەنگی کەڵکی پێوە نییە ، بێ غیرەتی قوبوڵ نەکرد ٠ کورد دەڵێن

« بێغیرەتی یان هاویشتە بەر سەگ ، سەگ قەبوڵی نەکرد » ٠ (عەمێ) بەرابەر ئەو پیاوانەی (بەشار) نارد بوونیە سەری بەربەرەکانێی کردو بەسەریانا زاڵ بوو ٠ بەیانی کە هەستان دیان دوو خوڵامی (بەشار) کوژراون یەکێکیان ناوی (سەمۆیێ کورتکی)و ئەویان ناوی (خالیدێ خودێدا) بوو ٠
(عەمێ) تەرمەکەیانی کردە بەندکەیەك و دانی بەسەر وڵاخێکداو نارد نیەوە بۆ (بەشار) ٠ بەو کەسەی لەگەڵ تەرمەکانی نارد بووە گوت : بە (بەشار) بڵێ ٠ ئیستاش من پیاوی شەڕ نیم ٠ با ئەڵێ دوو خوڵامم کوژراون ٠ دیارە شەڕ خێری تیادا نییەو داوات لێ دەکەم وازم لێ بێنی٠ پاش گەڕانەوەی پیاوەکانی (عەمێ) ، (بەشار) دەچێتە لای دەوڵەتی عوسمانی شکاتی (عەمێ)ی لا دەکا ٠ مەفرەزەی عوسمانی دەچێن (عەمێ) دەگرن ٠ پاش پرسینی حاڵو ئەحواڵ دەزانن (عەمێ) خاوەنی هۆزێکی بەدەسەڵات نییە تا بتوانێ ڕووبەڕووی (بەشار) بوەستێ بۆیان دەردەکەوێ (بەشار) بیانوو بە (عەمێ) دەگرێ ٠ دەوڵەت عەمێو سێ خزمەکەیو نۆکەرە یەزیدییەکەی بەرەڵا ئەکاو بە (بەشار)یش ڕادەگەیەنێ واز لە (عەمێ) بهێنێ ٠

(عەمێ) کە دەگەڕێتەوە بیر دەکاتەوە ناتوانێ لەگەڵ (بەشار) بە شەڕ بێت ٠ بڕیار ئەدا بچێتە لای هەرچۆن بووە قایلی بکا ٠ بەڵام کاتێ کە دەگاتە کن (بەشار) بەشار پێی دەڵێ : خۆت ئامادەکە لەنێوان ئێمەو تۆدا شەڕەو (گۆزێ)ی دایکتمان بۆ ئامادە بکە !٠٠

ئەم قسەیە وەك تیرێك لە جەرگی (عەمێ) کەوت ٠ وتی مادەم بووەتە بێمنەتی، (بەشار) بێمنەتەو چی لە دەست دێت درێغی نەکات ٠

(بەشار) دەست دەکاتە عەرزو حاڵ دان بە دەوڵەتی عوسمانی کەوا بە دەستی (عەمێ)وە هیچیان بەدەستەوە نەماوە ٠٠ لەئەنجامی ئەمەدا « قایمقامێ زۆقێ ، بیستو چوار بابێ پەن جینارا ، عەلی ئوونس لەگەڵ قەومێ چیاوە ، چارکەزو جان بێزارێ دەشتی مووشێ ، لەگەڵ نەفیر عاما دۆرێ ، لەگەڵ میرزای میرۆ عەبا قوتێ چنێریا » ئەمانە گشت بوونە یەك دژێ (عەمێ گۆزێ)و لە چوار لاوە گەمارۆیاندا ٠٠

پیاوی ئازاو میرخاس هەمیشە حیسابی ڕۆژی ڕەش ئەکات ٠ عەمێ پێنج تفەنگی سوستەمیو بیستو چوار سنووقی فیشەکی بۆ خۆیو پیاوەکانی کڕیبوو ٠ لەشکری (بەشار) هات دەوری (گۆزکا گۆرانێ)ی دا ٠ (گۆزێ) دایکی (عەمێ) هەمیشە دوور بینی لەچاودا بوو دەیزانی ڕۆژێکیوا بەڕێوەیە ٠ لەگەڵ شەبەقی بەیانی چووە سەربانو دوور بینەکەی تا بەچاویەوە دیتیوا دەوری کۆشکەکەیان ئابلۆقە دراوە ٠ سەیری دەرگای (کۆزك)ی کرد دیتی (عەمێ)و چوار پیاوەکەی دانیشتوونو جێگای خۆیانیان گرتووە ٠

سێ شەڕکەرلەمانە سێ خزمەکەی (عەمێ) بوون ٠ ئەویتریش ڕەنجبەرەکەی بوو ٠ یەزیدییەك بوو لە چینی پیرەکان جارێك (عەمێ) سەری لە قاپیەکە دەرهێنا سەیری پیاوەکانی کرد دیتی وا خزمەکانی گاڵتە بە ڕەنجبەرەکە دەکەنو پێی دەڵێن تۆ کەڵکی شەرت پێوە نییە ، حەیفە ئەم تفەنگەت بەدەستەوە بێ ٠ کە (عەمێ) ئەمەی دیو گوێی لێبوو لێی پرسین
ـ بەچێ پێدەکەنن ؟
وەڵامیان دایەوە :
ـ دەشێ تفەنگان بە ملی ڕێوی یانیش بکەی ؟ ئەم پیاوە ڕادەگا (عەمێ) پیاوێکی ژیر بوو ٠ مەردانە بە خزمەکانی گوت :
ـ بەخودا ئێمە هەموومان هەڵبێین ، ئەم پیاوە یەزیدییە شوێنی خۆی جێ ناهێڵێ ٠
(عەمێ)و چوار تفەنگچی یەکەی لەگەڵی بوون فیشەکیان نەئەکەوتە زەوی ٠ (بەشاری چەتۆ)و (ئۆسمان)و (قایمقامی زۆقێ)و ئەفسەرێکی لەشکر لە (گەلی هۆیێ) لە کۆبێك ڕاسەری کۆشکی باخمسێ جێگایان گرتبوو ٠

(عەمێ گوزێ) فیشەکی تەقاندە (عەمێ) کوشتی٠٠ کە (عەمێ)کوژرا هەر سێ خزمەکەی جێگاکەیان بەجێ هێشتو ڕایان کرد ٠٠ تەنیا ڕەنجبەرەکە جێگاکەی قایم کرد ٠ هەرچەندە دایکی عەمێ گۆزێ بانگی کرد بۆ ئەوەی کۆزکێ بەردات ، مادم (عەمێ) کوژرا ٠ بەڵام ڕەنجبەرەکە گوێی نەدایێو وەڵامی دایەوە :
ـ ما ئەمن پشتی حەمێ بۆ چیمە ؟
ئەویش بە هەموو دڵو گیانی دانیشتە بەر ئارمانجەکەی ، هەرسێکی کوشتن ٠ (گۆزێ) ڕابووە سەماکردنو هەڵهەڵاندنو گۆتە ڕەنجبەرەکە :
ـ بە خودا عەمێت بۆم ساغ کردەوە ، چونکە نەهێشتت (بەشار) بگاتە من ٠٠

خلیل جندی

پارچەیەك پەحشان

گوڵاڵەی دەشتەکان تەنها خۆشەویستی

ئایا سەرگوزەشتەی« وەرتەر گۆتە » ، جوارینە مەدهۆش کەرەکانی « خەییام » ،دیوانی ئاسمانیی « حافظ » ، شانۆ نامەی «ڕۆمیۆ و ژولیتی« شکسپیر » ٠ دیوانی « گابریلا دانۆنزیۆ » ی شاعیری ئیتالیایی ، سەر وزە شتەی شاعیری عەرەب « جەمیل بوسەینی » ی خاوەنی چیرۆکی خۆشەویستی « وامق وعذراء » و باسی « لیۆناردو دافنشی » ت بیستووەوخوێندوەتەوە ؟ ٠٠٠

ئایا ئەم پاشماوە زیندوانەکە هەر یەکێکیان نموونەیەکی بەرزی زەوق ناسکیو بیری هەرە مەزنی مرۆڤە ٠ ئەی پاکیشاوەو حەیرانی کردوویت ؟

هیچ هەستت کردوە کە لەهەر وشەیەك لەوانە بەرزیو مەزنیی خۆشەویستی دەردەکەوێت ؟ ئەگەر ئەمانەت خوێندوەتەوەو بیستوە ، فەرموتا بڵێم هەموویان لە کاری مندا ماتوونەتە کایەوە ٠ هەموودڵدارە ناسراوەکان لەگەڵ مندا میهرەبانییان کردوە ، من شێوەی دڵو خوێنو خۆشەویستیی پاکم ، خۆت دەزانیت ، ئەمەدی بە خۆشەویستەکەت ٠٠ بە پێشکەش کردنی من هەمو کەس نهێنیی دڵی خۆی ئاشکرا دەکات ٠

سەرگوزەشتەی زیندووی منت زۆر خوێندوەتەوەو بیستۆوە ، گوڵێکی هیچو پووچبوم لە دەشتەکانی زەویی ڕۆژهەڵاتدا شێوەی جوانم پێدەبەخشین ، ساەدە دڵانی ڕۆژهەڵات هەموو ڕۆژێ دەهاتنەلامەوە ، ئێمەیان بە گوڵاڵەی خوێنین دائەنا ٠ ڕۆژێ تاقمێك لە ڕۆژئاوایی یەکان لەو تۆوی ئێمەیان لە شاری« ئەستانبول » دی ، لە ڕەنگو شێوەی جوانیداڕێژراومان خۆشیان هاتو بۆیە منو هاوڕێکانی منیان بردبۆ شارەکانی ئەورووپا ، لەوکاتەوە گوڵاڵە بوەتە ئاشنای گوڵاڵە ڕووەکانی ئەورووپا ٠

ئەمڕۆ سەراسەری « هۆڵەندا »وەدەشتەکانی داپۆشیوە ، جوان ڕوویانی هۆڵەندا گوڵ یان لقی من بە شێوەیەکی نیشتمانی خۆیان دائەنێن ، بەڵام من هەروەك گوڵی سوور لە ڕۆژهەڵاتدا پەیدا بووم و بە ڕۆژهەڵاتو جوانییەکانیەوە بەستراومەتەوە ٠ لە یادم دێ « حافظ » زۆر لە غەزەلە دڵداریەکانی لە پاڵ منداداناوە ٠

لیۆناردو دافنشی تابلۆی« ژۆکۆندا »ی لە پەنای منداکێشاوە ٠ خەییام ، ئافرەتوشەراب و منی خۆشویستووە ، « وامق » لەگەڵ « عذراء »داشەوانێکی دوورو درێژیان بەسەر منەوە بردوەتە سەر ٠

من کوشکەکەی « گابریلادانۆنزیۆ »و ڤزی ئافرەتە دڵدارەکانم جوانی پێ بەخشیوە ٠

ڕۆمیۆ جاروبار منی لە پەنجەرەی ژوورەکەیەوە نەخستەبەر پێی ژۆلیت ٠ بەڵی لە هەرکوێ چاوم کردۆتەوە خۆشەویستیم بە جوانییەوەدیوەو هەست پێ کردوە ٠ من تەنها خۆشەویستیم بەجوانییەوە دەوێت و لەگەڵ خۆشەویستیدا ژیان دەبەمە سەر ٠

محەمەد ڕەئووف سەعید
لە کتێبی (زبان گلها)ی
(حسین لعل)ەوە
کردویە بە کوردی

دەرخەت

چیرۆکی : رشاد ابو شاور
طاهر صالح سعید
کردوویە بە کوردی

با ، باران ، هەور ، چۆلەکەو منالە وردیلەکان کۆبوونەوەو گەینە ئەو ئەنجامەی کەوا ٠
لەگەڵ ئەوەشدا کە نیکسن نیمچە دوڕگەی (تۆنکین)ی بە لەغەم داچاندو ویستی هەموو شتێ بسووتێنێ ، گەلای درەختەکان بە سەوزی هەر مانەوە ٠
هەرچەندە فڕۆکەکانی مودێلی ب،٥٢ی هێزی ئاسمانیی ئەمەریکا هەر خەریك بوون بۆمبا بە سامەکانیان بەسەر دێهاتو دارستانەکانی ڤیتنامدا ئەداو گەلێ زیانیان پێگەیاندو ٠٠ بە دەیان منالیان کوشتو لقو پۆپی هەزاران درەختیان بە ناپاڵم سووتاند ، ڕەگەکو ڕیشەی درەختە بریندارەکان سەرەنجام لە زەویدا هەر

بڕوانە ل ـ٧ـ

لەو گرانەی سارد نابنەوە(١) :

دوو پارچە شیعر

ئاواتی دوور

بەس بگریو خەم بخۆ ، ئەی (فەقێ تەیران) !
هەژاران ڕۆژێ دێ هەڵسنە سەر پێ ،
لەگەڵ خاك یەکسان کەن کۆشکی زۆرداران ،
خوێن مژین نەمێنێو ئاغاتۆو بڕ بێ ٠٠

٭٭٭

تا دنیا بمێنێ تیایا شاوخوونکار
لە سنگما ئاگری تۆلە کز نابێ ،
سەری من نانەوێ بۆ ئاغاو زۆردار ،
جاڕدەری ئازادی لانادالە ڕێ !

٭٭٭

تا ڕۆژێ مژدەی دێ بەهارێکی خۆش
ئەبێ چەخماخە بات بڕووسکەی وتەم ،
نابڕێ لە زارم : نیشتمان، خرۆش ،
تا ئاغای مفتەخۆر لە قیرەنەخەم !

٭٭٭

ناترسم لە زنجیر ، لەکۆت ، لە لێدان
لە زیندانی تاریك ، قەفەسی ئاسن ٠٠
لە دڵما گرێکە هەستی نیشتمان ،
ناتوانێ کزی کا تەنانەت مردن !

٭٭٭

ئەمەوێ پێش ئەوەی بمنێنە ناو گڵ
تەموورەی عەشقی پاك بۆگەلم لێدەم ،
پاش خۆیشم بێتەدی ،خۆشە ، خۆزگەی دڵ :
ئازادی ببێتە بەستەی هەموو دەم !٠٠

دڵەکەم

ئەوەندەی دەریایەك پڕەدڵەکەم ،
ئەڵێی هێلانەیە بۆ خەفەتو خەم !
هەوارگەم دوور وڵات ،دەشتەو بیابان ،
دڵەکەم بەدبەختەو حاڵم بەرێشان !
من خۆیشم نازانم چیموچی کەرم ،
بە (لم)ی بیابانا مەرگەڕابەرم !
لە دەستی ستەمکار ، لەدەستی حاکم ،
پێشێلم ، وەك ڕێگا ،بوو بە تۆز خاکم !
بڕووسکە نەیداوە لە کۆنەرەی لەش ،
دەردی گەل کردوویە بەخەڵووزی ڕەش !
ئاخۆ کەی سەردەمی ئازادی ئەگات ؟
ئەم گەلە کەی دەستی ئەگاتە ئاوات ؟
ئاخ خۆزگە ئەم زامەمئەدی سارێژ بێ ،
پێش ئەوەی بمرمو گۆڕم بێ بە جێ !
لە ڕێدا کە بوومە هاوڕێی دەرویشێ ،
نالانم ، لێی پرسیم : هاوڕێ ، کوێت دێشێ ؟
وتم : تا بڵند بێ قوللەی دیوەخان ،
لە دڵما ناسرەوێ هەرگیز بیچی ژان !
نەکەن قەت بە ئاغاو بەشا لاس بخۆن ،
کینەی خەست ڕەوایە بەدوژمنی کۆن !
ئەم ئێش و ئازارەم تا کەی ئەمێنێ ،
لە دەستما وەك سونگی قەڵەم ئەنوێنێ ٠٠
سنگیشم تۆی توێ بێو ،هەڵکشیم لە خوێن ،
بۆ سوڵتانو شاهان نابمسەر نەوێن
دڵنیام ئەو کۆشكو سەراخوێنینە ،
ڕۆژێك دێ نەمێنێ لەمسەرزەمینە ٠٠
پێم وتن : لە مردن من باکم نییە ،
هەرکەسێ باکی بێ لەخاکم نییە !
لە هەڵدێر فڕێم دەن ، پارە پارەم کەن ،
بمگرن ، گەردنم لە (سێدارە) دەن ،
با زۆردار بزانێ : هەتابمێنم ،
لە ڕێی ئازادیدا خەباتئەنوێنم !
(فەقێ) بۆ هەژاران تەموورەت لێدە ،
لە نووکی قەڵەمت گەوهەر فڕێدە ،
دێبەدێ جارِ بدە هەر لەئیستاوە :
مژدە بێ ، ئازادی دێتەدنیاوە ٠٠

بەغدا : تەشرینی دووهەمی ١٩٦٠

(١) مامۆستا گۆران ئەمدوو پارچە شیعرەی (فەقێ تەیران)ی لە کتێبی (کوردئەدەبیاتی ئالماناغی)یەوە کردووەتەوە بە کوردی ، کە پەرتگای دەوڵەتی لە باکۆ بە زمانی ئازەری (تورکمانی)بڵاوی کردووەتەوە ،کۆکەرەوەی کتێبی ناوبراو دوکتۆر ڕەحیمیقاضیو وەرگێڕی شیعرە کوردییەکانی بۆ سەر ئازەری(ت ٠ عەسکەرۆف)ە ٠

institut kurde de paris

کاربەدەستانی وەزارەتی تەندروستی دەربارەی پرۆژەکانی وەزارەتی لە ناوچەی ئۆتۆنۆمی دا ئەدوێنێ

لە سەرەتای روخانی تاقمی بەکرێ گیراوو هاتنەوەی هاووڵاتی یە هەڵخەڵەتێنراوەکان بۆ ریزی نیشتمان ، لەوکاتەدا ، دکتور عزەت مستەفا ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشو وەزیری تەندروستی سەرۆکایەتی کۆبونەوەیەکی کرد کە تیایدا کاربەدەستە گەورەکانی وەزارەتو ئەمینداری گشتی کاروباری کۆمەلایەتی ناوچەی ئۆتۆنۆمیو پارێزگاری پارێزگاکانی بەشدار بوون بۆ لێکۆڵینەوەی پێویستی ناوچەکەو کردنەوەی ئەو دامەزراوە تەندروستیانەی کاول ببونو مسۆگەر کردنی کەرەسەی پیویستیانو کونانی هاووڵاتیانو شتی تر لەوناوچانەیێ کە شورش ئاشتی نیادا بۆ ئەوەی لە ناوچەکە بێت و راستەوخۆ سەرپەرشتی دابین کردنی پیویستی ناوچەکە بکات ٠٠ جگە لەمەش نێردراوێکی پزیشکی کە لە جێگری وەزارەتو بەڕێوەبەری گشتیو سکرتیری گشتی خزمەت گوزاری پزیشکیی لادێ پێك هاتبوو سەرپەرشتی پێشکەش کردنی خزمەت گوزاری پزیشکییان ئەکرد بۆ ئەو هاووڵاتیانەی هاتونەتەوە ریزی نیشتمانو کە بەدریژایی ماوەی یاخی بوونەکە لەم خزمەتە بێبەش ببون٠ هەروەها لەریز وەزیری تەندروستی سەری لە پارێزگاکانی ناوچەکەدا بۆ ئەوەی بە خێرایی کاروباری پێویست لەم مەیدانەدا ابەڕێنرێ ٠

جێگری وەزارەت

دکتور محمد علی حسن جێگری وەزارەتی تەندروستیو سەرۆکی دامەزراوی گشتی دروودەزمان بە پەیامنێری مارکاری راگەیاند کە لەو رۆژەوە ئاشتی ئاچ کە یێگیر بۆتەوە تاوەکو ئێستا بایی ملیۆنێك دینارو بە ڕژرایی نوێ ترین دەرمان دراوە بە هاووڵاتیان ٠ وە ١٧٠ دامەزراوی تەندروستی کراوەتەوە سەرەڕای دەیان دامەزراوی تر کە ئێستاکە دروست ئەکرێن ٠٠ وە پتر لە سی تیپی تەندروستی بە ناوچە دورەکاندا ئەگەڕێن بۆ خزمەت کردنی هاووڵاتیان ٠

هەروەها دەست کراوە بە کوتان دژی ئاولەو قەلاچۆ کردنی نەخۆشی لەرزوتا گرتنی ئەشعە بۆ هاووڵاتیان ٠

دۆخی تەندروستی ناوچەکە

وە لە وەڵامی پرسیارێکی هاوکاریدا دەربارەی دۆخی تەندروستی لە ناوچەی ڕۆژنۆمیدا ، دکتور محمد زێوەر شریف ئەمینداری گشتی کاروباری کۆمەلایەتی وتی ، بەریز وەزیر خۆی سەرپەرشتی ڕاپەڕاندنی کاروباری تەندروستی ناوچەکە ئەکات و زور بە تەنگەوەیە کە بە خێرایی جزمەت گوزاری تەندروستی بگەیەنرێتە هەموو ناوچەکەو هاووڵاتیان ٠

وە لە ئاهەنگەکانی ئەم دوایەیدا بەردی بناخەی چەند دامەزراوێك دانرا وەکو دروست کردنی مەلبەندی تەندروستی کە ٢٠٠ هەزار دیناریان تێ ئەچێ وە دوو مەلبەندی

بڕوانە ل -٧-

رزگار بوونی لاووس سەرکەوتنی هەموو گەلانە

جێگای سەرسوڕمان نیە کە پرشنگی رۆژی نوێ پەیتا پەیتاو بی وچان دڕبەشەوە زەنگی کۆنی ئیمپریالیزم ئەداوەبەرە بەرەی شورەیی و ریسوایی لەرووی رەشی پیسی هەڵئەداتەوەو ریسواتری ئەکات ٠٠ وە تاکودێت ئاگری شۆرشگیری خەباتی گەلانی ژێر دەستەو چەوساوەزیاتر کلپە ئەسێنێ بە جۆرێك کەدامرکاندنەوەی نەبێ ، هێزەپیش کەوتنخوازەکانی جیهان رۆژ بە رۆژ ئەلقەی زنجیری چەوساندنەوەیی و دەسەلاتی ئیمپریالیزم تێك ئەشکێنن و سەرکەوتنی جەماوەرانەی تەواوی زەحمەتکیشەکان لە جیهاندا رۆژ بە رۆژ بەدەست دێنن ،

هێزەکانی ئیمپریالیزمیش بەوهەمو چەك و جبەخانەو پیلانە خوێناویانەوەو بە پشتیوانی ئەوهەمو کارگە چەك سازیانەی هەیانە رۆژ بەرۆژ لە دەستشۆڕشگیرانی گەلان هەن دین و ناوچە بەناوچە وڵات ئەدەنەوە دەست کۆمەڵە رەش و روت و شۆڕشگیرەکانی ناو خۆیان ٠

ئەمڕۆ ئاگری شۆڕشی تەواوی جەماوەری خەڵکی چەوساوە لە سەرانسەری ئەوروپاو ئەفەریقاوئەمەریکای لاتینو هەزاران شوێنی تری ئەم سەرزەمینە بەسەرکەوتنی بەرەی گەلان و نوشوستی بەرەی ئیمپریالیزم کلپەی سەندووە٠٠ ئیمپریالیزم وەکو گورگی هار چوارچاوبووەو بەدەست هێزی گەلانەوە چۆکی داداوە ٠٠ ئەمەنوشوستیی یە یەك لە دوای یەکەی ئیمپریالیزم وای کردوە کە دەست لە پیلان و ئاژاوەنانەوە هەڵنەگرێ بۆ ئەوەی جارێکی ترشوێن پێی خۆی لەوڵاتە سەربەستو شێوە سەربەستەکانا بچەسپێنێ ، ئەوەبو لەم ماوەیەدا بەشێوەیەکی زۆردرندانەو دور لەهەمورەوشتێکی مروڤایەتی بەربونەوێزەی بەنگلادیش و گەلی ئازادی خوازی ئەم وڵاتەیان توشی هەمەمان کویرەوەری کردەوە کە ساڵەهای ساڵ بو بەرلە شورشەسەرکەوتوەکەی گەلی بەنگلادیش گیریان بەدەستەوە خواردبو ٠

بەڵام هەرچەند ئیمپریالیزمی جیهانی وڵاتێك ژێر دەستەبکات و دەرگای خواستو ئاوات لەسەرکەلی ئەو وڵاتە سەرکۆم بکات ناتوانێ ئەو ئامانجەی بۆی تێئەکۆشی بی هێنێتەدی کورد واتەنی (سەگی هار چل شەوی عومرە ٠٠٠) ! هەرچەند لە بەنگلادیشدا نیشانەیەکی سەرکەوتنیان پێکا بەڵام لە زوربەی جێگاو مەلبەندەکانی تری جیهاندا خۆشیان بێت و ترشیان بێ هەمیشە مردن چاوەروانیان ئەکات ٠

بۆ نمونە پاش روداوەخوێناویەکەی بەنگلادیش کەبەرەی فاشیزمی تیاسەرکەوت ئاگری خەباتی گەلی قارەمانی لاوس کلپەدارتر بووهەروەکو شورشگیرانی باثیت لاو لە کانگای دڵیانەوە بریاری نۆلە کردنەوەی گەلی بەنگلادیشیان داو جارێکی تر پەیمانی شورشگیریان لەدژی ریژیمی سەرمایەداری ودەسەلاتی چەپەڵی ئیمپریالیزم مۆرکردەوەو بەبۆنەی بیرەوەری سی ساڵەی بەرپاکردنی شورشەوە دژی داگیرکەرانی فەرەنسەو میلیتاریستەکانی ژاپون هەڵیان کوتایە سەربارەگاکانی کەمپی نۆکەرانی نازەی نیمپریالیزمی ئەمەریکا ٠٠ وەجارێ رزگاری و سەربەخۆییان بە هەمو جیهان گەیاندو یەکان دەردو کۆبونەوەیەکی سەد هەزار کەسیان گرتو مژدەی سەرکەوتن و ئازایەتیان بە هەمو خەڵکی لاوس دا ٠٠

ئەم سەرکەوتنە جارێکی تر رێگای تێکۆشانی لەبن نەهاتوی لە نێوان گەلانی کەمبودیاو لاوس و ڤیتنامدا خۆش کرد ٠ بەم چەشنە گەلی لاوس دەسەلاتی سیاسی نیشتمانی خۆی سەرلەنوێ دامەزراندو دەستی کرد بەسەرەتای بەرەڵلا کردنی زیانی ئازادی کەساڵەهای ساڵە بۆی تێ ئەکۆشێ و قوربانی لە پێناویدا ئەدات ٠

کرێکاران و جوتیاران و ڕۆشنبیران و تەواوی خەڵکە ئازادیخوازەکانی لەچەندشوێنێکی وڵاتدا چەند لیژنەیەکی یەك گرتوی نیشتمانیان دانا وەلەکۆبونەوەو جەماوەریەکانا بە دڵێکی پاك و ئیمانێکی پتەوی بۆلاینەوەو سوێندیان بۆ گەل و نیشتمانەکەیان ئەخوارد کە یەك بن و پشتگیری دەسەلاتی نیشتمانی بکەن و رێگای شورشگیری بەر نەدەن تاکو بەهاوکاری تەواوی گەلانی ئازادیخوازی جیهان هەمو شوێنەوارێکی رەشی ئیمپریالیزم لە وڵاتا ئەسڕنەوەو ناوی بەرەی چەوساندنەوە لە نەخشەی جیهاندا ئەکەنەوە ٠٠

بەم رەنگە ئەم گەلە بچوکە بڕواپتەوە نەك تەنیا ئاواتی چەند ساڵەی خۆی بەدەستهێنا بەڵکو دەستێکی کاریگەرانەی لە مورگەی پشتی گەورەترین دەسەلاتی ئیمپریالیزمی جیهان وەشاندو بەردێکی تری لە بنچینەی پایەی برایەتی گەلان و ئاشتی جیهاندا چەسپاند ٠

لاپەرە - ٤

راپۆرتی ناوخۆ

سەر لە بەیانی شەممەی رابوردوو مقدم ابراهیم حمدی سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی لە کۆماری عەرەبی یەمەن دوای سەردانە رەسمی یە سێ رۆژەکە ، کە لەسەر داخوازی سەرۆك احمد حسن بکر بوو عیراقی بە جێهێشت مقدم ابراهیم حمدی بایەخی بەو یارمەتی یەدا کە عیراق لەبواری گەشە پێ کردنو روشنبیری دا پێشکەشی وڵاتانی برای ئەکات وە لە وتوویژێکدا لەگەل پەیامنێری ئاژانسی دەنگوباسی عیراق دا وتی : سەردانەکەمان هەڵێکی لەباروباش بوو بۆ بە یەك گەیشتن لەگەل بەرێز سەرۆك احمد حسن بکرو کاك صدام حسین جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش وە بۆ لێکۆڵینەوەی ئەو کێشانەی پەیوەندیی یان بە هەردوو وڵاتی براو نەتەوەی عەرەبەوە هەیە ٠

***

هەروەها هەفتەی رابوردوو ئەمەریکا ئەو هەوڵەی دا کە ئەو ناوچەیە بکاتە بەشێك لە ستراتیجی تیمپریالیزمدا ئەسوڕێتەوە ٠٠٠ لەم ئاستەشەوە جمو جۆڵی شورشی عەرەبدا هەیە ئەمەریکا کاربەدەستانی سوریا خزمەتی هەموو چالاکییەکی خستۆتەکار سیاسەتو پرۆژە دوژمنایەتی بۆ پیلان نانەوە دژی کێشەی تکاری یەکانی ئەمەریکا ئەکات لە بەغدای شۆرش خۆ پێشاندانێکی گەورەی لاوانی گرتە باوەش کە بریتی بوو لە سیمیناری هاوکاری لاوانی عەرەبو ئەفەریقا ٠ وە وەفدەکان لە وتارەکانیاندا کە لەو کۆڕەدا خوێندیانەوە پشتگیری خەباتی گەلی فەلەستینو گەلانی هیندی چین یان کرد ٠ هەروەها داوایان کرد کە خەبات توندتر بکرێت بۆ پوچ کردنەوەی نەخشەکانی ئیمپریالیزم هەروەها وەفدەکان ئەوپەڕی بایەخیان دا بە بانگەوازەکەی سەرۆکی فەرمانڕەوا تێکۆشەر کاك احمد حسن بکر دەربارەی دامەزراندنی بەرەی ژووروو ، وە لەپێناو رزگار کردنی خاکی عەرەب لە چنگ زایونیستە داگیرکەرەکان ٠

وە لەوبروسکەیەدا کە بۆ سەرکۆماریان ناردبوو ، وتیان: نیمەی بەشدار بوانی یەکەم سیمیناری هاوکاری نێوان لاوانی عەرەبو ئەفەریقا کە لە نێوان (٢٠ - ٢٥)ی ئابی ١٩٧٥دا لە ژێر دروشمی (هاوکاری، کۆمەك، رێکخستن) داگیرا زۆر سوپاسی بەرێزتان دەکەین بەرامبەر بەو بایەخەی بە سیمینارەکەمانتان دا لەگەل سەرپەرشتی کردنی ٠٠٠ ئەو سیمینارەی هاوکاری و خۆشەویستی نێوان لاوانی نیشتمانی عەرەبو لاوانی قارەی ئەفەریقای ساغ کردەوە ٠ هەروەها ئەم دەست پێشکەری یە هاندەرێکی گرنگ ئەبێت لەسەر رێگای پتەوتر کردنی پەیوەندی نێوانی لاوو گەلانی ئەفەریقاو نیشتمانی عەرەبدا بۆ رووبەرووبوونی نەخشەکانی ئیمپریالیزمو زایۆنیزمو رەگەزپەرستی ٠

بێ گومان سازکردنی ئەم سیمیناره لە بەغدا چەند نیشانەو خاڵیك ساغ ئەکاتەوە لە پێشەوەیان :- ئەو شوێنو مەلبەندە پێشکەوتوو گرنگەیە کە عیراق لەسای سێبەری شۆڕشی حەفدەی تەمووز پارتی یە فەرماندەکەی ، لە ریزی بزوتنەوەی رزگاری نیشتمانیو نەتەوەیی دا هەیەتی

***

لە لایەکی ترەوە لیژنەیەکی نایبەتی لە ئەنجومەنی بەرزی کشتوکاڵدا رازی بوو کە (٤٥٠) هەزار دینار لە چوار چێوەی بەرنامەی ئێستای بەرهەم هێنان دا تەرخان بکرێ بۆ کڕینی بیست ئۆتۆمۆبیلی بارکێش بۆ پرۆژەکانی کشتوکاڵی ناوچەی ئۆتۆنۆمی ٠ هەروەها ئەم لیژنەیە دەسەلاتی دا بە بانقی کشتوکاڵ کە نزیکەی (٢٥٠) هەزار دینار بدات بە پرۆژەی گەنمە شامی بۆ ئەوەی یارمەتی جوتیارو کارگێڕەکانی کشتوکاڵی ئەم پرۆژەیەی پێ بدات ٠

ئەمەش ئەوە دەرئەخات کە تا چ رادەیەك شۆڕش بەتەنگ گۆڕانی پێشکەوتن خوازانەی ئابوری وکشتوکاڵە لەناوچەی ئۆتۆنۆمی دا ٠٠ وە رەنجدەرانی گەلەکەمان بەشادمانی یەوە رێزی ئەم هەنگاوانە ئەگرن ٠

***

وەفدێکی پەرلەمانی هیندستان بە سەرۆکایەتی خاتون بواربی مکرجی سکرتێری گشتی پارتی کۆنگریسی هیندستانو ئەندامی پەرلەمان ، سەری لەعیراق دا ، وەفدەکە لەگەل وەفدێکی بەرەی نیشتمانیو نەتەوەیی پێشکەوتنخواز بەسەرۆکایەتی هەڤاڵ نعیم حداد ئەندامی سەرکردایەتی قطری پارتی بەعسی سوشیالیستی عەرەبو سکرتێری گشتی بەرەو وتوویژی کرد هەڤاڵ حداد بەوەفدەکەی راگەیاند کە شۆڕش لە عیراق بەنەنگەوەیە کە فراوانترین پەیوەندی لەمەیانی ئابوری دا لەگەل هیندستانو دەوڵەتانی سێ یەمی جیهان دا دابمەزرێنێ ٠ هەروەها هەردوو لا دەربارەی پەرەپێدانی پەیوەندی نێوان عیراقو هیندستان وتوویژیان کرد ٠

ئەمەش سەردانەش لەچوارچێوەی رێبازی شۆڕش دا سەقام گیر ئەبێ کە ئەیەوێ پەیوەندی لەگەل ئوردوگاکانی شۆڕش لە جیهان دا پتەو بکات ٠

بەرەو پێشەوە

ناوەرۆکی شۆڕشی ١٧ی مەوزی پێشکەوتن خواز لە ئەوپەری شێوەی قەشەنگیدا لە مەیدانی تەتبیق کردندا وەدەردەکەوێت ٠ ئەوەش لەو هەوڵو تەقەلا بێ وچانەدا سەری هەڵداوە کە سەرکردایەتی حیزبو شۆڕش لە ناوچەی ئۆتۆنومیدا دەی نوێنێت بە هیوای چارەسەر کردنو نەهێشتنی هەموو روکەشێکی دواکەوتنو بەجێمان لەو ناوچەیەدا ٠

بێ گومان ئەو ئامۆژگاریە تایبەتیانەی حیزبو شۆڕش دەیکەن دەورێکی باڵای هەیە لە گۆڕینی ئادگاری ناوچەکەدا ٠٠ گۆڕانی باری ئاژاوەو دەسەلاتی دەرەبەگایەتی کۆنەپەرستانو دواکەوتن بەباری پێشکەوتن و گەشە کردنو پێشکەوتن خوازیدا ٠٠

ئەو بەلگەو نیشانانەش هەموو بە چاکی لە جێ بەجێ کردنی یاسای ژمارە ٩٠ی ساڵی ١٩٧٥دا خۆی دەنوێنێت کە دەروازەیەکی فراوانی خستە سەر پشت بۆ دارشتنی بناغەیەکی تۆکمەو قایمی پەرەپێدانو بەرهەمی کشتوکاڵی ئەمە بێجگە لەو توانایەی لە پێناوی دروست کردنو پێك هێنانی پەیوەندیەکی بەتینی کشتوکاڵی و پیشەسازیدا بەخت گراوە ٠ وە ئەو هەوڵەی دراوە بۆ فراوان کردنو زۆر کردنی ئەو جۆرە پرۆژە بەرهەمێکاندا ، لە پێناوی وەدی هێنانی خۆش گوزەرانیو بەختیاری بۆ خەڵکی ناوچەکە ، وە لە پێناوی پێشکەش کردنی خزمەت گوزاریی کی ئەوتۆ کە لایەقی مرۆڤی ئەم چەرخە بێت ئەمە لەلایەکەوە ، لە لایەکی ترەوە ئاماوەی ئەوەی بخرێتە دەست کە دەوری خۆی بە چاکی ئەریبازی پەرەپیدانو بەرهەم هێناندا ببینێت ٠

کە ئەویش بە شێکە لەجێ بەجێ کردنی ئەو ئەخشەیەی کە خواستی ئەوەیە بەشی زۆری لایەنەکانی ژیان بگۆڕێت ٠

ئا لێرەوە ئامۆژگاریو رێ نیشاندانی حیزبو شۆڕش لەپێناوی سەرپەرشتی جەماوەری کوردا دەورێکی باڵای هەیە بۆ دەرخستنو ئاشکرا کردنی وزەو تواناو تاقەتی ئەوجەماوەرە ، تا بە شێوەیەکی چاك ئەو وزەیەی خۆی لەریبازی نەشو نەماو پەرەپیدان دا بەخت بکات، وەتا بە زووترین کات بەری ئەو رەنجو تەقەلاو هیلاکییە دەرکەوێت کە ئەویش بێ گومان چاکەو خێری هەموو وڵاتی تێدایە ئەو وڵاتەی چاکی مەردانەی لێ هەڵکردووە بۆ دەم کوت کردنی ئەمپریالیستو سایونیزمو ئۆنەپەرستان وە بۆ پرچەڵ کردن پەرچ دانەوەی هەموو پرۆژەیەك کە بۆنی چەوساندنەوەی لێ بێت ٠

بەرەکێ ئەیانا مللەتی .. کارێنی دەستی

صدیق علی ئامیدی

پشتی چڤاتێ کوردەواریێ هاڤلی دگەڵ چەرخێ هەنێ بەلاف بووین ، کارێ دەستێ هێدی - هێدی بەری بنەمانڤەچو کەلەك پیشەسازیو کارین نازدار ژی دیندا چوونو ئیدی کەس نەما هند پویتەی پێ بدەت ، بێ گومان یافەرە ئەڤ نشتە نە بێنە پارستن ، چ ژ بو هندێ کو ئەڤەنە گەلەك لایێت نابوریو چڤاکی بدرێژاهی یا میژوا مللەتی خۆیا دکەنو چ ژ بو هندێ کو بشکەکا مەزنن ژ نەلەپوورێ نەتەوەیی ٠

ڤێ جارێ لسەر دروست کرنا باسکا مە ئەڤ ریپورتاجە ژبو خوینەرڤانێن هێژا بەر هەڤکر ، هیڤیدارین بەردەوام ئەم لسەر ڤان لایێت کاری باخڤین و تەڤرا کاربکەین ژ بو پاراستنا فلکولورو کەلەپورێ نەتەوەی مللەتێ مە برادەر « عبدالرحمن مصطفی » ئێکە ژوان کەسێن پویتە بڤی کارێ هەنێ دای و باسکێن ئەو دروست دکەت بناڤو دەنگو پتر کەریدەو سەیرانی یاژێ دکرن ، چ بو جانیی یا وانو چ ژ بو بکارئینانێ ، ئەڤ رەنگێ باسکان ژبەر نافدێری یا ران لسەر مێهڤانێت عیراقێ هاتنە بلاڤ کرن لمهرەجانەکا بوهارێ لمیسل ، « هاوکاری »ێ ئەڤ چەند پرسیارە ژ برادەر « عبدالرحمن »ی کرن ، دا خوینەرڤانێن بەرکەتی ئاگەهداری ڤی رەنگی کاربن ٠

پرسیار : کی ژ خەلك ڤی کاری دکەی ، ئو تو چاوا بکرێ باسکانە ٠

بەرسڤ : لڤان سالا خەلکێ دەدەرا مە کێم دکرن چمکی نهو وەکی بەرێ خەلك جگارا ب من لنك بابرخو کاری دکر باسکا ناکێشن باهرا پتر بکر ئەز ژ وی ڤێر بوم ٠

رونانی

سەرۆکی رێژیمی سوریا داوای لە هەنری کیسنجەر کرد کە کێشەی چارەسەرکردنی دۆخی ناوچەکە خێراتر جێ بەجێ بکرێ و کاتێك دابنرێ بۆ ئەوەی رێژیمەکەی و زایونیزمی دوژمن بۆ چارەسەرکردنی نوێیەکەم دۆخی بەرەی سوریا وتوویژ بکەن ٠

بە پێی هەواڵی ئاژانسەکانی دەنگوباس سەرۆکی رێژیمی سوریا ئامادە بوونی خۆی دەربڕیوە بۆ مۆر کردنی ئەوەی ناونراوە بە (ریککەوتنی ئاشتی یانە) لەگەڵ زایونیزمی دوژمن دا ٠

لەبەر رۆشنایی ئەم دەنگوباسانەدا ئەڵێین ، هەنگاوانانی رێژیمی سوریاو رووکردنە پرۆژەی خۆ بە دەستەوەدان وای کردوە کە هێرشی عەسکەری بۆ سەر عیراق پتر بکات و هەر لەم رێبازە شیەتی وای لەعیراق کردوە کە بەردەوام نارەزایی دەربڕی ٠

حکومەتی عیراق کە هەمیشە نارەزایی دەرئەبڕێ دژی رەفتارە چەوت و دەست درێژی یەکانی رێژیمی سوریا ئەو پلە نزمە ساغ نەکەنەوە کە کاربەدەستانی سوریا پێی گەیشتون بۆ قوڵ کردنەوەی ناکۆکی ئارادەی دەست درێژی کردنە سەر وڵاتەکەمان ٠

ئەمەش وە نەبێ شتێکی سەیرو چاوەڕوان نەکراوبێ لە رێژیمی سوریا ، لە کاتێك دا کە هەنری کیسنجەر وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا بە ئاشکرا رایئەگەیەنێ کە (سوریا لە چوار چێوەی ئەوگەشتەی نایرێتە دەرەوەکەئەو بە ناوچەکەدا ئەیکات) ٠

ئەو پرسیارەی کە لێرەدا خۆی ئەسەپێنێ و دێتە پێشەوە ئەوەیە ، کە ئەبێ بەراستی کیسنجەر مەبەستی لەم گەشتە نوێیەی چی بێ کە گەشتی دەبەمە ؟!

ستراتیجی یەتی ئەمەریکا لەم سەردەمەدا هەموو توانایەکی حستۆتە گەڕ دژی بزوتنەوەی شۆڕشی عەرەب بە مەبەستی دەست گرتن بەسەر ناوچەکەداو پاراستنی بەرژەوەندی یەکانی ٠

دڵشاد

بەرهەمە کشتوکاڵیانەی دەبنە مادەیەکی خاو لە هەندێ پیشەسازی خۆماڵیدا ٠٠ پەرەپێدانی پیشەسازی سەرەتای دروست کردنی بنکەیەکی سۆشیالیستی یە ٠٠ لێك دانو پشت بەیەك بەستنی بەرەی کشتو کاڵی و پیشەسازی ئامانجی بەرزکردنەوەی تەواوی ناوچەکە دەخاتە مشت کە ئەوەش پشت بە ستنە بە دانانی نەخشەیەکی زانستیانە بۆ بەرزکردنەوەو پیش خستنی تەواوی بەرهەمە ئابوریکان بە تایبەتی ئەو جۆرانەی کە ماوەیان هەیە لەو ناوچەیەدا سەرهەڵدەن و بێنە بەرهەم وە هەوڵدان بۆزیاد کردنو پەرەپێدانی بەرهەم هێنانیان بۆ دووبارە بەکار هێنانەوەیان لە ناوچەکەدا ٠

کاربەدەستانی سوریا کە بەخێرایی لە جێ بەجێ کردنی ئەخشە لە ناوبەرەکانی کێشەی فەلەستین دا بە رەوپێش ئەچن ، پیلانی کۆنەپەرستو زایۆنیزمو ئیمپریالیزم جێ بەجێ ئەکەن ٠

ئیمە کە باسی ئەم جمو جۆڵیانە ئەکەین ئەوەش ساغ ئەکەینەوە کە رێژیمی سوریا لە جێ بەجێ کردنی ئەخشەکانی ئیمپریالیزمدا لە سەرشۆڕی و شوڕەیی و بەزین بەوڵاوە هیچی تری پێ نابڕێ ٠

هیلاسی لاسی کۆچی دوایی کرد

رۆژی ٢٧-٨ رادیوی ئەدیس ئەبابا بڵاوی کردەوە کە هیلاسی لاسی قەرانی پێشوی حەبەشە کۆچی دوایی کردوە ٠ هیلاسی لاسی کەمرد تەمەنی ٨٣ ساڵ بوو لە تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٢٨ لە جێگای خاتو راودیتو کرا بەفەرمان ٠

institut kurde de paris

خه‌باتی قوتابیانی کوردستان

● مه‌کته‌بی سکرتاریه‌تی یه‌کێتی قوتابیانی کوردستان ئامادەی ئه‌کات

هه‌فاڵ نعیم حداد بۆ قوتابیانی ئوردوگا ده‌دوێت

ـ خالید جوتیار ـ

هه‌فاڵ « نعیم حداد » ئه‌ندامی سه‌رکردایه‌تی قوتری پارتی به‌عسی سۆشیالیستی عه‌ره‌ب و وه‌زیری لاوان وتاریکی به‌نرخی ئاراسته‌ی قوتابی‌یه به‌شداره‌کانی ئوردوگای (سه‌رکه‌وتن) کرد له‌م وتاره‌یدا سڵاوو ریزی سه‌رۆک کۆماری به‌قوتابیان گه‌یاندو ووتی :ـ

هه‌فاله خۆشه‌ویسته‌کانم ٠٠ به‌ناوی سه‌رۆک و سه‌رکرده‌ی تێکۆشه‌رمان به‌ڕێز «احمد حسن البکر » گه‌رمترین سڵاوو پیرۆزبایی‌تان لێ‌بێ هیوادارم هه‌میشه له‌م خه‌بڕته سه‌رفرازی‌یه‌تان به‌رده‌وام بێ ٠ ئه‌م خۆزمانه‌دو کردن و کارکردنه‌ی ئێوه سه‌رکه‌وتنی شۆڕش و حزبه له پلانی بۆژانه‌وه‌ی ئه‌ته‌وه‌یی‌دا ٠

کاری میللی نیشانه‌یه‌کی هه‌ره پیرۆزی خه‌ڵکی عیراقه ، ئه‌وه‌تا چه‌ند ساڵێکه قوتابیان ئازایانه به‌شداری هه‌موو کارێکی میللی یانه ده‌بن ، کاتێ هه‌ور هێزو چینێکی ئه‌م که‌له‌شان به‌شانی یه‌کتری دژی

بڕوانه ل ـ ۷

بارچه شیعریکی نوری کاکه حه‌مه

(شیعری ئه‌ندازیار نوری کاکه حمه)

ئه‌م پارچه شیعره له‌ره‌مه‌زانی ساڵی ۱۹۳۷دا له زانستی کوردان له سلیمانی له‌لایه‌ن نوری کاکه حه‌مه‌وه که قوتابی یه‌که‌می ناوه‌ندی بووه‌خوێندراوه‌ته‌وه ، له‌و کۆڕه جه‌ماوه‌ریه‌دا خوالی خۆشبو مه‌لاقانیعی شاعیرو شه‌هید محه‌مه‌د قودسی‌و ره‌ئوف فه‌قی محه‌مه‌دی هه‌مه‌وه‌ندی‌و مه‌جید سعیدی ماموستا ئامادەبوون ٠٠ وه‌کوزانراوه کۆمه‌ڵی زانستی له سه‌ره‌تای به هاری ساڵی ۱۹۲۶دا دامه‌زراوه ٠

ـ هاوکاری ـ

خویه‌کی چه‌ند ناپه‌سه‌نده ژن به‌سه‌ریادا عه‌با
خانمێ خۆی‌دا بپۆشێ یه‌عنی‌ژینی‌دا به‌با
ئه‌و په‌چه‌ی به‌رچاوت ئه‌گرێ ئه‌کا بێ به‌ش له‌ژین
دوژمنه باشی بناسه خۆتو خۆشیشت ئه‌با
ئه‌وپه‌چه‌ی هه‌روه‌ك شه‌وه‌ی‌ره‌ش ئه‌یگوشێ روی نازکت
بیده‌ره ده‌م گێژه‌ڵووکه‌و گه‌رده لول‌و بای سه‌با
ئه‌وپه‌چه شوم‌و به‌خیله‌ی نیرو مێ لێك دورئه‌خا
خانمه‌که زۆر عه‌یبه بۆ تۆڵێی بکه‌ی گه‌ر مه‌رحه‌با
بێ عه‌با سه‌ربه‌ست‌و سه‌ربه‌رز تۆ له ماڵ گه‌ر بێته‌ده‌ر
دۆسته له‌ش ساغی نه‌خۆشیش دژمنه روی لائه‌با
خانمی‌واروی ئه‌پۆشێتۆ له کزمه‌ڵ دور ئه‌بێ
ئافرۆزی نیشتمانه لێی ئه‌کا میللەت ئیبا
حه‌یف له کونجی ماڵ خزاون‌خانمانی خاکی کورد
به‌ندیخانه‌ی تاکو مردن بۆته‌هۆی ده‌ردو وه‌با
هینده دانیشتی له ماڵا سست بوه گیانت هه‌موو
گشت گه‌ڕان‌و که‌یف‌و دانست مه‌رقه‌دو سه‌رکانی‌با
ناڵه‌وو هاواره‌که‌م بۆ سودی‌تۆیه خانمه‌که
رۆژی سه‌ربه‌ستی ژنانه قه‌ڕنی بیستی کاره‌با

به‌یقێنه چریك

ئه‌فه‌هینه ٠٠٠ نه‌خه‌ملینه
پوڕو په‌یکا نالینه ٠٠
دبێ هێلینن ٠٠٠
په‌یقێن چریك نه‌خه‌ملینه !!
شه‌نگا وان ره‌وشه‌ن نینه
چ ژبو نینه ٠٠٠٠
بێ‌سه‌میانن ٠٠٠ بچ‌ئاوازن
گوتنێت نه‌راست نه فه‌هینه
ستڤانکێ سالا تژی مورینه
به‌لبیکا بێ‌به‌ختی‌یێ‌دنافدا له‌یزینه
نه فه‌هینه ٠٠٠٠ نه فه‌هینه

✻⊙✻

که‌وو تڤیرکا ئاخینه
چاڤێت به‌له‌ك به‌س بێ‌شینه
هوزان‌و هزرا نه‌زفرینه ٠٠٠ نه‌وه‌رگێره ٠٠
چ ته‌ڤنا نه‌راچینه ٠٠٠
نه‌ته سوره ٠٠٠٠ نه زه‌ره ٠٠
نه‌ته دافا راستی‌یێ‌یه ٠٠٠ نه‌گولولکا ئه‌ڤینداریێ
نه‌خشچ دلی یێ‌هویده
برینا‌وی ٠٠٠٠
یاکوپره ٠٠٠ یاکویره

سه‌رفراز

ئه‌م لاپه‌ڕه‌یه

خوشك‌و برایانی قوتابی ٠٠ ماوه‌یه‌کی که‌م نی‌یه ئه‌م لاپه‌ڕه‌یه خزمه‌تی ئێوه‌ی خۆشه‌ویست ده‌کات ، زۆرجار وتوومانه‌و دیسان دووپاتی ده‌که‌ینه‌وه که ئه‌م لاپه‌ڕه‌یه هی خۆتانه ، به‌رهه‌م‌و گیروگرفت‌و داخوازی‌یه‌کانی ئێوه بلاو ده‌کاته‌وه ، چیتان هه‌بوو بینێرن نه‌گه‌ر ڕاز ده‌ربڕین‌و گیروگرفتێکتان هه‌بوو دۆش دامه‌مێنن سکرتاریه‌تی یه‌کێتی قوتابیانی کوردستان به‌هه‌موو هێز و توانایه‌کی ئامادەیه هه‌رچی یارمه‌تی‌و پێویستی‌یه‌کتان هه‌بوو بۆتان جێ‌به‌جێ بکات ٠

ئه‌م لاپه‌ڕه‌یه درێغی ناکات له بلاوکردنه‌وه‌ی به‌رهه‌م‌و جم‌و جۆڵی لقه‌کان ئه‌وه ماوه ئێوه‌ی قوتابی خۆشه‌ویست وه‌ک چۆن ئێستا هاوکاریمان له‌گه‌ڵدا ده‌که‌ن زیاتریش نووسین‌و به‌رهه‌مه‌کانتان بنێرن تا له‌م ڕۆژانه به چه‌ند لاپه‌ڕه‌یه‌کی کوردیش به‌شداری گۆڤاری « ده‌نگی قوتابیان » ببین که یه‌کێتی نیشتمانی قوتابیانی عیراق ده‌ری ده‌که‌ن ٠

تا ئێستاش ئه‌گه‌ر له‌به‌ر که‌می جێگانه‌مان توانی بێ به‌رهه‌می ئه‌ده‌بی‌یه‌کانتان بلاو بکه‌ینه‌وه لێره به‌دواوه ئه‌م کۆسپه‌ش نامێنێ‌و هه‌ر بابه‌تێکی به‌سوودمان پێ بگات به‌سوپاسه‌وه بۆتان بلاو ده‌که‌ینه‌وه ٠

« خه‌باتی قوتابیان »

له‌ئوردوگای قوتابیان چ باسه؟

چه‌ند هاوبێنێکه یه‌کێتی نیشتمانی قوتابیانی عیراق ئۆردوگای کارکردن بۆقوتابیان ده‌کاته‌وه پارو پێرار «خالصه»و « أبو منیسیر» به‌هێزی بازووی قوتابیان دروست کران ٠ ئه‌مساڵیش ماوه‌یه‌کی که‌م نی‌یه قوتابیان ئازایانه له ئوردوگای « الانتصار » « سه‌رکه‌وتن » کار ده‌که‌ن ٠ بابۆ ئه‌وه‌ی قوتابیان به‌م ئۆردوگایه بناسێنن که‌م سه‌ره‌تایه بخه‌ینه‌ڕوو ٠ ئوردوگای سه‌رکه‌وتن له ناوچه‌ی « الرشاده » قوتابیان له‌وێ شه‌قامه‌کان قێرتاو ده‌که‌ن‌و کۆگاکانی کۆمپانیای جگه‌ره ڕێك ده‌خه‌نه‌وه ٠ قوتابیان ڕۆژی (۱۱) سه‌عات زیاتر کارده‌که‌ن سه‌ره‌ڕای ئه‌وه‌ش گه‌ڵێ باس‌و بابه‌تی ڕۆشنبیری‌و سیاسی ده‌خوێنن‌و جارجاره‌ش ئاهه‌نگی دڵڕفێن ده‌گێڕن ٠

له‌م ئۆردوگایه کاروبار به‌م شێوه‌یه دابه‌ش کراوه ١ ـ ئامیری ئۆردوگا ٠٠ که ڕۆژانه هه‌موو به‌رنامه‌و پڕۆگرامێکی پێویست جێ‌به‌جێ ده‌کات‌و سه‌رپه‌رشتی هێمنی‌و یاسای ئۆردوگاش ده‌کات ٠

٢ ـ لێژنه کان : ـ بۆئه‌وه‌ی کار به‌ڕێکی بڕوات لێژنه‌ی باڵای ئوردوگا ئه‌م لێژنه‌ی لقانه‌ی داناوه‌و بۆ هه‌ر به‌شێکیش به‌ر پرسیارێك دانراوه ٠

١ ـ هه‌فاڵ « عبدالغفور ابراهیم » به‌رپرسیاری لێژنه‌ی ڕۆشنبیری ٠

٢ ـ هه‌فاڵ « علك عبد » به‌رپرسیاری ڕێکخستن ٠

٣ ـ هه‌فاڵ « محمد عبدالغنی » به‌رپرسیاری ئاو

٤ ـ هه‌فاڵ « غازی فیصل » به‌رپرسیاری لێژنه‌ی کارکردن

٥ ـ هه‌فاڵ « فیصل الفلاحی » به‌رپرسیاری که‌ل‌و په‌ل ٠

٦ ـ هه‌فاڵ « محمد النقیب » به‌رپرسیاری خوێنده‌مه‌نی ٠

ئه‌م لێژنانه‌ی سه‌ره‌وه هه‌ریه‌که‌ی به‌ده‌وری خۆی خزمه‌تی قوتابیان ده‌کات ٠

لێژنه‌ی باڵای ئۆردوگا :ـ

ئه‌م لێژنه‌یه سه‌رپه‌رشتی هه‌موو ئۆردوگا ده‌کات‌و پێویستی‌یه‌کان ئامادە ده‌کات :ـ

ئه‌م هه‌فاڵانه‌ش ئه‌ندامی لێژنه‌ی باڵان ٠

١ ـ هه‌فاڵ « فهد الشکره »

سه‌رۆکی لێژنه‌ی باڵای ئوردوگا

٢ ـ هه‌فاڵ « عصام الدباغ » ئه‌ندامی لێژنه‌و ئامیری ئۆردوگایه ٠

بڕوانه ل ـ ۷

خه‌باتی قوتابیان

فریال بلال

بو ئه‌وه‌ی بزوتنه‌وه‌یه‌کی یه‌کگرتووی قوتابیان بێته‌دی ، پێویسته به‌پێی باری مێژوویی سه‌رده‌م ، بزوتنه‌وه جیا ـ جیاکانی قوتابیان یه‌ك بگرن‌و له پێناوی ئاوات‌و ئامانجی هاوبه‌شدا که له پڕۆگرامێکی دیاردا ده‌ست نیشان کراون خه‌بات بکه‌ن ٠

بێ گومان گرنگی ئه‌م یه‌کخستنه‌ش له‌وه‌دایه که تێکرای توانا و لێهاتوویی قوتابیانی ولات کۆئه‌کاته‌وه‌و به‌ره‌و هێنانه‌دی ئامانج‌و ده‌سکه‌وتی گرنگتر ئاراسته‌یان ئه‌کات ٠

دیاریشه ئیمه ئه‌و یه‌کگرتن‌و یه‌کخستنه‌ی هێزو توانا به‌ بەردی بناغه‌ی تێکۆشان‌و خه‌باتی یه‌کگرتوو ده‌زانین‌و به هه‌نگاوی سه‌ره‌کی ئه‌زانین له مه‌یدانی هاوکاری‌و خه‌باتی هاوبه‌شدا ، هه‌ر له‌به‌ر ئه‌مه‌شه که‌وا لامان زۆر گرنگه هه‌موو لایێکی ئه‌م یه‌کخستنه‌ی ئه‌بێ به ته‌واوی‌و به‌ووردی دیاردی بکرێت ٠

بزوتنه‌وه‌ی قوتابیان ، چ وه‌ك بزوتنه‌وه‌یه‌کی نیشتمانی‌و پێشکه‌وتوخوازو چ وه‌ك ڕێکخراوێکی نیقابی له ولاتمان ، ده‌وڕێکی کاریگه‌ری بینیوه له خه‌باتی نیشتمانی گه‌له‌که‌ماندا دژی ئیمپریالیزم‌و نوکه‌ره‌ نه‌لقه‌له‌گوێ‌یه‌کان وه له پێناو هێنانه‌دی ئاوات‌و ئامانجه وه‌واکانی گه‌له‌که‌مان ٠ که هی قوتابیانیش ئه‌کرێته‌وه ، ئاشکراشه تاقی‌کردنه‌وه‌ی رابردووی بزوتنه‌وه‌ی قوتابیانی عیراق ئه‌مه‌ی سه‌لماندووه‌و چه‌نده‌ها لاپه‌ره‌ی مێژوویی به خوینی قوتابیان تومار کراوه که له حه‌قیقه‌تدا نمونه‌ی له خۆبوردن‌و فیداکاری بوه له‌پێناو ئامانجی میللەت‌و ئاواتی قوتابیان ٠ ئێمه له‌و بروایه‌داین ئه‌م تاقی‌کردنه‌وه‌و خه‌باتی جاران‌و ده‌سکه‌وته‌کانی ئه‌م‌چه‌ند ساڵه‌ی دووایی‌و گیانی هاوکاری‌و برایه‌تی ئێستا ئه‌توانن زه‌مینه‌یێکی گونجاو دروست‌که‌ن بۆ ئه‌و یه‌کگرتنه‌و بۆ ئه‌وه‌ی توانای قوتابیان هه‌موو یه‌ك بخرێن‌و شان به‌شانی که‌رته کومه‌ڵایه‌تیه نیشتمانیه‌کانی ولات‌و به‌رابه‌ری سه‌رکردایه‌تی شۆڕشی ١٧ی ته‌موزی پیرۆز هه‌میشه به‌ره‌و پێشه‌وه ، به‌ره‌و سه‌رکه‌وتنی گه‌وره‌تر هنگاو بنێن ٠

پڕۆژه‌ی په‌ره‌پێدان

باوکی په‌روین

ئاسۆی په‌ره پێدان له‌کوردستاندا

شۆڕشی ١٧ی ته‌موزی پیشکه‌وتن خواز ئازایانه زنجیره ده‌ستکه‌وتێکی هێنایه ئارا چ له‌مه‌یانی ئابوری یا کۆمه‌ڵایه‌تی‌و سیاسیدا که به‌و کرده‌وه پێشکه‌وتن خوازانه‌یه چه‌ند گورانێکی بنه‌ڕه‌تی له سه‌رجه‌می وڵاتدا هێنایه کۆڕ له‌سه‌روو ئه‌وکرده‌وه پیشکه‌وتن‌خوازیانه‌وه چاره سه‌ری مه‌سه‌له‌ی گورد بوو به شێوه‌یه‌کی دیموکراتی ٠٠ که ئه‌وچاره سه‌ره‌ش له به‌یان نامه‌ی ١١ی ئازاردا ده‌رکه‌وت‌و به‌راستی پڕۆگرامێکی پیشکه‌وتن خوازی شۆڕشگێرانه‌ی ئه‌وتۆبوو که به‌چاکی ڕبگای پیشکه‌وتن‌و که‌شانه‌وه‌ی کوردستانی خۆش کرد ، ئه‌گه‌رچی ئه‌و تاقمه یه‌مینی‌یه‌ی ناو بزووتنه‌وه‌ی کوردایه‌تی‌توانیان ده‌ستی ئاژاوه دڕێ بکه‌ن بۆ که‌و ڕببازه پێشکه‌وتن‌خوازه به‌ڵام پاك نه‌ژادی شۆڕش‌و وردبینی ڕیبازی پیشکه‌وتن خوازانه‌ی توانی ئه‌و ده‌ستێوه‌ له ناوبه‌رێت‌و درگا بۆ چاره‌ماوه‌ری کورد بکاته‌وه که ده‌وری خۆی له پڕۆژه‌ی په‌ره‌پێدان‌و بنیات ناندا ببینێت ٠

به‌و بۆنه‌یه‌وه شۆڕش ئه‌و به‌ری توانای خۆی به‌کارهێنا له پێناوی پرکردنه‌وه‌ی ئه‌و ڕۆشنایی‌یه‌دا که ساڵانی شه‌ڕ دروستی کردبوو ، به‌و جۆره سه‌رکردایه‌تی حیزب‌و شۆڕش ده‌ستی کرد به چاك‌کردنی باری ناهه‌مواری ئه‌و ناوچه‌یه له مه‌یدانی کشت‌و کاڵ‌و پیشه‌سازی‌و بازرگانیدا ٠٠ وه له ته‌قه‌ڵایه‌کی بێ وچاندایه له‌پێناوی په‌ره‌پێدانێکی فراوانی ناوچه‌که‌دا ٠

له‌و باریه‌وه له مه‌یدانی پیشه‌سازیدا که‌لێك پڕۆژه‌ی پشه‌سازی به‌ردی بناغه‌ی‌دانراوه وه له مه‌یدانی کشت‌و کالیشدا شۆڕش ده‌ستی‌کردووه به چاك کردنی ئه‌و زروفه ناهه‌مووارەی ئه‌و ناوچه‌یه‌ی تیا ده‌ژیا بۆ ئه‌وه‌مه‌به‌سته یاسای ژماره (٩٠)ی ساڵی ١٩٧٥ی ده‌رکردووه که به‌راستی ده‌رکردنی ئه‌م یاسایه‌مژده‌ی گۆرانێکی فراوانه له‌ناوچه‌یه‌دا ٠٠ ده‌رکردنی ئه‌م یاسانوێ‌یه زمینه‌یه‌کی له‌باری شۆڕش گیرانه‌ی بو جوتیاران‌هێنایه گۆڕی که به‌راستی بنوانن له مه‌یدانی کشت‌و کاڵ‌دا پیشکه‌وتن وه‌دی بهێنن‌به‌رهه‌می خۆیان زیاد بکه‌ن په‌ره به‌و به‌رهه‌مه‌یان بده‌ن که ئه‌مه‌ش زروفێکی له‌بار دێنێته گۆڕی بۆ په‌ره‌پیدانێکی گشتی له‌وڵاتدا ٠ بۆ زیاد کردنی به‌رهه‌می کشت‌و کالی له‌م ولاته خۆشه‌ویستەدا وه‌ئه‌مه‌ش دوو باره‌زمینه‌یه‌کی له‌بار دروست ده‌کات بۆ جێ‌به‌جێ کردنی پلانه کشت‌و کاڵیکان که ئه‌م ناوچه‌یه چاره‌روانیه‌تی ٠٠ هه‌تا ئێستا که‌لێك ده‌سته‌و لیژنه‌ی تایبه‌ت‌و هه‌مه‌جۆر له وه‌زاره‌تی کشت‌و کاڵه‌وه به‌ره‌و ناوچه‌ی ئۆتۆنومی که‌وتوونه‌ته ڕێ ، بۆ مه‌به‌ستی جێ‌به‌جێ کردنی ده‌ست گرتن به‌سه‌ر زه‌وی‌و زاری ئه‌و ناوچه‌یه‌دا وه‌دووباره دابه‌ش کردنه‌وه‌ی به‌پێی یاسای ژماره ٩٠ی ساڵی ١٩٧٥ ٠

ڕێبازی په‌ره‌پێدان

خوێنه‌ری خۆشه‌ویستم :

ماموستا صه‌دام حسین جێگری سه‌رۆکی ئه‌نجومه‌نی سه‌رکردایه‌تی شۆڕش ڕێزو سوپاسی خۆی پێشکه‌ش وه‌زاره‌تی پیشه‌سازی کردووه‌له‌و هه‌وڵه پیاوانه‌یه‌دا که

بڕوانه ل ـ ۷

● پاشماوه‌ی : ژماره‌ی پێشوو :ـ

ره‌جه‌ب و پیاو خۆران

ـ فاضل عبدالله ـ

لاریم له‌وه نیه که نووسه‌ر له دراماکه‌یدا هه‌ندێك وێنه‌ی که‌می کاریکاتێری دروست کردووه له شوێنی خۆیدان ، به‌وه له نرخی هه‌ندێك پاڵه‌وانی که‌م کردۆته‌وه‌و گاڵته‌ی پێ‌کردوون ، بێ ئه‌وه‌ی بگاته ڕاده‌ی ـ تهریج ـ وه‌ك له‌ده رهێنانه‌که‌دا زۆر زه‌قه‌و له پێکه‌نین زیاتر سه‌ر ئه‌نجامیکیان نیه ٠ ده‌توانم زۆر نموونه بهێنمه‌وه راستی قسه‌که‌م بسه‌لێنێ سه‌بارەت ـ تهریج ـ که لایه‌نی زاڵ بووی ده‌رهێنانه که بوو ، له هه‌موو شتێك‌زیاتر گرنگی درابوویه ٠ ئه‌وه‌ش بوو بووه هۆی داپۆشین‌و شاردنه‌وه‌ی زۆر ڕووداو له بری ئاشکرا کردنیان ٠ بۆ نموونه له تیکسته‌که‌دا عصمت حکمت که‌سێکه ده‌سه‌ڵاتی به‌سه‌ر هاوریکانی‌دا هه‌یه ، جگه له‌وه‌ی ئه‌م پارێزه ڕێکه ، هیچ نه‌بوایه ، با پیشه‌که‌ی ده‌وری ببینیایه ، به‌ڵام (تهریج) ئه‌م شته‌ی پیچه‌وانه کرد بۆوه هه‌روه‌ها پاڵه‌وانه‌کانی تر ، هه‌موویان ده‌بوونه کۆمه‌ڵێك که‌ره‌سه‌ی یاری کردن‌و ئه‌و په‌ری ئولفه‌ت‌و خۆشه‌ویستی پێکه‌وه گه‌مه کردنیان پێوه دیار بوو ٠٠ یه‌کێك سه‌ر له ناو گه‌ڵی ئه‌وی تره‌وه ده‌رده‌هێنێ ٠٠ له پڕ ریز ده‌بن وه‌ك شه‌مه‌نده‌فه‌ریان لێ‌دێ ، به پاڵ پێوه‌نانێکی یه‌که‌میان ، ئه‌وانی تریش به دوایدا ده‌که‌ون ٠ شتێکی ئاسایی‌یه‌که زۆر جار ده‌رهێنه‌ر ، ئه‌و جۆره بابه‌تانه به شێوه‌یه‌کی کۆمیدی چاره‌سه‌ر ده‌کات ٠ کۆمیدیا خۆی له خۆی‌دا شێوه‌یه‌کی چاکی ره‌خنه گرتن‌و ئاشکرا کردنی چه‌وتی‌و که‌م‌و کورتی‌یه ته‌نانه‌ت ئه‌و کاریکاتیره‌ی له روژنامه‌کانیش دان تۆ ده‌خه‌نه پێکه‌نین ، له‌که‌ڵ ئه‌وه‌شدا چاره‌سه‌ری مه‌سه‌له‌یه‌کی ئاسان ده‌که‌ن ٠ به‌ڵام هیچ ڕۆژێك نه‌بینراوه‌و که‌س به‌وه ڕازی نابێت ، ڕۆژنامه‌یه‌ك وێنه‌یه‌کی کاریکاتیری بێ مانا بلاو بکاته‌وه ته‌نیا له به‌ر ئه‌وه‌ی‌خوێنه‌ره‌کانی پێ‌پکه‌نن ٠ که‌وابوو ده‌که‌ینه ئه‌و ئه‌نجامه‌ی شانۆ هۆیه‌کی رابوردن‌و کات بردنه سه‌ر نیه ٠

کاك سالار هه‌ر له سه‌ره‌تاوه به هونه‌رمه‌ندێکی کۆمیدی ناسراوه چ له ده‌رهێنان‌و چ له نواندن‌دا (شانۆگه‌ری : جه‌نابی موفه‌تیش ، پیسکه‌ی ته‌پ پیر ، زیانی تووتن) ٠ کوایه ئه‌م شێوازه هونه‌ری‌یه له ئه‌نجامی تێ‌نه‌که‌یشتن‌و شێتەڵ نه‌کردنه‌وه‌ی تیسکته‌وه هاتووه؟ یان ناوه‌ڕۆکه‌که‌ی به لاوه مه‌به‌ست نیه جگه له کۆمیدیاو هێشتنه‌وه‌و زیاد کردنی جه‌ماهیر پێکه‌نین ؟

مه‌به‌ستی ده‌رهێنه‌ر هه‌رچی‌یه‌ك بێت ، به‌ڵای ئێمه پشت گوێ خستنه‌و که‌م کردنه‌وه‌ی نرخی‌ده‌رهێنه‌ره ئه‌که‌ر ده‌رهێنه‌ر خۆی به خاوه‌نی ره‌جه‌به‌و پیاو خۆران بزانێ چۆن وا به ساکاری‌و بێ موبالاته‌وه ئه‌وی گرنگ ئه‌وی گرنگ بێ ده‌ی‌کاته خۆراکی پێکه‌نین ؟ نووسه‌ر له زمانی دراوسێ که‌وه باسی مه‌هدی ده‌کات :

« دراوسێ : به خوا مه‌هدیش خۆشه ٠٠ ئه‌وا به‌ینێ له‌مه‌وپێش ئه‌بینم له سه‌ر ئیش دێته‌وه ٠٠ قوڕاوی ٠٠ تۆزاوی ٠٠ چلکن ٠٠ که‌چی یه‌ك دوو کتێبی خستۆته بن ده‌ستیه‌وه ٠ ئه‌وه چی‌یه مه‌هدی ؟٠٠

وه‌ڵا ئه‌ی خوێنمه‌وه ٠٠ ئاخر سه‌لامه‌ت بی تۆ کرێکارێکی به‌سه‌زمان ، خوێندنه‌وه‌ی ئه‌م کتێبانه‌و تۆیان نه‌وتووه ٠٠ کتێبه‌کانیش له‌م قه‌به‌کان بوو ٠٠ هی ٠٠٠٠ »

مه‌هدی‌یه‌کی چه‌وساوه‌ی هه‌ژار ، له پاڵ کاره‌که‌ی‌دا خه‌رێکی خۆ په‌ره‌وه‌رکردن‌و خوێندنه‌وه‌یه ، ده‌یه‌وێ شتێك به‌شت بکا ٠ بێ‌گومان ده‌بێ ئه‌و کتێبانه لای ده‌رهێنه‌ر پیرۆزبن‌و ڕێزیان لێ‌بگیرێت ، له کاتێکدا دراوسێ‌یه‌که ناوی کتێبه‌کان ده‌هێنێ‌و ده‌یه‌وێ بڵێ کتێبه‌کان له‌م قه‌به‌کان بوو ، قاچێکی به‌رزده‌کاته‌وه‌و قه‌واره‌ی کتێبه‌کان پێشانی خه‌لکی‌ی ده‌دات (جه‌ماهیر پێده‌که‌نێ) به‌و جۆره له‌و شوێنه‌دا نرخی کتێبه‌کان ده‌بێته پێڵاو ٠ زۆر نموونه‌ی تری وا له شانۆگه‌رێکه‌دا به‌ر چاو ده‌که‌وێت ، پێویست ناکات درێژه‌ی بده‌ینێ‌و هه‌مووی باس کرێت ، چونکه ته‌نیا شێوه‌یه‌ك هه‌ست پێ ناکه‌یت بت خاته پێکه‌ینن‌و له پاڵ پێکه‌نینه‌که‌تدا ڕووناکی یه‌ك بداته سه‌ر ناوه‌ڕۆکی چیرۆکه‌که ٠

ده‌بێ ئه‌وه بزانین که شه‌خسیه‌ت ته‌نیا ده‌وڕێك نیه له چه‌ند بینراو (مشهد)یکدا بنوێنرێ‌و به‌س ٠ هه‌موو فیکره‌یه‌کیش هه‌روا به‌زوویی‌و ئاسانی پیشان نادرێت ٠ هونه‌رمه‌ندی شانۆ ده‌بێت له له‌شێکدا گیانێك ببینێ‌و ئینجا بیکاته ده‌وڕێك‌و پێشکه‌شی بکات ٠

ده‌رهێنه‌ر ده‌بێ پردێك له نێوان نووسه‌روا به‌شداره‌کانی تری به‌رهه‌مه‌که‌دا بنیات بنێ ، تا به‌کۆمه‌ڵ ببنه خاوه‌نی مه‌زموونه‌که‌وتیایدا بژین ٠ ئه‌کته‌ره‌کانی ره‌جه‌ب‌و پیاخۆران هیچ تاوانێکیان نیه له پێ‌نه‌که‌یشتنی به‌رهه‌مه‌که‌دا ٠ زۆر به دڵنیایی‌و شانازی‌یه‌وه ده‌ڵێم ئه‌کته‌ره‌کان هونه‌رمه‌ندن ، لێهاتوون ، توانای که‌لێك زیاترو زیاتریان هه‌یه ، چونکه تێده‌که‌ن‌و دڵسۆزن ، بۆ یه‌زۆر به وردی‌و دڵسۆزی‌یه فرمانی ده‌رهێنه‌ریان به جێ هێنا بوو ٠٠ هیوا ده‌خوازم وێنه‌یان زۆر بێت که هه‌موویانن‌و حه‌زده‌که‌م به ڕیزه‌وه لێره‌دا ناویان بێنم : که‌مال سابیر ـ ره‌جه‌ب ـ ، عومه‌ر که‌ریم ئاغا ـ دراوسێ ـ کامه‌ران ره‌ءوف ـ عصمت ـ ، مسته‌فا ئه‌حمه‌د ـ عبدالخالق ـ، حه‌مه ئازاد بابان ـ حاجی

بڕوانه ل ـ ۷

institut kurde de paris

ڕۆژێکی نوێ له ژیانی قوتابیانی کوردستاندا

به پێی پێویستی ئه‌و سه‌ره‌ده‌می کوردستان‌و ئه‌وقۆناغه مێژوویی‌یه‌ی پێیدا ده‌ڕۆیشت یه‌کێتی قوتابیانی کوردستان دامه‌زرا ٠

(١٨)ی شوباتی ١٩٥٣ ده‌سکه‌وتێکی پیرۆزی قوتابیانی کوردستانه که توانیان هێزی قوتابیان له ژێر ئاڵای ئه‌م به‌کێتی‌یه کۆبکه‌نه‌وه‌و بۆ به‌رژه‌وه‌ندی گشتی قوتابیان‌و نیشتمان خه‌بات بکه‌ن ٠ له ڕاستی‌دا ئه‌م یه‌کێتی‌یه نوێنی ویست‌و ئاواته‌کانی قوتابیان هه‌لبگرێ‌و به‌ره‌و کاروانی سه‌رکه‌وتنیشیان ببات بۆ ئه‌وه‌ی گیانی برایه‌تی‌و خۆشه‌ویستی له‌دیارکه‌وت ٠ خۆکه‌سیش ویستی لای قوتابیان به هێز تر بکات به‌ڵام کاتێ ئه‌م به‌کێتی‌یه که وته ژێر ده‌ست ده‌سته‌ی کونه‌په‌رست ٠٠ له بروونته‌وه‌ی ڕزگاری خوازی کورد گه‌لێ ئاواتو ویستی قوتابیان پێشیل کراو تاقمێکی به‌رژه‌وه‌ند په‌رستیش خۆیان سه‌پانده سه‌ر ئه‌م‌به‌کێتی‌یه ئه‌م وێنه‌یه به ڕاستی له ساڵانی ١٩٧٠ـ١٩٧٤ به ته‌واوی به‌دیارکه‌وت ٠ خۆکه‌سیش نکۆڵی له‌وه ناکات ئه‌گه‌ر هه‌ر ڕێکخراوێکیش له‌کەڵ ژانو ئاواته‌کانی جه‌ماهیر نه‌ڕوات سه‌ره‌نجام یه‌کێتی بیروباوه‌ڕی نامێنێ‌و به‌ره‌ڵایی جێگه‌ی خه‌بات‌و کارکردنی ده‌گرێته‌وه ٠

قوتابیان چونکو ده‌سته‌یه‌کی ڕۆشنبیرو تێ‌گه‌یشتوون زوو هه‌ستیان به‌لادانی ئه‌م تاقمه کرد ٠ بۆیه هه‌ر له‌که‌ڵ بڵاوکردنه‌وه‌ی یاسای ئۆتۆنۆمی‌و وه‌رچه‌رخانه‌وه‌ی ده‌سته‌ی به‌کێتی گیراو لێژنه‌یه‌کی تازه‌و نێ‌که‌یشتوو هاته‌دی‌و بووبه هه‌لگری مه‌شخه‌لی بیروباوه‌ڕیکی ڕاست‌و پێشکه‌وتوو خواز ٠

ئه‌م لاده‌رو به‌رچاو ته‌نگانه‌ش ئاکامیان هه‌رئه‌وه‌بوو که هه‌موو مرۆڤێکی ئه‌م عیراقه به چاوی حۆری دی ٠

بڕوانه ل ـ ۷



کەریم ئه‌رکه‌وازی

کتێبی کوردی ونەوەیەکی بێ ڕەخنە

ئەگەر خەڵکی دەورو پشتمان نۆبەرەی کتێبێکی تازەیان بکەوێتە بازاڕەوەو بیخەهەمێزەوەو کتوپڕ بیقۆزنەوە، ئەوالای ئێمە مەگەرهەرکتێبخانەی خوانەیبڕێ دە پانزە کتێبی لێ بفرۆشرێ ، ئەویش بە هیمەتی ئەوانەی تامەزرۆی ووشەی پاکی کوردین و خۆیان بەبەر پرسیار ئەزانن !!

ئەگەر لە بەریتانیادا هەفتەی سەرومڕ (٣٥٠) کتێبی هەمە چەشنە بڵاو بکرێتەوە ، ئەوالای ئێمەش - بە ناشکوری نەبێ - ساڵی جارێو قەزاو قەدەری کتێبخانە •

باوەشی ساردوسڕی تۆزلێ نیشتووی بەیەك دوو کتێبی گەرم دەکرێتەوە ، ئەویش بەهەزار قاڵدرقۆو بگرەو بردەو هێنانو بردن و فەرتەنە !

ئەگەر لە وولاتێکی وەك « سۆڤیەت » هەر بەرهەمێکی « دۆ ستۆیفسکی » زیاتر لە (٥٠٠٠٠٠) دانەی لێ چاپ کرێ و زۆر خوێنەریش دادو بێ دادیان بێو بەخەفەتەوە بەردەرگای کتێبخانەکان جێ بێڵن •• ئەوالای ئێمەش بە پێچەوانەوە کتێب بەهەزار فاتیحا هەزار دانەیەکی لێ چاپ دەکرێ ، سەرەرای ئەوەی خاوەنەکەی دادو بێ دادیەتی •• پەککو ئەو هەزاردانەیە چۆن ساغ بکەمەوە ، مەگەر خانووەکەم لە جیاتی چاپخانەو کرێی چاپەکەم هەڕاج کەم !

سەرباری ئەوە ، ئایا کتێب لای ئێمە چ نرخو بایەخێکی بێ ئەدرێ •• کێ ئاوڕێ لێ ئەداتەوەو کێ ساغی ئەکاتەوەو کێ نرخی ئەداتێ ؟! مەگەر ئەو دووسێ دانەی نووسەرو خوێنەرەکانمان بەفنگەفنگو کەم بایەخی ئەیخاتە بەر باخەڵەوە• بەکورتی « نووسەری کورد » زۆربەیان لە گێژە لووکەی چاپو چاپکاری وون بووە ، مەگەر هەرخوا بەزەیی خۆی بەحاڵی نووسەرە هەژارەکانمان بێتەوە ، کەلەبەر دەست کورتیو بێ مروایی و یارمەتی ڕێگەی هەنگاونانو بەرەوپێشەوە چوونی لێ گیراوە •• بەڵام ئەوەی نابێ نکۆڵی لێ بکرێو جرتو فرتی پێناوێ ئەوەیە ، ئەو هەمووخەمانە هەر لە کتێبخانەی کوردی ، خەڵکەکە زۆربەیان سەیری بەرگو « روخسار »ی کتێبە کەدەکەن نەك (ناوەرۆك)ی ئەو بەرهەمە • ئەگەر کتێبەکە بەقەشەنگی چاپ کرابێو مادەی بەقوربان کرابێ •• زۆرەها نوسخەی لێ ڕەواج دەبێو خوێنەر بۆرازاندنەوەی روخساری کتێبخانەکەی دەیسێنێ ! بەڵام ئەگەر خاوەنەکەی بە قەردوفەرد بڕە پارەیەکی کۆکردبێتەوەو ئەو نۆبەرەی پێ ڕەخساندبێ ، ئەوا قیزی لێ ئەکەنەوەو بەوەڕسیو منکەمنگو دلگوشین دەیخەنە بەرباخەڵەوە •• ئەنجاتانەو توانج گرتنە بێ شومارو پەڵلارە زاخرداڕەکانیش لەوێ بووەستێ !!

بەڵێ •• ئا ئەمەیە حاڵو عەرزی نووسەری قوربەسەری کورد ، ئەنجا بابچینە ناخی بابەتەکەمانو بزانین لەدەورو پشتمان چ باسەو خەڵکی لە چ بایەخێکی زۆروزە بەندسەیری کتێبی تازە دەکەنو چۆن پێشوازی لێوەدەکەن !! لەم ڕۆژانەدا گوتارێکم خوێندەوە لەبارەی بەستنی یەکەم کۆڕی ڕەخنەگرانی دنیاوە کەلە - پاریس - بەسترا ، ئەوەی مایەی تێڕامانو هەندوەگرتن بوو ئەوەیەکە لەوگۆنگرەدا بایەخی ڕەخنە لە کتێب گرتن خسترابوە ڕوو • « ئورزۆف » باسی گرنگی ئەومەسەلەدەکاو دەڵێ : (لەیەکیەتی سۆڤیەتدا بۆمان هەیە هەزاران گفتو گۆو موناقەشەی ئەدەبی لەسەریەك تاقە کتێب بکەین !»

- شیرزاد نانەکەلی -

لێرەش ، لەم جەنجاڵو هەیەتو هووتە ، مەگەریەکێك خوادلی نەرم بکاو شتێکی هاکەزایی لەسەر بەرهەمێکی ئەدەبی بڵاو بکاتەوە ، ئەگەنا• دەبێ تەپو تۆزی ساڵانی لەسەر هەڵنیشێ !! جارێ شتێ کە لەئەدەبی کلاسیکی بدوێ •• ئەوە هەر بۆنی قارسیو ووشكو برینگی ماچ ئەکا لەلای زۆربەی خوێنەرانەوە کەچی لای خەڵکی ، بەرهەمە بە جێماوەکە زیاتر بایەخی خۆی پێ ئەدرێو ئەخرێتە بۆتەی موناقەشەولێ دووانەوە•

بەس نییە کە هەر بەرهەمێکی « ئاشین بك » زیاتر لە (٨٤٥) هەزاردانەی لێ چاپ ئەکرێ ! کەچی هێشتا زۆر کەس و ئاخو داخیەتی •• « کەدەسم نەکەوت •• مەخابن» لە ڕووی ڕەخنەگرتنی کتێبەکان •• باسی لێ ناکرێ ، ئەوەتا « نوێنەری بەریتانیا » لە کۆنگرەکەدا ، ئەڵێ : (ئێمە هەفتەنامەیە کمان هەیە بو ڕەخنەگرتن لە کتیب ئەم هەفتەنامەیە پتر لەسێ هەزار کەس ئیشی تیدادەکەن کە هەموویان کادیری بەرزی ڕەخنەیین ! »

خۆزگە ئێمەش نرخی هەموو شتێکمان بدایە دەستەوەو ئافەرینمان بۆ ئەوکەسانە بکردایە کە لە ناو ئەو هەموو بگرەو بەردەدا ، لەم هەموو ئاژاوەدا ، دەنگی خۆیان هەر گەیاندۆتە خەڵك با •• هەست بە لێ پرسینەوەیەکی عادیلانە لە دەروونی خۆمان • زۆر مرۆڤانە پەروەردە بکەینو •• نرخی بەرهەمە ئەدەبییەکان بزانین ••

"شیلە" شاعیری مەزنی ئەڵەمانی

(شیلەر) ماوەیەك بەفەرمانی (کارل ئۆیگین) لەشیعر ووتن دوور خرایەوە •• ئەمەش کاریگەری قەدەی کردە سەر شاعیریەتی (شیلەر) • بۆیە وازی لە کار، پزیشکی یەکەی هێناو چوو بۆ شاری (ماتهایم) ئنجا لە دووایی دا ڕۆری کردە شاری (لایبزیج) و دەستی خستە ملی ئەدەبو شیعر •• کابا ئەمەش یەکێکە لە شیعرەکانی :

- گۆرانی شادی -

ئەی شادی •• ئەی بڵیسەی تەلیسمی خوایی
ئەی فریشتەی بەهەشتی جوانی ••
هاتووین بۆ بەرستگات ،
بتپەرستین •• کرنۆش بۆ پەیکەرت بەرین ••
تاڵاوی ڕۆژگار ، کێڵگەی تاسەمان بەژەهرە خەم (ئاودێر) دەکات
دەسا وەرە فەرشی باڵت بەسەر مانا ڕابکێشە ••
تێنوویەتی دڵدارەکان بشکێنە
تا هەموو مرۆڤەکان ببن بەبرا ••
برایانم ! دەبێ هەر لەسەر کەژاوەی ئەستێرەکان
باوکێك هەبێ خاوەن ئاسمان •••
بەزەیی ••
دەبا دەنگی دەگەل گۆرانی بێژەکانا بەرز کاتەوە ••
هەریەکێك کاغەزی گرەوی دەر هێنا ••
هەریەکێك بوو بە هاوڕێ بۆ یەکێك ••
بەڵێ ! تا ئەویش ••
ئەوەی کە هیچ لە دنیا شك نایا
لە ڕوحێکی پاکو بێ گەرد زیاتر ••
بەڵام ئەوانەی ، نازانن چۆن دڵسۆزو خۆشەویست بن
دەبا خۆیان بدۆزنن •• بما لێرە دوور بکەونەوە ••
ئەی دانیشتوانی هەموو زەمین
کرنۆش بەرن بۆ خۆشەویستی •• چونکی خۆشەویستی دەتانگەیەنیتە کەژاوەی ئەستێرەکان ••• هەموو گیان لەبەرێك گۆربەی شیرەژەی شادی دەگرنە کۆشو بەخێوی دەکەن ••
فریشتەش یاساوڵی دەرگای خوایە ••

شادی خەر

شادی هەتاو دەکا بەدڵی ئاسمان •••
کەواتە برایە ڕێگاتان بگرنەبەر بەشادی وەك باڵندەی خۆر ••
لەگەڕەکی ئاسمانا ••
هەروەك پاڵەوانێك کە بەرەو پیری سەرکەوتن بچێت ••
شادی ژەردەخەنەی دەمو چاوی هەر کەسێکە کەبەدووایا بگەڕێ ••
لە ماوەی ئاوێنەی ڕاستی ئاگرا ••• شادی سەرۆکی ڕێکای دڵسۆزەکانە •••
بەرەو بەرزیو تەلانەکان ••
لەسەر کێوی باوەڕی هەتاوا •• ئاڵای ئاوانەکانتان ئەشە کێتەوە ••
مردووش لە درزی کفنەوە

ئازاد عبدالواحید

ئەیبینێ کە لەناو فریشتەکان ڕاوەستاوە ••
ئەی ملیۆنەها مرۆڤ !

بەرکەی ناهەمواری بگرن •• بۆ ژیانێکی ئاسوودەتر •• بەنازایەتیو چاونەترسی ،

بڕوانە ل -٢-

پۆستەی خوێنەران !

● **بۆ خاوەنی (پەیامی کۆڵ نەدەرێ) :**
شیعرەکەت هەستێکی بەسوزی تیابوو ، بەڵام لەبارەی مەرجە هونەریەکانەوە(ناکامڵ) بوو • بەوورن لە بڵاو نەکردنەوەی •

● **بۆ خاوەنی هەڵبەستی(بۆ دارتاش)و نامەیەکی ناپیەتی :**
هەڵبەستەکەت فڕی بەسەرهەڵبەستەوە نەبوو • سەبارەت بە نامەکەشت خوا ئەزانێ حاڵی نەبووین (باسی لە چی تی ؟) •

● **بۆ کاك جەبار گۆرکی :**
کاکی برای ، کەس لە پڕێ نابێتە کوڕێ • ئەگەر ئەوە بابەتانەی تو یا هەرکەسی تر ئەینێرن کەڵکی بڵاو کردنەوەیان نەبوو ، ئەبێ چۆن ئاگادارتان کەین ؟ دیارە تەنها لە ڕیگای (پوستەی خوینەران)ەوە •• بۆیەش لەم پۆستەیەدا ناوی ئاشکرا نانووسین چونکە زوربەی ئەوانەی بابەتەکانیان بڵاو ناکرێتەوە حەز ناکەن خەڵکی تر بزانن بابەتیان ناردووەو بڵاو نەکراوەتەوە • والەسەر داوای خۆت ناوی تۆمان بە ئاشکرا نووسیو بەخێر بێن بۆ وەرگرتنی پاندانەکەو بەداخەوە وەرگێڕانی (دڵی دایك)ەکەشت لاواز بوو •

● **بۆ کاك ن • سەرقەدەغە :**
ڕووداوەکەی باست لێ کردبوو کەرەستەی چیرۆکێکی باش بوو بۆ چیرۆك نووس •لەوانەیە بیدەین بە دەستی کەسێکیواوە بتوانێ چیرۆکێکی سەرکەوتووی لێ دارێژێ •

● **بۆ خاوەنی شیعری وەرگێڕراوی (دەربارەی مردن) :**
وەرگێڕانەکە خراپ نییە ،بەڵام لەوەندە درێژترە کە لە ڕۆژنامەیەکی وەك ئەم ڕۆژنامەیەدا جێی ببێتەوە • ڕۆریش هانی وەرگێڕان لەعەرەبیەوە نادەین ، چونکە زوربەی ڕۆشنبیرەکانمان عەرەبی باش ئەزانن •

● **بۆ خاوەنی شیعری وەرگێڕراوی (بە شەو لە کێڵان گەڕایەوە) :**
وەرگێڕانەکەت خراپ نییەبەڵام زیاتر شەقڵی ناوخۆیی بە زمانەکەتەوە دیارە • ئەوەش خزمەتی پێ گەیشتنی زمانی ئەدەبی یەکگرتوومان ناکا •سەرەڕای هەندێ ڕەکیکی یش لە گەڵێ ڕستەدا وەك ئەوەکەنەڵێی :
(١) ئەستیرەکان لە دوور پۆپەی گردەکانن •
(٢) شەو ڕا شکا •
(٣) خۆی لە کراسی ناخی برسی حەشار داوە •
ئەوەشمان لەیاد بێ کە بابەتەکەش تاڕادەیەك ناسکە •

● **بۆ خاوەنی هەڵبەستی(ئاوازی پەژارە) :**
وا هەست ئەکەین بە زۆرلەخۆکردنێکی زۆر وشەتان ڕیز کردووەو شیعرەکەتان بەوجۆرەپێکهێناوە • بە باوەڕی ئێمە جارێ زیاتر پێویستتان بە خوێندنەوەیە تا بە نووسین

● **بۆ خاوەنی وەرگێڕراوی هەڵبەستی (گۆرانی ی بووکێنی) :**
هۆنراوەکە لەخۆیدا زۆربەهێز نییە • وەرگێڕانەکەش ئەوەندەی تری لاواز کردووە•

● **بۆ خاوەنی هەڵبەستی(خەو لە باوەشی زام) :**
چ لەڕووی زمانو چ لەڕووی هونەریەوە لاوازە •

● **بۆ خاوەنی هەڵبەستی(بڕۆخێ مرۆڤ) :**
چی بی لەتۆی بشارمەوەحاڵی نەبووم مەبەستتان چی یە ؟!

لیستەی کتێبی کوردی لەپانزە ساڵدا

پاشماوەی : ژمارەی پێشوو :

لە ژمارەکانی پێشووی هاوکاری ئازیزدا بە ژمارە لە ساڵەکانی - ١٩٦٠ -وەلیستەی ئەو کتێبە کوردیانەم بڵاوکردەوە کە لەم ژمارەیەدا کوتایی دێ بەو لیستەیە • جا وەك داوامان لە بەڕێزتان کردەهەرکتێبێك نەنووسراوە ئەتوانن « ناوەکەیمان لەگەڵ قەوارەودرێژیو پانی ئەستوریو نرخو جۆری ئەوکاغەزەی پێ چاپکراوەو لە کام چاپ خانەو لەسەر ئەرکی کێ چاپ کراوەژمارەی لاپەرەکانیو لە چ ساڵێکدا » ئەمانەمان بۆ بنووسن تا ئێمەش لەو بیلۆگرافیایەی بۆ کتیبخانەی کوردی بە دەستمانەوە یە ئامادەی بکەین •• دیسانەوە منە تبارتانم بەهۆی (هاوکاری) یا (بەیان)وە

- نەریمان -

١١٤	(١٠) چیرۆك	١٩٦٩	د• کاوس قفطان
١١٥	چیم دی بەرگی ٢	١٩٦٦	احمد خواجە
١١٦	مێژووی حوکمداری بابان	١٩٦٩	توفیق قفطان
١١٧	چەند فولکلوری کوردی	١٩٦٦	جعفر بەرزنجی
١١٨	سەید کەلەك	١٩٦٦	جەمال بابان
١١٩	گوڵی ژاکاوی کوردستان	١٩٦٩	حبیب علی میرانی
١٢٠	دیاری ویادگار	١٩٦٩	خورشیدە بابان
١٢١	ڕازو نیاز	١٩٦٩	محمد شیخ جبار جەباری
١٢٢	پەیمانو جوانی	١٩٦٩	ماجد عبدالله
١٢٣	دیاری ملا محمدی کویی	١٩٦٩	گیوی موکریانی
١٢٤	ئادەمیزاد	١٩٦٩	محرم محمد ئەمین
١٢٥	هەڵەشەیی	١٩٧٠	ڕەزا شوان
١٢٦	مێژوی ڕۆژنامە گەری کوردی	١٩٧٠	عبدالجبار جەباری
١٢٧	دیوانی بێکەس	١٩٧٠	محمدی مەلا کەریم
١٢٨	بنچینەی ووتنەوەی زمانی کوردی	١٩٧٠	محمد ئەمین هەورامانی
١٢٩	مانیفتس حزبی کومیونست	١٩٧٠	م•أ• ڕەوەند
١٣٠	کورستانو ئاینی ئیسلام	١٩٧٠	ملا ڕەئوف سلیم
١٣١	دوو ڕشتە	١٩٦٩	ملا عبدالکریم مدرس
١٣٢	چمکێك لە میژوی هەورامان	١٩٦٩	محمدی مەلا کەریم
١٣٣	میللەتی کورد	١٩٦٩	کەریم زەند
١٣٤	نرخ شناسی	١٩٦٩	علاء الدین سجادی
١٣٥	گوڵزار	١٩٦٩	شیرزاد جباری
١٣٦	چوارینەکانی ئەخەعی	١٩٦٩	شیخ سەلام
١٣٧	دان بە تاوانەکانی ئەنیم	١٩٧٠	جمال شاڵی
١٣٨	مەسەلەی وێژدان	١٩٧٠	د• احسان فوئاد
١٣٩	بەکورتی جوغرافیای کوردستان	١٩٧٠	کەریم زەند
١٤٠	بژی مرۆڤ	١٩٧٠	کەمال ڕەئووف
١٤١	نەورۆزو بەهاری کوردستان	١٩٧٠	حبیب علی میرانی
١٤٢	دیوانی بیخود	١٩٧٠	محمدی مەلا کەریم
١٤٣	چیرۆکەکانی مەم	١٩٧٠	محمد مولود مەم
١٤٤	جەنگاوەریکی قیەتنامی	١٩٧٠	محمدی مەلا کەریم
١٤٥	عبدالله بەگی مصباح	١٩٧٠	د• معروف خەزنەدار
١٤٦	بانگی کوردستان	١٩٧٠	ووردی
١٤٧	سرودی سەرکەوتن	١٩٧٠	مجید هێرش
١٤٨	شانۆی ناو ماڵ	١٩٧١	مصطفی صفوەت
١٤٩	مامۆستای نەمر	١٩٧١	نەریمان
١٥٠	هەڵاڵەو برایمەی هەورامی	١٩٧١	ڕشید هەورامی
١٥١	چەند سرنجێك لەپیرەمێردی شاعیر	١٩٧١	فرەیدون عەلی ئەمین
١٥٢	زمانی ئەدەبییە گگرتوی کوردی	١٩٧١	د• عزالدین مصطفی
١٥٣	زیرینای ئامێدی	١٩٧١	مەنگوری
١٥٤	کاوەی ئاسنگەر	١٩٧١	شێرکۆ بێکەس
١٥٥	نوێژ فێربە	١٩٧١	س• ئارام
١٥٦	ئایینو باوەر لەکوردستان	١٩٧١	کەریم زەند
١٥٧	شەو نامەی شاعرێکی تینو	١٩٧٢	عبدالله پەشێو
١٥٨	چەمی ڕەزان	١٩٧٢	شیخ حسن عەودالان
١٥٩	فەرهەنگی زانیاری	١٩٧٢	عبدالقادر بەرزنجی
١٦٠	ڕشتەی مرواری	١٩٧٢	علاء الدین سجادی
١٦١	فەرهەنگی کشتوکاڵ	١٩٧٢	معروف قەرەداخی
١٦٢	پیاوە بچکۆڵەکە	١٩٧٢	فەرەیدون عەلی ئەمین
١٦٣	ژیانو تێکۆشانی دیمترۆف	١٩٧٢	جەلال دەباغ
١٦٤	سێ چیرۆکی منداڵان	١٩٧٢	جمعە محمد
١٦٥	مەلا کاکە حەمە	١٩٧٢	شاکر فتاح
١٦٦	چەپکێك لە قسەکانی ماو	١٩٧٢	بیری نوێ
١٦٧	دەستی ئۆخەی	١٩٧٣	احمد محمد اسماعیل
١٦٨	بروسکەی هەوری مەبەستێك	١٩٧٣	فرید زامدار
١٦٩	من تینویتیم بەگەڕ	١٩٧٣	شیرکو بێکەس
١٧٠	هەندێ لای ئەو دیوی بیرو ڕای قانع	١٩٧٢	حمەی مەلاکریم
١٧١	ورشەی ئاوات	١٩٧٣	مدحت بێ خەو
١٧٢	دیوانی مەلا وەسمان	١٩٧٣	د• ئەمین موتابچی
١٧٣	یادی شەهیدان و ئەدیبانی کوردستان	١٩٧٣	حبیب علی میرانی
١٧٤	دیوانی دڵدار	١٩٧٣	گیو موکریانی
١٧٥	دیوانی کوردی	١٩٧٣	گیو موکریانی
١٧٦	ئامۆژگاری دڵداری	١٩٧٣	بکر عمر دلێر
١٧٧	چەمی ڕەزانی قارەمان	١٩٧٣	شیخ حسن عەودالان
١٧٨	مامە یارە	١٩٧٣	جەمال بابان
١٧٩	تروسکەیەك لە شەوەزەنگدا	١٩٧٢	حمە ڕشید فتاح
١٨٠	فاڵچی	١٩٧٢	حەمە کەریم هەورامی
١٨١	گڕی وشەکانت ئەکۆژێنمەوە	١٩٧٣	عبدالله ئاگرین
١٨٢	جەنگیزخان	١٩٧٣	عمر محمد الحمد
١٨٣	سمکۆڵی ئەهریمەن	١٩٧٣	کاکەمەم بۆتانی
١٨٤	چەکەرە	١٩٧٣	ڕەئوف حسن
١٨٥	مەولەوی شاعرو زانا	١٩٧٣	ا• ب هەوری
١٨٦	پایزی جاران	١٩٧٣	محمد صالح دیلان
١٨٧	شانۆگەری منداڵ	١٩٧٣	عمر عبدالرحیم
١٨٨	شیعری کۆنو تازە	١٩٧٣	ص - هەژار
١٨٩	پرۆژەی کۆدەتایەکی نەهێنی	١٩٧٣	ئەنوەر شاکەلی
١٩٠	شە پۆلی هەڵبەست	١٩٧٣	حمە علی وریا
١٩١	دڵدارانی شورش	١٩٧٣	دڵشاد مەریوانی
١٩٢	عەلی بەردەشانی	١٩٧٣	وردی

بڕوانە ل - ٧

لاپەڕە - ٦

institut kurde de paris

پاشماوەی : گەرانەوەی وەفدی زانکۆ

عیراق بڕێتی بو لە د٠ طه العبدالله سەرۆکی زانکۆی بەغداو د٠ محمد المشاط سەرۆکی زانکۆی موصـــلو د٠ طارق ئامێدی سەرۆکی زانکۆی سلێمانیو طه النعیمی سەرۆکی زانکۆی تەکنولوجیا ٠

بەم بۆنەیەوە « هاوکاری » چاوی بە د٠ طارق ئامێدی کەوتو دەربارەی کۆنگرەکە فەرەوی :

لەم کۆنگرەیەدا نوێنەرانی (٥٦٠) زانکۆ لـــە جیهاندا بەشداریان کرد بوو کە ژمارەیان (١٤٠٠) نوێنەر بو ، جگە لە نوێنەرانی زانکۆ عیراقییەکانی تر ، دوو نوێنەر لەلایەن زانکۆی سلێمانی بەشداریان کردبوو ٠

لە کۆنگرەکەدا دوو لێژنەی سەرەکی بێکهێنران یەکەمیان بۆ لێکۆلینەوەی پەیوەندییەکانی زانکۆ بە کێشە ئابوریو کۆمەلایەتیەکانەو لێژنەی دووهەم ، لێژنەی لایەنەکانی پەروەردەی بالا لە ماوەی بیستو پێنج ساڵ داهاتوودا ٠

وە لە کۆتایی کونگرە پەیرەوی ناوخۆی یەکێتی زانکۆکانی جیهان چەند گورانێکی تیاکراو سەرۆکی یەکێتی لە کەندا هەلبژیراو نوێنەرێکی عیراقیش لـە هەلبژاردنە کە بو بە ئیحتیاطی ئەنجومەنی هەلسوراندنی یەکێتی ٠

پاشماوەی : لە ئۆردوگـــای قوتابیان

٣ ـ هەڤال « صباح الطائی» راگەیاندن لە ئۆردوگا ئەم جمو ئەندام ٠

٤ ـ هەڤال «اهدیب مجهول» ئەندام ٠

لەم ئوردوگایە قوتابیـــان رۆژ لەدوای رۆژ زیاتر هەست بە خۆشەویستیو برایـــەتی دەکەن چونکو کـــەس لافو گەزاف بەسەر ئەوی تر لـــێ نادات بەلکو بەرپرســیارێکی ئەم ئۆردوگایەو قوتابییەکی تر بەرامبـــەر بە یاســـــاو بەرنامەی ئۆردوگا وەک یەکن٠ لەوێ وەک لە هەموو شوێنێکی تر بـــەشی رۆشـــنبیریو راگەیاندن دەوری پیرۆزی خۆی دەگێڕێ ئائەوەتا گەلێ کـــۆڕو کۆبونەوەی بۆ قوتابیان ســـاز کردووەو هەموو پێویستییەکی روشنبیریشی بۆ ئامادەکردوون، تـا ئێستا بەشی رۆشـــنبیریو

پاشماوەی : ڕەجەبو پیـــاوخـــۆران

سەلیم ـ ، ئازاد حەمە بچکۆل ـ غەفور ـ ، حەمە رەشـــید هەرەس ـ سیروان ـ ، سمکۆ ناکام ـ کابرا ـ ، عوســـمان چێوار ـ یوسف ـ ، حیکمەت هیندی ـ معاون ـ ، تەها باراوی ـ پۆلیس ـ ، عبـــدالله ـ پۆلیس ـ ٠

ـ فرجینا وولف ـ سەبارەت رۆمان دەڵێ « « درێژە پێدانی قســـەو باس نە دەربارەی خەلکی » ٠ ئێمەش درێژە بە جار بژینەوە ٠

پاشـماوەی : ولاتـانی دنیـای

بەپێوی چەند بەرنامەیەکـــی ماتماتیکی دائەرژێت لە بەرچاو بگیرێ ٠٠ لەگەل جیـــاوازی نێوان جورەکانی پلانی ئابوری کورتو ناوەنجی ودرێژ خایەن

ئەوەشمان لە بیر نەچێ کە جەوهەری گشـــتی ئابـــوری ولاتانی دنیای سێیەم کشتوکاڵە بەکار هێنانی تەکنولوژیـــاو تیوری زانستی لەم ولاتانـــە دەبێتە هۆی پێش خســـتنی پیشەسازی چونکە پیشەسازی پەیوەندی بـــە کشتوکاڵـــەوە هەیەو خزمەتی پێشکەوتنـــی یەکتر ئەکەن ٠٠ وە بەمـــە

پاشماوەی : پرۆژەی پەرەپێدان

داوێتی بۆ جێبەجێ کـــردنی پرۆگرامی بەرهەم هێنانی پلانی پەرەپیدانی نەتەوایەتی ســالی ١٩٧٠ ـ ١٩٧٤ وە بەرێـــز ئەوەشی دەربریوە کە هیـــوای گەشترە بـــەوەی بـــەردەوام بن لە هێنانەدی ئـــەو دوا رۆژەگەشاوەدا کە چاوەروانـــین گەلی عیراقمان بیگاتێ ٠

ـ ئـــەم هەڵسەنگانـــدن و رێزگرتنەی « جێگری بەرێـــز » لەبەر ئەو رۆشنایە بووە کـــەوەزارەتی ناوبراو توانیوێتـــی بەچاکی پرۆگرامی بەرهـــەمهێنانی ســـالی ٧٠ ـ ١٩٧٤ جێبەجێ بکات کە معـــەدەلی ئەوجێ بەجێ کردنە خـــۆی داوە لە ١٠١٫٩٣٪

ـ ئەم دەسەت کەوتـــەی وەزارەتی ناوبراو لە ئەنجامی رێنیشان دانو بایەخ دانـــی سەرکردایەتی حیـــزبو شۆڕشەوە هاتووە ، کـــەمەبەستێتی بەرەی پیشەسازی ئەشو ئەما بکات لەبەر ئەوەی دارەدەستێکی پلانەکـــانی پەرەپیدانە وە بۆ ئـــەوەی جـــۆری کـــەلوپـــەلی خۆمالیمان بەرەو چاکی بەرین کە ئەویش بێگومان دەبێتـــە پشتیوانێکی گرنـــگ بـــۆ بەهێزکردنی ئابـــووری کۆمەلایەتیمان وە هۆیەکـــی گرنگ دەبێت لە بەتین کـــردنی سەربەخۆیی نیشتمانیمانـــدا ٠

پاشماوەی : لیستەی کتێبی کوردی

١٩٣	چیرۆك بۆ شانۆ	١٩٧٣	وردی
١٩٤	هاوکاری	١٩٧٣	فرەیدون علی ئەمین
١٩٥	حاجی قادری کۆیی	١٩٧٣	مسعود محمد
١٩٦	هۆزی لە بیرکراوەکەی (گاوان)	١٩٧٣	هەژار
١٩٧	فێر کردن بە یاری	١٩٧٣	محمد حاجی رحیم
١٩٨	بیری جەسپاو	١٩٧٣	سامیە مەشخەڵ
١٩٩	دیبلۆماســـیەتی بزوتنەوەی کوردایەتی	١٩٧٣	محمود ملا عزت
٢٠٠	دەستی ئۆخەی	١٩٧٣	احمد محمد اسماعیل
٢٠١	یەکەم هەنگاو	١٩٧٣	دڵشاد مەریوانی
٢٠٢	کوردستان و کورد	١٩٧٣	د٠عبدالرحمن قاسملو
٢٠٣	مەولەوی	١٩٧٣	ا٠ ب هەوری
٢٠٤	کاروانی بەرەو خۆر	١٩٧٤	احمـــد ســـید علی بەرزنجەیی
٢٠٥	فونتیکی زمانی کـــوردی	١٩٧٤	محمد ئەمین هەورامانی
٢٠٦	قوتابخانە مەلبەندێـــکی کۆمەلایەتییە	١٩٧٤	جمال عارف
٢٠٧	گلینەی گوڕیچە دراو	١٩٧٤	سەلام مەنمی
٢٠٨	ئەدەبی منالان	١٩٧٤	محمد رشید فتاح
٢٠٩	فولکلۆرو یاری وەرزشـــی کوردی	١٩٧٤	صالح علی
٢١٠	نەوەی هەژاری	١٩٧٤	عومەر ئاسنگەر
٢١١	ئاکژی	١٩٧٤	
٢١٢	فیلونوژی زمانی کوردی	١٩٧٤	حمە امین هـــەورامانی
٢١٣	چی لە بارەی زمـــانی کوردیەوە نوسراوە	١٩٧٤	د ٠ ئەورەحمان حاجی مارف
٢١٤	زمانو مێژوی کورد	١٩٧٤	د ٠ ئەورەحمان حاجی مارف
٢١٥	هەندیك بیروڕای هەڵە لە بارەی زمانی کوردی	١٩٧٤	د ٠ ئەورەحمان حاجی مارف
٢١٦	کوردەواری	١٩٧٤	علاءالدین سجادی
٢١٧	ئەسپڕی	١٩٧٤	جەباریو کریم شارەزا
٢١٨	جوو جەڵەو بێچوە مراوی	١٩٧٤	بەریـــوە پەرێتـــی خویندنی کوردی
٢١٩	بەسەرهاتو ژینی مـــلا محمدی کۆیی	١٩٧٤	عبدالخالق علاءالدین
٢٢٠	ئینجیلی موقەدەس	١٩٧٤	قەشـــە یوسف کـــریم زەند
٢٢١	دیوانی قانع	١٩٧٤	قانع

ـ تەواو ـ

پاشماوەی : هەر جارەی ٠٠٠

لاپەڕەیەك لە هەفتەیەکدا بەشی کێ نەکا ؟٠ بە کێدا ئەگـــا ؟ ئەکینا باوەڕم پێبکەن ئەگـــەر ئێستا « هاوکاری » ببێ بـــە ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانە ، لەوانەیە هەر لە ئیستاوە هەموو ڕۆژێك کەرەستەی لاپەڕەیەك لـــە بەرهەمی ئێوە کە لە چەکمەجەی مێزەکەمدا ســـەفتە کراوە ـ بخەمە ژێر چاپەوە ٠٠ بەڵام بە هەفتەیەك لاپەڕەیەك : کـــورد واتەنی بـــە دەمی کێیـــدا بسووم ؟!

هەقتان نییەچونکە گەلێکمان مەرجە سەرەکییەکانی کـــاری ڕۆژنامەگەریو ئەدەبی ئەخەنە پشت گـــوێ ٠٠ ئەمە رای ئێمەیەو کەسیش بە دۆی خۆی نالێ ترش٠٠ بەڵام لەم دەرەتانە تەسکەشدا توانای ئەوە نییـــە لە هەموو شتێکا خوێنەرەوەران بکەین بە سەرپشکو ، لـــە ڕێگای ئەوانەوە بزانین کـــێ ڕاستەو کێ ڕاســـت نییە ، هەرچەند ئەوەش مافێـــکی بەجێیانە ٠

لەگەل ئەوەش لە تاوانبار کردنم لە دادگای ئێوەدا زوێـــر نیم ٠٠ هەرچی ئەڵێن گەردنتان ئازاد بێو وەك شیری بـــەری دایك پێتان حەڵاڵ بێ ٠٠ من دڵنیام بەرلەوەی دڵســـۆزی خۆتان بن، دڵسۆزی گەلەکەتانن ٠٠ دڵسۆزی زمانەکەتانن ٠٠ دڵسۆزی ئەدەبەکـــەتانن ٠٠ بەڵام من لـــەم کێشـــەیەدا ڕێبەدێیی خۆم وا ئەکـــەم مەسەلەکە بەرمەوە ســـەر « سیاسەت »و بڵێم هاتنەدەی ئاواتەکانتان بـــەوەوە بەسراوە مافە نەتەوەییەکانی گەلەکەتان زیاتر گەشە بکاو ، دەنگـــی دڵسۆزانی گەلەکـــەتان زیاتر هاو ئاواز بێو ، ئاڵای خەبات لەپێناوی ئاشتیو دیموکراسیو مافی نەتەوەییو پێشـــکەوتنی کۆمەلایەتیو ریشەکیش کردنی چەوساندنەوەدا بەرزتر بەسەر دەشتو چیاکانی وڵاتە نازارەـ کەمانەوە بشەکێتەوە٠٠ئامانجە پیرۆزەکانی شۆڕشی گەلی عێراق زیاتر بچەسپێو جێگیر ببێو ببێ بە دارێکی بەرزی بە بەرو سیبەری هـــەرگیز لـــە بن نەهاتوو ٠٠٠

پاشماوەی : بەر پەڕەکێ ژیانا

خەلـــکێ خارێو ناڤنجیـــا عیراقینە ٠ یا فەرە ئەم بزانین کو ئەو بو جانیێو تازەیا ناف مالێ دکرن کێـــم ژ وان بو کێشانا جگارا دکرن ٠

پرسیار : چ گوهرین هەوە کریە دکارێ خودا ٠

بەرسڤ : یا راستی مـــە هندەك گوهرینێت بچویك یێت هاتینە کرن لبەری نهو هـــەمی پیرەمێرێت دەڤەرامە ب باسك و قەلینکا تیتن دکێشاو بکـــرێ باسکا دمشە بون لبەر هنـــدێ مە سەرێ باسکا کیســـکەك بسەر ڤەدکر هەکو پێ دکێشا داهینەدەك بەفری کەنە دکیسکیدا دیکێل تاتە سەر بەفرێ پاش دچو دەڤێ مروڤیدا ئەڤ کارە دبو ئەگەرا دیکێل صافیـــەبو ژچەند غازێت خراب دیســـان دەمەکی هەر باسکەکی مـــە دو سێ قەلینك پێڤە دکرن بەلـــێ نهو مە یا هێلای چنکو بکـــرێ ئەڤ دەڤەرێ مـــە نەمایە نو خەلکێ دەرڤەی دەڤەرێ حەژی ناکەن ٠

پرسیار : ل سالێ توچەند باسکا چیدکەی ئو کیش سالێ تە ژ هەمیا پتر فروتینە ٠

بەرسڤ : ســـالێ نزیکی (١٦٠٠)دا ئەز چێدکەم ســـالا (١٩٦٩) من ژ هەمی سالا پتر پێت فروتین قائمقامی گەلـــەك ژمن کرین بو مەهرەجانا بهارێ لبەرا بخو کرەکێ دی بکـــەین چمکی ژیان وەکی بەری تینە ٠ لیسل ٠

پرسیار : کیش داری بکار تینن بو چێکرنا باسکا ٠

بەرسڤ : بەرێ نهو مەداری هەلهەلوکێ دکرە باسك بـــەلێ مەهێلا چمکی گەلەکێ حکومـــە زی ناهیتە سمتن ٠٠ نوکە ئەم داری سێلانێ بکار ئینن ٠

پرسیار : ئەرێ نەوعێ داری کارتێ کرن هەیە لسەر جگارێ٠

بەرسڤ : بەلێ نەوعێ داری کار تێ کرن یاهەی لســـەر جگارێ باسکێ دارێ ســـماقێ ژ هەمیا خوشترە بەلێ گەلەك بێ مکوم نینە دارێ یاســـەمینی ژ هەمیا پتر خودگریت ٠

پرسیار : تو چ ئامیرە بکار تینی بو چێکرنا باسکا ٠

بەرسڤ : ژ کەفن وەرە ئەم ئامیرەکی بکار تینین دبێـــژنێ (چەرخك) ٠ بەرێ چەند سالا من دو ئامیرێت کهربائی کرین بو سمتنا باسکا بەلێ گەلـــەك خو نەگرت ، زی شکەســـتن چنکو گەلەك هێز دکەقیتە سەر لسەر باسکانە ٠

پرسیار : ئەرێ ژینا هـــەوە ئەم مە چ کارێت دی نەدکر بەلێ ئان سالێت دیماهیکێ ئەو بکرێ بەرێ نەمان ٠م مجبور بوین لبەرا بخو کرەکێ دی بکـــەین چمکی ژیان وەکی بەری تینە ٠

پاشماوەی : کاربەدەستانی ٠٠

تەندروســـتی و عیادەیەکی ناوەندی لە هەولێر ئەکرێتەوە ٠ وە خانوو بۆ پزیشکە نیشـــتە جێیەکـــانی خەســـتەخانەی جمهوری هەولێر دروســـت ئەکرێو ٣١ هەزار دینار بۆ ئەم پرۆژەیە تەرخان کراوە ٠

هەروەها مەلبەندێکـــی تەندروستی لە صلاح الـــدین ئەکرێتـــــەوەو (٦٦) هەزار دیناری تێ ئەچێ سەرەرای چەند پرۆژەیەکی ترکە بە ملیون دینار پارەیان بۆ تەرخـــان کراوە ٠

لەلایەکی ترەوە دکتـــور عبدالکریم عـــزی بەریوەبەری تەندروستی خۆپاراســـتر (الوقائیـــە) وتی وەزارەت بـــە کۆمـــەڵو هاوکاری ئەمینداریەتی گشتی کاروباری کۆمەلایەتی دەستی داوەتـــە کۆششو تەقەللا بۆ بنـــەبڕ کردنی نەخۆشی چاوو ئەونـــە خۆشییانەی لەناوچەکەدا بـــلاو بونەتەوە ٠

پاشماوەی : درەخـــت

مانەوە ٠

چۆلەئەیەك بەسەر لقێـــکی نیوە سەوزو نیوە سووتاوەوە نیشتەوە ٠٠ چۆلەکە دەستی کرد بە جریوە جریو ٠٠ تا ئەو دەمەی دووکەڵی بـــە لەشـــێ درختەکەوە نەهێشت ٠

هەواڵێك گەیشتە نیکسۆن ٠٠ لە ڕۆژ ژمێرەکەی بەردەمیا تۆماری کرد :

ئەو چۆلەکەیە دوژمنـــی (دنیای ئـــازاد)ەو سەر بـــە شۆڕشگێڕەکانە ٠٠ لەگـــەڵیا ئەم فەرمانەی خوارەوەشـــی دەرکرد :

پێویستە دەس بەجێ چۆلەکە تۆوبڕ بکرێن ، بۆ ئـــەوەی مسۆگەر بێ لە هەڵبـــژاردنی داهاتوودا سەرکەوم ٠

کاتێکیش کە فڕۆکەکـــانی هێزی ئاسمانیی ئیسرائیل (کە ئەمانیش هەر دەســـتکردی ئەمەریکان) بۆمباکانیان بەسەر چیای (سەڵط)دا بەردایـــەوە تا درەختـــەکان بســـووتێنن ٠٠ پێشمەرگەکان شەهید بکـــەن ، درەختێکی زۆر لای ڕێگـــەکەی بەلای (سەڵط)دا ئەگەڕایەوەو لەسەر ئەو ڕێگەیەی بـــۆ (ئەغوار) ئەچوو ، بەرکەوتنو زۆریـــان لێ ســـووتانو هەندێکیشیان بە نیمچە سەوزی مانـــەوە ٠٠ چۆلەکـــەکان بەسەریانا ئەسووڕانـــەوەو ، ڕێیانەوە ئەنیشتنەوە ٠

نیوە سووتاوەکانیان گەلای سەوزیان پێوە نەمابـــوو ٠٠ بەڵام تا سەوز بوونـــەوە چۆلەکەکان جیك ـ جیك هـــەر بەسەریانەوە ئەیان جریواند٠٠

جا کە سەوز بـــوونەوە ، چۆلەکەکان فڕین ،تا لە دواڕۆژا بێنەوەو ٠٠ هەر بەمڕێیـــە ٠٠

پاشماوەی : ڕۆژێـــکی نـــوێ

ڕۆژی ١٨ـ٤ـ١٩٧٤ گـــۆڕا ـ ڕاستەقینەو دڵسۆزی قوتابیانە نێکی ڕیشەیی لەم یەکێتـــییەبۆیە بەهەموو تواناو هێزێـــکی هێنادیو زیرەکانە ئـــــەمداخوازیو پێویســـتییەکاتی بەرەڵلاییو خۆفەرزکردنـــەی قوتابیانی کوردســـــتان لەناوبرد ٠ ئەمڕۆ یەکێتـــــی دبێتەدی ٠

قوتابیانی کوردستان نوێنـــەری

ـ بۆزانین ـ

وەزارەتی شارەزانیـــەکان

بەریوەبەرایەتی پرۆژەکانی ئـــاوو کارەبای گشـــتی

پاشـکوی بوزانینی ژمارە (٣٨ ـ ١٩٧٥)

مناقسەی فراوان کـــردنی پرۆژەی ئاوی خانەقین ـ منذریە لە پاریزگای دیالە ٠

بڕیاردرا کە دوا کاتـــی وەرگرتنی پێشکەش کراوەکانی مناقسەی سەرەوە تا کۆتـــاییدەوامی ڕەسمی ڕوژی ســـێ شەممەی ریکەوتی ٢٣ـ٩ـ٩٧٥بیت لە جیاتـــی ١٧ـ٨ـ١٩٧٥ تکایە سەرنجی ئەوە بدرێ ٠

بەریوەبەری پرۆژەکانـــی
ئـــاوو کارەبای گشـــتی

بوزانین

بەیـــانی ژمـــارە(٩)ی ساڵی ١٩٧٥

لە وەزارەتی ئابـــوری یەوە

بە پێی ئەو دەستەلاتـــەی پێمان دراوە لە لایەن ئەنجومەنی ریکخستنی بازرگانیـــەوە ،بڕیارمان‌دا کـــە نرخـــی سیمی حاجەت شورین بەم جۆرەبێ :

١ ـ بە کۆمەڵ نرخـــی کیلویـــەك (٣٥٠) فلس وە بەتەنیا (٤٠٠) فلس بێ ٠

٢ ـ نابێ بە جۆرێك پارچەپارچە بکرێ کە لەگەل ئـــەو نرخەی سەرەوەدا نەگونجێ ٠

پیویستە لەسەر هەمـــو بەرهەم هێنەکانو فروشیارەکان بەپێی ئەونرخەی سـەرەوەمامەلەی پێبکەن لە روژی بڵاو کردنەوەی ئەم بەیانـــەوە ،هەرکەس سەرپیچی لێ بـــکات بەپێی یاســـای ریکخستنیبازرگانی ناوخۆی ساڵی ١٩٧٠ سزا ئەدرێ ٠

وەزیری ئابووری
حکمت العزاوی

١ـ٢

پاشماوەی : بەریوەبەریتی پرۆژەکانی ئاوو کارەبای کشتی لـە پروژەکانی نەخشەی گەشەکردنی نەتەوایەتی بوزانینی ژمارە (١٩٧٥/٤٧)

(مناقســـەی فراوان کردنی پروژەی ئاوی ئەبێ صیداو گوندەکانی ژوروی‌لە پاریزگای دیالە) ٠

١ ـ بڵاوی ئەکەینەوە کە مناقسەیەکی نهینی هەیە بۆ فراوان کردنی پروژەی ئـــاوی ئەبی صـــیداو گوندەکانی ژوروی لە پاریزگای دیالـــە ، ئەویش بەپێی مەرجی گشتیو مواصفاتی تایبەتی کە لـــە بەشی حســـاباتی بەریوەبەرایەتی پروژەکانی ئاوو کارەبای گشـــتی دەستئەکەوێ ئەگـــەر بروانامەی ژوری بازرگانی هەبێ هەر نسخەیەکی بە (٥٠) پەنجا دیناره ٠

٢ ـ ئەو قونتەراتچیانەی ئەیانەوێ ئەم مناقسەیە بکەن ئەبێ بەپێی ئەو ئاموژگاریانەی لەگەل مەرجەکاندا هەیە عەتاتاتەکانیان پیشکەش بە ســـکرتیری لیژنەی کردنەوەی عەتاتـــات بکەن لەدیوانی وەزارەتی شارەوانی ٠

٣ ـ ئەبێ ئـــەم بروانامەو وثیقانە لەنـــاو زەرفیکی سەربەخۆدا لەگەل عەتاتاتەکان بن :

أ ـ تەئمیناتیکی سەرەتایی (١٧٠٠) حەڤـــدە هەزار دینار پارەی نەقـــدیان کەفالەتیکی مەسرەفی کە بەلای‌کەمەوە لە روژی مناقسەکـــەوە بۆ ماوەی شـــەش مانگ کاربکات یان چەکێکی ئیمزاکراو لەلایەن بانقیکەوە کە ریگای ئیشوکاری صیرفەی درابێ ، ئەگەرنا هەر عەتاتاتیك تەئمینی لەگـــەڵ نەبێ یان بەشیوەیەکی کەموکوری پیشکەش کرابێ یان بە پیچەوانەوە بێ‌پشت‌گوێ ئەخرێ ٠

ب ـ نەخشەو کەتەلوگەکان وە نەخشە فراوانەکان پەیوەندی بە عەتاتاتەکەوەیە ٠

ج ـ ئەو وەسڵەی کـــە مواصـــفاتەکەی پێ وەرگرتوە ٠

د ـ بروانامـــەی تازەی بەریوەبـــەریتی باجی زەریبەی دەخل یان ڕونوسێکی ٠

حـ ـ پروگرامیك لەبارەی ئیشەکەوە ٠

و ـ لیستەیەك بەناوی ئەو قونتەراتو ئیشانەوە کە بەدەستیەوەیە ٠

ز ـ لیستەیەك بەناوی ئەو ئیشانەوە کە لەمـــە ئەچنو قونتەراتچیـــەکە کردویەتی یان خەریکی کردنیەتی ٠

ح ـ ڕونوســـیکی ئیمزاکراوی بەلیـــن نامەی دامەزراندنی کومپانیاو یاسای ناوخوی (ئەگـــەر مناقسەچیەکە کومپانیـــا بو یان ڕونوســـیکی ئیمزاکراوی بەلێن‌نامەکە ئەگـــەر دەزگایەکی بازرگانی بو وە لە یەك کەس زیاتر پێکهاتبو) ٠

٤ ـ هـــەر قونتەراتچیەك بروانامەی تەصـــنیفی قونتەراتچیتی هـــەبێ ئەتوانێ بشداری ئـــەم مناقسەیە بکات ٠

٥ ـ عەتاتاتەکان تاکوتایی دەوامی ڕەسمی روژی شەممە ریکەوتی ١٨ـ١٠ـ١٩٧٥ یان روژێك دوای ئەوە ئەگەر روژی داخستنی مناقسەیەکە عطلەی ڕەسمی بو وەرئەگیرێ وە قونتەراتچیەکە ئەتوانێ لەروژی کردنەوەی عەتاتاتەکانی بنرێ بە عەتاتاتە کەوە ٠ بی‌بینێ ٠ ئامادەبێو بەچاوی خـــۆی

٦ ـ ئەبێ پولیکی پەنجا فلس

ئەندازیار اسامە محی‌الدین القادری
بەریوەبەری پروژەکانی ئاوو کارەبای گشتی

٢ـ٢

institutkurde de paris

ڕێپورتاج لە دەروەی سنوور :

ئافرەت لە ساڵی ئەمڕۆی سەرمایەداری ئەمریکادا

● بەرەو سەربەستی یان تێکدانی شیرازەی ڕەوشتی کۆمەڵایەتی ؟! ●

● وێنەی دوان لەو ئافرەتانەی لە مێژوی ئەمەریکادا بە جەردە ناسراون و ڕژێمی سەرمایەدار پروپاگەندەیان بۆ ئەکا ●

پرۆفیسۆر « فریدا ئەدلەر » سەر ژمارەیەکی کردوە ئەمە ئەنجامەکەی بووە :

(لە ساڵی ١٩٦٠ وە بۆ ١٩٧٣ نیسبەتی ئەو تاوانانەی لە ولاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکادا ، ئافرەت کردویەتی گەیشتۆتە ٦٨٪ بەرامبەر بەوەی تاوانەکانی دەست کردی پیاو ٦٣٪ بووە !!) جا ئەم ڕاستیەزەقەی پرۆفیسۆر « ئەدلەر » بیشانی داوە • باری کۆمەڵایەتی و ئابوری و سایکۆلۆژی ئافرەتمان لەسای ڕژێمێکی سەرمایەداری وەك ڕژێمی ولاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا بۆ ڕوون ئەکاتەوە •

بەقۆناغ و بەپێی ئەخشە : بێ گومان ، ئافرەت ، کە نەبێتە دایك ، ئەبێتە رابەر ، ئافرەتی مرۆڤ ، لەخۆیەوە ، نابێتە تاوان بار ، تاوانی چۆنیش ؟! تا ئەو رادەیەی لەپیاو زیاتر بێ ، بەڵکو بەپێی ئەخشەی پەروەردەو سیستەمی ڕژیمی سەرمایەداری ئەو بارە ئەخوڵقێ ئەو ئەنجامە ناهەموارە بات، بەدەستەوە ، سەرنج دانێکی مێژووی ئەمەریکا ، ئەیسلمێنێ هەر لەزەوە هەوڵی ئەوە دراوە ئافرەت لەزۆر ڕەوشتی مرۆڤایەتی دامالرێ بەرامبەر بە هەندێ بەرەڵایی کە هەموو شیرازەیەکی ڕەوشت و بەیوەندیەکانی کۆمەڵایەتی وەك ئافرەت و وەك مرۆڤیشی دوراندوە ، هەروەك چۆن ڕژێمی سەرمایەداری لەبەر نامەیدایە هەموو شێوە شیرازەی ژیانی کۆمەڵایەتی ئەشوێنێ ئەم بایەخی بە ئەدات ، ئاوا بایەخ ئەدا بەڕێندو کردنەوەی داستانی « لیتل جوەو گون » ئەو ئافرەتە دڵ ڕەقە خوین ڕێژەی ترس و لەرزی ئەخستە دڵی خەڵکی ئەمەریکاوە •

« شنە » ئامادەی کردوە

زۆر جار ، لەو سەردەمەدا ، کە ژیانی لە ئەمەریکا تەنیا لەرێ جەردەی و کوشتن و بڕینەوە زامن ئەکرا ، ئافرەت وەکو هەموو شتێکی تر ئەفرۆشراو ئەکڕرا •• ئەوانە تێکەڵ بە جەردەکان ئەبوون ، لێرەوە ، ژیان و چارەنووسیان ئەبەسترا بەوانەوە • کە ئەو جورە ژیانەی ئەوسا بنەڕەتی دامەزراندنی ژیانێکی کۆمەڵایەتی ئاڵۆزو پڕ لە ئازاوە بووە •

لەکاتێکدا ، کە ڕژیمی سەرمایەداری ولاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا پروپاگەندەی « سەربەستی » بەهەموولایەکدا بڵاو ئەکاتەوە ، ئەو سەر بەستی یەی لەجیاتی ئەوەی وەك « لولا مونتاس » کە ئافرەت وەك مرۆڤ رزگار بکات سەردەمێکی دورو درێژ « سان گەیاندویەتیە ئەوەی لە فرانسیسکو »ی هینا بووە جەردەیی و تاوانباریدا پێش پیاو بکەوێ • هانی ئەم ڕەرشتەش بە بەزکردنەوەی ناوبانگی ئەو ئافرەتانە ئەدات کە لەم ڕووەوە دەوریان گیراوە بپارێزێ ، نەك پاراستنی نرخی ئەو وەك مرۆڤ •

نموونەی ئافرەتی سەربەست لە ڕژیمی سەرمایەداری ئەمڕۆی ئەمەریکادا

هەر جارەی نوسینێك ●●●

نامەیەکی سەرەواڵە بۆ نووسەرانی خۆشەویستی « لاپەرەکەم »

محمد مەلاکریم

نووسەرە خۆشەویستەکانی « لاپەڕەکەم » !

هەموو سبەینانێکی هەینی لە بەغداو هەموو ئێوارانێکی لە شارەکانی کوردستانی ئازیزو ، ڕۆژەکانی تریش لە کوێرە شارو گەورە دێکانا ، لەگەڵتانم •• لەگەڵ هەمووتانم •• لەگەڵ یەکە یەکەتانم •• لەگەڵتانا ئەچمە کتێبخانەکان •• لە چاخانەکانا چاو بەسەرئەوانەدا شۆڕ ئەکەمەوە کە « هاوکاری » ئەخوێننەوە •• بە ڕووی ئەوانەوە ئەچم لە شارەوە دێنەوە •• وەك هەریەکێکتان سەرنج ئەدەم بزانم وتارەکانتان ، شیعرەکانتان ، چیرۆکەکانتان ، ڕەخنەکانتان بڵاو کراوەتەوە یا خێر •• لەیادم ناچێ سەرنجیش لە « پۆستەی خوێندەواران » بدەم نەوەك پاپۆڕی نامەتان لەوێ لەنگەری خستبێ •• باوەڕم پێ بکەن ئەگەر نێرراوەکەتانم بە بڵاو کراوەیی دی ، هەرچەند پێشم خۆش ئەبێ ، لە بەرخۆمەوە بۆلەیەك هەر ئەکەم ئەڵێم : جا پاش چی ؟ خۆ ئەگەر نەشمدی لەگەڵتاناهێرش ئەبەمە سەر بەڕێوەبەری لاپەڕەو بڕئەوەی مەیدانی بەرگری لە خۆی بدەمێ و داوەری یەکی دادپەروەرانەی بکەم و بزانم ئاخۆ باری سەرنجی ئەویش چی یە ، وەك عورفی یەکەی جاران - یادی بە خێر نەبێ - بڕیاری تاوانباری ئەدەم •• خۆ ئەگەر ناوتانم لە « پۆستەی خوێندەواران » دا دی کەم جار ئەڵێم (الحکم لله) و زۆر جار هەندی قسەی تاڵ و سوێریش بۆ بەڕێوەبەری لاپەڕەو کاربەدەستی پۆستە ئەنێرم ••

ئازیزەکانم ••

هەقیشتانەو •• هەقیشتان نی یە •• ئەبێ بە دوای « تاوانبار »ی ڕاستەقینەدابگەڕێن ••

هەقتانە ، چونکە گەنجن •• ئاوات و هیوا لە دڵتانا ئەکوڵێ •• ئەتانەوێ بنووسن •• ئەتانەوێ بە کاروانی گەلانا بکەنەوە •• تۆزی کەردوون بەخۆتانەوە داتەکێنن •• ئەم هەموو شاعیرو نووسەروچیرۆك نووس و ڕەخنەگرانەی جیهانیش لە سەرەتادا هیچیان لە ئێوە زیاد نەبووە •• زۆریشیان گەلەکانیان لەگەلەگەی ئێوە بەختەوەرتر نەبووە •• ئەی بۆ ڕێتان لێ ئەگرێ چیتان پێ یە بیڵێن •• داخی دڵی خۆتان هەڵڕێژن ؟• بۆ ؟ بۆیە هەقتانە•

هەقیشتان نی یە ، چونکە « تاوانبار » ناناسنەوەو « بێ تاوان » دائەپڵۆسن •• « تاوانبار » منی وەك خۆتان دڵ بریندار نی یە •• تاوانبارئەزانن کێ یە ؟ « دەس کورتی » یە •• دەستمان کورتە •• مەیدانی کارمان تەسکە •• تاقە

بڕوانە ل - ٧

● گەڕانەوەی دکتور کامل بصیر ●

پێنج شەمەی ڕابوردوو ، ڕێکەوتی ٢١-٨-١٩٧٥ دکتور کامل بصیر لە قاهیرە گەڕایەوە دووای تەواوکردنی خوێندنی لە کولیجی ئادابی زانکۆی قاهیرە•

شایانی باسە ماموستا کامل بصیر شهادەتنامەی دکتورای لە بەلاغەو نەقدەوە بە پلەی « شرف » وەرگرتووە •

بە گەرمی پیرۆزبایی دکتور کامل ئەکەین و هیوادارین هەمیشە سەرکەوتوو بەختیار بێت بۆ خزمەتی گەل و نیشتمانەکەی •

هاوکاری

● ئەم ئافرەتە لەناو ئاودا وێنە ئەکێشێ ●

« پولیانا » ئافرەتێکی هونەرمەندە ، لەهەمان کاتدا دایکێکی سەرکەوتوە لەژیانی خێزانیا ، کاتێ دەستی بەتاڵ نەبێ بەشوێن دیمەنی جوانداە ئەگەڕێ و وێنەی ئەکێشی ، ڕۆژی وای ئارەزوو کرد •• لەناو ئاوداو •• وێنەی دوو باڵندە لەو ئاوەدا بکێشێ لەوکاتەدا کامێرای ڕۆژنامە نووسێك ، توانی وێنەی « پولیانا »ی هونەرمەند بگرێ • ئەوەی سەیرە ، کاتێ « پولیانا » وێنەکەی ئەکیشا ، ئەم دوو باڵندەیە دەم لەناو دەمی یەکترادەدن و ئەکرد ، کە (مراویە) بچکۆلەکە لە وانی تێکدا وێنەگرەکەش ، پولیانای لە ڕەسم کردن وەستان •

لە دەرەوەی سنوور



کێ دەوری جاکلین نوناسیس ئەبینێ

دەرهێنەری سینەمایی ناسراو « هاری سالزمان » بڵاوی کردەوە کە فلیمێك دەربارەی ژیانی بەناوبانگ ترین بێوەژن لەدنیادا « جاکلین ئۆناسیس » ، « کەنەدی » جاران دەرئەکا • ناوبراو بۆ ئەم مەبەستە ، کەوتۆتە گەڕان بەدوای ئەکتەرێکا دەوری جاکلین ببینێ و لیستەیەك ناوی ئامادە کردوە : جاکلین بیسیە ، کارین بلاك ، شارلوت رامبلینگ دیانا ریگ ، جونی کریستی ، ئەوەی شایەنی باسیشە دەوری ئوناسیس دراوە بە ئەکتەری ناسراو « ئەنتونی کوین » •



- ئاناکارین -

ئەم ئەکتەرە ناسراوە حەوت ساڵ وازی لە سینەما هینابوو ، دوا فلیم کە دەوری تیا بینی « موسیقای بەکۆژ » بوو ، ئانا کارین ، بڕیاری داوە بگەڕێتەوە بۆ سینەما ، بەڵام ئەمجارە وەك ئەکتەرنە ، بەڵکو دەرهێنەر (مخرج) فلیمی « دەسماڵی سەوز »ی ئامادە کردوەو دەوری سەرەکی داوە بە « جۆلیت بیریو » •

● ئافرەت لە ساڵی ئەمڕۆی سەرمایەداری ئەمریکادا

● مرۆڤ توخمی مەیمونە ●

● لەزۆر دەمێکەوەیە ، زاناکان لەیانەوێ ئەوە ساغ بکەنەوە کە مرۆڤ توخمی مەیمونە !! بەڵام مژدەبێ لەوانەی بەم مەسەلەیە پەست ئەبن ئەوا هەندێ لیکولینەوەی شارەزایانەی ترساغی کردەوە ئیمە « مرۆڤ » نە « توخمان مەیمونە » نەهیچ !

خۆی بەمەیمون دێتە پێش چاو !!

یەکێك بۆی گێڕامەوە ، هەرچی ئەو باس و خواستە ئەبیستم یان ئەخوێنمەوە ، کە ئیمە توخمی مەیمونین ، خۆم وا یەتە پێش چاو ، مەیمونم و بەدارا هەڵئەگەڕێم و بەو ناوەدا باز بازێنمە بەڵام وا لیکولینەوەی زانایانی تر سەلماندی •• وانیە ••

ئەویش لە ئەنجامی ئەو بەراوردەی لە نێوان ئیسقانی حەوزی مرۆڤ و مەیمونداکراوە کە هی مەیمون بە جۆرێکە ڕێگای ئەدات بە ئاسانی لەسەر چوار پەل بڕوات •

● ئەوی ڕاستی بێ ، تۆزی لە مەیمونمان ئەکرد !

ئەو زانایانە گەیشتونەتە ئەوەی کە مرۆڤ مەیمونی تەواو نەبوە ، بەڵام لەزۆر زۆر کۆنەوە لەشێوەدا تۆزێ چۆتەوە سەر مەیمون ، لەڕووی توکنی و ناوچەوان پانیدا بەڵام بەرەبەرە و لەگەڵ گۆرانی ڕۆژگار شێوەی ئەمیش گۆڕا•

زاناکان ئەڵێن ، مرۆڤ لەگەڵ گۆڕانی ڕۆژگارو ژیاندا شێوەو هەتا هەڵسو کەوتیشی گۆڕا •

ئەو زانایانەی ساغیان کردۆتەوە ، مرۆڤ توخمی مەیمون نەبوە ، بە ژمارە پێش کەللە سەری مرۆڤ ٨٠٠ تا ٩٠٠ سم٣ بووەو درێژی ١٥٠ تا ١٦٠ سم •

● لە ١٢٠ هەزار ساڵەوە هەندێ گۆرانی تێکەوت بەم جۆرە :

کەللە سەر ١٢٥٠ سم٣ باڵا ١٦٥ سم •

● لە ٣٠ هەزار ساڵەوە : کەللە سەر ١٥٩٠ سم٣ درێژی ١٨٠ تا ١٩٤ سم •

● ٥٠٠ هەزار لەمەو

بیری نوێبەستاو دەرگایەکی لە سەر پشت

● ساڵی ١٩٧٥ ، ساڵی ئافرەتانی دنیایەو قسەو باس دەربارەی یەکسانی بەردەوامە ، خوشکە « ئەمیرە محەمەد ئەمین » قوتابی زانکوی سلەیمانی « ئادابی » نامەیەکی بۆ ناردووین ، بە ڕووکراوەییەکی ڕاستەو دڵسۆزانەوە ئەڵێ (ئەنووسەرەو ئەشاعیر ، من کچێکی ئەدەب دۆستم) جا خوشکە (ئەمیرە) لە نامەکەیدا گلەی لە ئافرەتە خوێنەوارو ڕۆشنبیرەکان ئەکا •

● خوشکە (ئەمیرە) ئەڵێ : (لەوانەیە ، هەندێکتان نوسینەکەم بخوێننەوەو بڵێن ئەم کچە هەر ئەیەوێ خۆی دەرخاو بڵی منیش هەم •• بەڵام خوشك و برایان ، لە سەر خۆبیر بکەنەوە ••• مەسەلەکە بەو جۆرە نیە ، با بەبەرچاو خستنی نموونەیەك دەست پێ بکەین :

- چەند ڕۆژێك لەمەو بەر ، نووسراویك لەسەر جامخانەی کتێبخانەکانی شار سەرنجی ڕاکێشام ، نووسراوەکە داوا لە هەموو ئەدەب دۆستێك ئەکا لەو کۆڕە ئەدەبیەدا بەشدار بن کە یەکیتی نووسەران بۆ لیکولینەوە لە چیروکی کوردی ئامادەی کرد بوو ، کە نووسراوەکەم دی ، بیری ئەوەم کردەوە دەستە خوشکەکانم ئاگادار بکەم بۆ ئەوەی ئێمەش بچین بۆ ئەو کۆڕەو لەگەڵ ڕۆشنبیرو ئەدەب دۆستەکان ، (هەر هیچ نەبێ) گوێ بگرین •• بەڵام لاتان سەیر نەبێ ، ڕۆژێ کۆڕ دەستی پێ کرد ، لەناو خەلکەکەدا شەرم دای گرتم ، شەرمم لە برا گەورە گرەکان نەکرد ، چونکە من بڕوام بە یەکسانی نێوانمان هەیەو بڕواشم بە خۆم بەهێزە بەڵام شەرمی ئەوە دایگرتم ، تەنیا بووم ، نەمتوانی خوشکان رازی کەم « یان رازی نەبوون » بێن بۆ کۆڕی ئەدەبیو ڕۆشنبیری !!)

● خوشکە « ئەمیرە » لەو باوەڕەدایە ئافرەتانی ئەم کۆمەڵە بەو جۆرە دورەو پەرێز بوەستن ، ناتوانن سەربەستی خۆیان لە چوار چێوەی مەسئولیەتی کۆمەڵایەتیدا زامن بکەن ، لەدوایدا ئەڵێ :

(ئێمەی ئافرەت ئەبێت خۆمان هەڵی ئەوەبەین بێنە کۆڕی تەقەللاوە بۆ چارەسەری گیروگرفتەکانمان ، من وائەبینم زۆر پێویستە هەریەکەمان لای خۆمانەوەو ئەوسا هەموومان بەتێکڕایی و دەست لەناو دەست لەو بارە دواکەوتوە کۆمەڵایەتیە یاخی ببین تا پاشەڕۆژێکی سەربەست بۆ ئافرەت زامن بکەین) •

● هاوکاری :

هەفتەی داهاتوو کاك « کەمال میراودەلی » لەم گۆشەیەوە دەربارەی « ساڵی ئافرەتانی دنیا » ئەدوێ •

بو زانین

چوار دەفتەری نفوسم وون بوە بەناوی (أحمد غفور أمین وثامانج أحمد غفورو کرمانج أحمد غفورو زکیە خفاف قادر) تابعی محلەی ملکندی سلیمانی •• تکایە هەر کەسی دۆزیەوە تسلیمی کتیبخانەی گەلاویژ ، یاخود تسلیمی تەلەفونی ٢١٣٠٢ بکات •

أحمد غفور أمین

دەفتەرە شیعرێکی ون بوو

دەفتەرێکی شیعرم لێ ون بووە بەشێ
لە شیعرە بڵاو کراوەو بەشێکیش
لە شیعرە بڵاو نەکراوەکانمم تیا
نووسیبووەوە ، ئامادەم کردبوو
بۆ چاپ • تکا لەوە ئەکەم دۆزیویەتەوە
بیهێنێ بۆ بەڕێوەبەرایەتی ئەم
ڕۆژنامەیە • زۆر سوپاسی ئەکەم •

ئەنوەر قادر محەمەد

institut kurde de paris